ڕێبەر

ژمارە ١٣

پاییزی ٢٠٢٢

گۆڤارێکی وەرزی پێشمەرگانەی هەمەڕەنگە

مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە دەریدەکات

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
19 75
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
Peace Democracy Human Rights And Self Determination

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

وەستا ڕەسوڵ

لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە

ئامانجی ئێمە ئەوەیە لەڕووی فکری و مەبدەئییەوە هێزی پێشمەرگە بە باشترین شێوە پەروەردە بکەین.

گۆڤارێکی وەرزی پێشمەرگانەی هەمەڕەنگە
مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە دەریدەکات

Email: govaryrebar@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز:مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە

سەرنووسەر: بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا
٠٧٧٠١٥٣٣٥٣٢

بەڕێوبەری نووسین: ئیسماعیل خالید
٠٧٧١٩٦٨٥٩٣٨

سەرپەرشتیاری کۆمپیوتەر: گۆران عەبدوڵڵا

دیزاین و کاری هونەری: سەرمەند سەلیم

کۆمپیوتەر:
شنە محەمەد نەجات
هیوا ئەحمەد مەحمود
شەماڵ ئەشرەف
ئیدریس جەبار

پێرست

بابەت	ناوی نووسەر	ژ.لاپەڕە
١- دیداری ڕێبەر	ئیسماعیل خالید	٤
٢- ستراتیژ	د. جەزا تۆفێق	٨
٣- ڕۆڵی هەتیو لە مێژوودا	د. کامەران محەمەد	١٨
٤- سرودی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات	پ.ی.د. عەبدولواحید	٢٤
٥- ئاوابوون	هێڤار محەمەد	٣٨
٦- بیرەوەرییەکانی مستەر همفر	بەرزانی عەباس بەدری	٤٤
٧- مەترسییەکانی ئازادیی کەسی سەربازی لە سۆسیال میدیا	ئاوات کۆکەیی	٥٦
٨- گۆشەی نەمران	بەشی شەهیدان	٦٠
٩- چەند زانیارییەک دەربارەی ناتۆ	عەبدوڵڵا کۆمەڵە	٦٢
١٠- خۆکوشتن	عوسمان محەمەد	٧٠
١١- هۆکارەکانی ململانێی ناو حزب	ئەحمەد مەلا	٧٢
١٢- سەردەمی ڕۆبۆتەکان	ئیدریس جەبار	٨٠
١٣- دەزگای تەندروستی پێشمەرگە	شنە محەمەد نەجات	٨٦
١٤- دەزگای هەواڵگری موساد	ئاودێر بەرزان	٩٤
١٥- مێدیتەیشنەکانی دیکارت	گۆران زیاد شێخانی	٩٨
١٦- سەربازە ونەکان	سەربەست باڵخی	١٠٤
١٧- لەبارەی میدیای کوردییەوە	ئازاد ئیبراهیم	١١٢

چاکسازی پێویستە

سەرنووسەر

پێداچوونەوە بە کاری حزب و ڕێکخستنەوەی سیاسەتەکانی، گرنگییەکی زۆری هەیە لەم قۆناغەدا. پێویستە چەند ساڵ جارێک پێداچوونەوە بکرێت، بە مەرجێک پێداچوونەوەکە لەسەر ئەساسی چاکسازی بێت و دووربێت لە دەستەگەریی، تا کاری حزبی گروتینێکی نوێ وەربگرێت.

هەروەها لەناو هێزی پێشمەرگەدا پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوە پێویستە و دەبێت ئەو کەسانە دەستنیشان بکرێن کە دەتوانن خزمەتی کورد و ئەو حزبە بکەن کە لەناویدا خەبات دەکەن، بە هەمان شێوە دەبێت ڕەچاوی کەسی دڵسۆز بکرێت، هەرچەندە بەداخەوە زۆر جار لەسەر حیسابی وەلای شەخسی ئەو کەسانە دادەنرێن کە خزمەت بە حزبەکە ناکەن و بگرە زیان بە پێگە و ناوبانگی حزبەکەش دەگەیەنن.

لەئێستادا زۆر پێویستە سەرۆک بافڵ بە چاوێکی دووربینانە ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدات و سەرلەنوێ هەیکەلی حزبی دابڕێژێتەوە، بەو هیوایەی ئەم پرۆسەی چاکسازییە هەموو جومگەکانی حزب بگرێتەوە، تا بە ویژدانەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسە ماندووەکاندا بکرێت و کەسی شیاو دابنرێن، نەک لەسەر حیسابی مەزاجی شەخسی.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لەدروستبوونییەوە، واهاتووە کە ساڵ بە ساڵ خۆی نوێکردۆتەوە، لەئێستاشدا دەبێت هەوڵمان بۆ ئەوەبێت یەکێتی بکەینەوە بەو یەکێتییەی هیچ نەیارێک لەبەردەمیدا خۆی نەگرێت، لەڕێی چاکسازیشەوە دەکرێت ئەم هەنگاوە هەڵبنێین.

دیداری ڕێبەر

ئامادەکردنی: ئیسماعیل خالید

لەدیداری ئەم جارەی گۆڤاری ڕێبەردا چاومان کەوت بەبەڕێز کاک وەستا ڕەسوڵ ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە بە مەبەستی زیاتر بەئاگابوونی فەرماندەو کادران و هێزی پێشمەرگەی کوردستان. لە چاکسازی و گۆڕانکاریەکانی وە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و مەڵبەندەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

پ- بەڕێز کاک وەستا ڕەسوڵ مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە لەکوێی ئەو گۆڕانکاریانەدایە کە لەنێو هێزی پێشمەرگەدا دەستی پێ کردووە؟

و- زۆر سوپاس بۆ ئێوە و بۆ ڕێبەرەکەتان بێ گومان مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە و کۆی هێزەکانی (٧٠) پاکێجێکن بۆ ڕێکخستنەوە. مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە دەبێت لەگەڵ دوو لایەندا کار بکات.

لایەنێک لەگەڵ فەرماندەی گشتی کە ئێستا لیوایەکی تازە درووست دەبێت کە ئەو لیوایە بەشێکە لە مەڵبەند و دەبێت ڕێکخستنەکانی ناو هێزی پێشمەرگە ڕێک بخاتەوە لایەنەکەی کە مەکتەبی ڕێکخستنە کە کۆی

مەڵبەندەکانی کوردستان ڕێک دەخاتەوە مەڵبەندی پێشمەرگەش بەدەر نیە لەم ڕێکخستنەوەیە بۆیە ئێمە چاوەڕێی بەرنامەکەی مەکتەبی ڕێکخستن دەکەین وەلایەنە ئەساسیەکەی مەڵبەندی پێشمەرگە کاری مەیدانیە کاری ناو لیوا و کۆمیتە و کەرتەکانە بۆیە لەگەڵ تەشکیلەی هەر لیوایەکدا ئێمە خۆ ڕێکخستنەوەمان بەردەوامە و کارمان لەسەر کردووە و بەباشیش کارەکانمان ڕۆشتووە ئەوەی کە دەمێنێتەوە کادرەکانی ناو مەڵبەندە وەک و جێگر و کارگێڕ و ئەندام مەڵبەندەکانە ئەو کاتەش بەپێی ئەو سیستەمەی کە بۆ هەموو مەڵبەندەکانی تری کوردستان دادەنرێت مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەش بەو سیستەمە ڕێکدەخرێت.

پ- ئەو گۆڕانکاریانەی کە دەکرێن چین؟ لەکوێدا خۆی دەبینێتەوە؟

و- گۆڕانکاریەکان بەم شێوەیەن: بۆهەر مەڵبەندێک سێ جێگر و دە کارگێڕی دەبێت وە ئەندامی بەشیشی دەبێت وە ئەم دە کارگێڕە دەبنە لێپرسراوی بەش لەناو مەڵبەنددا و مەڵبەندەکەی ئێمە ڕەنگە تایبەتمەندی هەبێت بۆیە بە ڕەچاوکردنی ئەو تایبەتمەندیە داوای جێگر و کارگێڕی زیاترمان کردووە چوونکە ئێمە جگە لەبارەگای سەرەکی مەڵبەند سێ بارەگای تریشمان هەیە.

بارەگایەک لە ڕانیە و یەکمان لەهەولێرە و یەکمان لە قەرەهەنجیرە. بۆئەم بارەگایانەش کارگێردائەنێین. لەئێستادا لەبری کارگێڕ جێگر لێپرسراوی بەشەکانە بۆیە ئێمە بەرنامەمان هەیە کارگێڕەکان کاری خۆیان بکەن و جێگریش بەهەموو مانایەک جێگربێ هەرکات من لێرەنەبووم ئەو ئەرکەکان بگرێتە ئەستۆ. خاڵی دووهەم تایبەت مەندیەکانی مەڵبەندی پێشمەرگە ئەوەیە ئێمە سێ جۆر ڕێکخستنمان هەیە

١-تایبەتمەندی هێزەکانی حەفتا

٢-ئەوهێزانەی لە وەزارەتی پێشمەرگە کاردەکەن

٣-هێزەکانی بەرگری و فریاکەوتن

جگە لەوەی چوارکۆمیتەشمان لەسەر بەغداد هەیە بۆیە جێگرەکانی ئێمە دەبێ کاری ڕێکخراوی وکاری حزبی بکەن وەئەمەش لەمەودوا دەکەینەبەرنامەی ئەساسی خۆمان

پ- چۆن مامەڵە لەگەڵ ژمارەی جێگرو کارگێرو ئەندام مەڵبەندەکان دەکرێت؟

و- بەنسبەت کادرە زیادەکان لەجێگرو کارگێڕئەنجومەنێک لەنێو ئەم مەڵبەندە دروست دەکرێت بەناوی ئەنجومەنی پشتیوانی یان ڕاوێژکاری.

ئەم ئەنجومەنە بەرپرسێکیان دەبێ و مانگانە یەک جار کۆبونەوە ئەنجام دەدەن وەئیشی ئەساسی مەڵبەند وەرناگرن. پێم وانیە ئێمە ئەنجومەنی مەڵبەند

کادرمان زۆر لێ زیادبێ بەنسبەت کارگێڕو ئەندام مەڵبەندەکانەوە ڕەنگە کەمیشمان هەبێ ویێویستمان بەکارگێڕو ئەندام مەڵبەندی تریش هەبێت.

پ- بەڕێزتان لەو ماوەیەدا کە ئەرکی لێپرسراوێتی مەڵبەندتان لە ئەستۆ گرتووە جموجۆڵێکی هۆشیاری و ڕوناکبیری بەکارەکانتانەوە دەبینرێت ئایە بەردەوام دەبن یان لەچوارچێوەی چەند خولێکدایە؟

و- ئێمە بەپێی توانا بەرنامەی وەرزی دائەڕێژین بۆ نمونە ئەم بەرنامەیە هەتا مانگی نۆ بوو. ئەم بەرنامەیەمان کە دەستمان پێکردووە بۆ هەر ئەفسەرێک پێکهاتبوو لە نۆ محازەرە. لەدوای ئەمە بەرنامەیەکی کە دائەڕێژین بەپێی وەرزەکان بەرنامەکانمان وەرزیە بۆ خولەکانی داهاتوو تەرکیز دەخەینە سەر چەند مادەیەکی کە. وە بەردەوامیش دەبین و پێمان وایە مەڵبەندی پێشمەرگە مەڵبەندی لایەنە فکریەکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە وەکو چۆن پێشمەرگە پێویستی بە مەشق و ڕاهێنانە ئاوهاش پێویستی بە پەروەردەی وشیاری هەیە خوا لێخۆشبوو هەڤاڵ مام جەلال ئەیفەرموو پێشمەرگە بەبێ مەشق گۆجە و بەبێ زانیاری کوێرە بۆیە ئامانجی ئێمە ئەوەیە لەڕووی فکر و مەبدەئەوە هێزی پێشمەرگە بە باشترین شێوە پەروەردە بکەین.

پ- زۆر جار کە لێپرسراوێک دەچێتە شوێنێک سەرەتا بە گوڕوتینەوە دەچێت بەڵام پاش ماوەیەک بە هەر هۆکارێک بێت بەو شێوەیە بەردەوام نابێیت، ئایا بەڕێزتان هەر بەردەوام

دەبن؟

و- من هەموو کارەکانی پێشووترم شایەتی ئەوەن کە هەرگیز لە گوڕوتین ناوەستم و بەردەوام دەبم مەگەر ڕام بگرن إن شاءلله ڕام ناگرن

پ- بەرنامەت بۆ مەڵبەندی پێشمەرگە چیە لە ئایندەدا؟

و- سەرەتا بارەگای مەڵبەند بۆ مەڵبەندێکی وا گەورە لەبار و گونجاو نیە. چونکە ئەم بارەگایەی ئێستا مەڵبەندی تێدایە پێشتر مقەڕی سریە بووە جێگەی مەڵبەندی تێدا نابێتەوە مەڵبەند پێویستی بە شوێنێکی گونجاو و لەبارترە. ئێستا کاری لەپێشینەمان ئەوەیە بینایەکی گونجاومان دەستنیشان کردووە لەگەڵ ئیدارەی گشتیدا لە گفتوگۆداین بۆ نۆژەن کردنەوەی بیناکە مەرحەلەی یەکەم بیناکەیە چونکە بینا هەیبەتە بۆ مەڵبەند. نازانم چۆن ئەوە قبوڵ کراوە کە مەڵبەندێکی وا گەورە بێتە جێگەی سریەیەک!

مەرحەلەی دووهەم پرۆژە و چاکسازیەکانی مەکتەبی ڕێکخستنە کە ئێمە هاوکاریان دەبین.

مەرحەلەی سێهەم دابینکردنی هۆڵێکی گەورەیە بۆ کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ ئەفسەرەکانی ناو هێزی پێشمەرگە گەشە بەلایەنە فکریەکەی فەرماندە و سەربازەکانی هێزی پێشمەرگە بدەین وە لەئایندەشدا بەرنامەمان هەیە کە ڕادیۆیەکی تایبەت بە مەڵبەندی پێشمەرگەمان هەبێت تا بتوانین هێزی پێشمەرگە لە هەر جێیەک بێت پەیامی مەڵبەندی پێشمەرگەی پێ بگات تا بتوانین بە گۆڤار و بە ڕادیۆکە گەشە بەلایەنە فکریەکانی هێزەکانمان بدەین.

پ- دوا وتەت بۆ گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە چیە؟

و- بەردەوام گەشە بەگۆڤارەکەتان بدەن و لایەنی فکری و مەبدەئی هێزی پێشمەرگە زیاتر گەشە پێ بدەن وە پێم باشە بەشداری بە مامۆستا ئاینیەکان بکەن مامۆستا ئاینیە کوردەواریەکانی خۆمان باپەیامی ئاینە پیرۆزەکەی ئیسلام وەکو خۆی بگات بە هێزی پێشمەرگە تاکو هێزەکانمان توشی چەواشە کاری نەبێت وە دینی پیرۆزی ئیسلام وەکو خۆی پەیڕەو بکەن چونکە دینی ئیسلام لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە کە ئێستا چەند تاقمێک و باندێک پەیدا بوون دەڵێن مرۆڤ بکوژە با دین گەشە بکات دینی ئیسلام هەرگیز ڕێگەی بە کوشتنی خەڵکی بێ تاوان نەداوە بۆیە پێویستە مەلا ڕۆشن فکرەکان بەشدارین لە گۆڤارەکەتان دا.

پرۆفیسۆر/دکتۆر حەزا تۆفیق تالیب
پسپۆڕی جیۆستراتیج و ئاسایشی نەتەوەیی

ستراتیژ
لەنێوان هەردوو چەمکی سەربازی و سیاسیدا

بەشی دووەم:

ستراتیژ بەمانا بەر فراوانەکەی:

لەسەرەتاوە وشەی ستراتیژ وەک زاراوەیەکی سەربازی بەدەر کەوت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی چەمکەکەدا وەک چەمک و زاراوەیەکی بەرفراوانتر لەبواری سەربازی لێک دەدرایەوە و بووە (پەیوەستدار بە بەدیهێنانی ئامانجەکان)٢٨. بەم پێیەش ستراتیژی سەربازی بووە لقێک لە لقەکانی ستراتیژی گشتگیر یان نەتەوەیی. پاش ئەوەی بواری ستراتیژ بەرفراوانکراو سەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازی وکۆمەڵایەتی گرتە خۆ و بواری ستراتیژ بووە جێگە بایەخی سەرکردایەتی باڵای دەوڵەت و پێناسەکەی چووە چوارچێوەی قاڵبێکی نوێوە کەدەڵێت (ستراتیژ بریتیە لە زانست و هونەری بەکارهێنانی توانا سیاسی و ئابوری

و سـەربازی و دەرونییەکانـی دەوڵـەت یـان کۆمەڵێـک دەوڵـەت بەمەبەسـتی بەدیهێنانـی زۆرتریـن پشـک لەپشـتگیری سیاسـی لەهـەردوو کاتـی جەنـگ و ئاشـتیدا)٢٩. واتـە بەکارهێنانی سـەرجەم هێـزی دەوڵـەت بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجـە نەتەوەییـە باڵاکانـی دەوڵـەت. لێـرەدا جیاوازی لەنێـوان سیاسـەت و سـتراتیژدا بـەدەر دەکـەوێـت. بـەوەی سیاسـەت ئامانجـەکان دەستنیشـان دەکات. بـەڵام سـتراتیژ بایـەخ بەرێـگاکان و خسـتنە گـەڕی تاکتیـک بۆداهاتەکانـی بەردەسـت و بەکارهێنانیـان بـە باشـترین شـێوە بەمەبەسـتی بەدیهێنانـی ئامانجـەکان٣٠. هەروەهـا دەکرێـت بڵێیـن سـتراتیژ بریتیـە لەزانسـت و هونـەری پەرەپێـدان و تاکتیـک و بەکارهێنانـی توناکانـی دەوڵەتێـک یـان چـەن دەوڵەتێـک لەکاتـی ئاشـتی و جەنگـدا. بەمەبەسـتی بەدیهێنانـی ئـەو ئامانجـە نەتەوەییانـەی کەسیاسـەت دەسـت نیشـانی دەکات٣١.

دەکریـت ئێمـەش بەدەرئەنجامێـک دەرچین و بـەم شـێوەیە پێناسـەی سـتراتیژ بکەیـن بەوەی(بریتیـە لـەو زانسـتەی یـان ئـەو هونـەرەی کەلەرێگەیـەوە سـەرجەم تواناو دیـاردە ئابـوری و جوگرافـی و مرۆیـی و دیپلۆماسـی و سـەربازیەکان دەخاتـە گـەڕ لەپێنـاو گەیشـتنە پێگەیەکـی

سـتراتیژی نەتەوەیـی (بـالا) بریتیـە لـە تێڕوانینێکـی ستراتیژی بـۆ زامنکردنـی ئاسایشـی ناوخۆ و پاراسـتنی بەرژەوەندییـە ژیاریـی و بنـەڕەتیەکانی هەرنەتەوەیـەك (گەلێـك) بەسـوود وەرگرتـن لەمێژوو و ئـەو دەستکەوتانەی کـە لـە هێـزی جوگرافیاکەیـەوە بەدەستـیهێناوە لەگـەڵ کاریگەرییـە مـێژوویی و کـۆمەڵایەتیەکانی بەمەبەسـتی پارێزگاریکـردن لـە مانـەوەی خـۆی

بەهێز لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی و گەیشتنە ئامانج). لێرەدا دەکرێت دەستنیشانی ستراتیژی هاوچەرخ بکەین لەچوار بنەمای سەرەکیدا کەبریتین لە٣٢:

١-ستراتیژ پەیوەستی ئاسایشی دەوڵەت وکۆمەڵگایە.

٢-ستراتیژ مانای کۆکردنەوەی دەرامەتی کۆمەڵگاو ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنیەتی

٣-چەمکی ستراتیژ بەگوێرەی گۆڕانکارییەکانی هەل و مەرج و دەرامەت و هەڵبژاردەکانی بەردەست گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

٤-ستراتیژ لە نێویدا چەند ستراتیژێکی تایبەتمەند دەگرێتەخۆ، کە پەیوەستی و تەواوکاریان لە نێواندا هەیە، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی هەرستراتیژییەک لەبواری تایبەتمەندی خۆیدا تا ئەوستراتیژییە گشتیە بهێنرێتە دی کە سیاسەت دەستنیشانی کردووە.

ئەوچوارخاڵەی کە خستمانە ڕوو بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە ستراتیژی گشتگیر یا نەتەوەییدا دەبینێتەوە کە بە ستراتیژی باڵاش دەناسرێت (Grand Strategy)، لەبەرئەوە پێویستە باس لە ستراتیژی نەتەوەیی بکەین.

ستراتیژی گشتگیریان نەتەوەیی:

ستراتیژی گشتگیر یان نەتەوەیی بریتیە لەوئامانجە نەتەوەییە باڵایانەی کە ئەرکی جێبەجێکردنیان دەکەوێتە سەر شانی سەرکردایەتی سیاسی، ئامانجە نەتەوەییەکانیش ئەوانەن کە دەوڵەت هەموو تواناکانی خۆی بۆدەخاتە گەڕ بەمەبەستی بەدیهێنان، و پشت بەچەند ڕەگەزێک دەبەستێت کە ئەمانەن٣٣:

١-پێویستە سەرکردایاتیەکی کردە و بەتوانا هەبێت کە پلانی ستراتیژی بەڕێوە ببات.

٢- داڕشتنی چەن پلان و پرەنسیپێک کە دەستنیشانی ئامانجە نەتەوەییە باڵاکانی دەوڵەت بەشێوەیەک بکات، بگونجێت لەگەڵ پرینسیپەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا.

٣- ئەم پرێنسیپانە ڕەها نەبێت، بەڵکو بەگوێرەی هێزی بەردەست و توانا نەتەوەییەکان و قەبارەی مەترسییە دەرەکیەکان و ئاستەنگە نێوخۆییەکان و سروشتی سیستمی نێودەوڵەتیەوە دادەڕێژرێت.

خەسڵەتەکانی ستراتیژی گشتگیر یان نەتەوەیی:

ستراتیژی گشتگیر، کەهەندێک

لەپسپۆڕانیش بەستراتیژی باڵاش ناوی دەبەن چەند خەسڵەتێکی دوور مەودا و گشتی دەگرێتە خۆ لەوانەش٣٤:

١-گشتگیری: پێویستە ستراتیژی گشتگیر سیمای ئەوەی پێوە دیار بێت کەدیدێکی بەر فراوانی هەیە و وێنەی هەموو ژینگە سیاسیەکە دەبینێت و بەتەنها پەیوەست نابێت بەلایەنێک و لایەنەکانی دیکە پەراوێز بخات.

٢-دوور مەودا بێت: وا پێویست دەکات تەنها پەیوەست نەبێت بەگرنگیدان بەبابەتەکان بەتەنها. بەڵکو وا پێویست دەکات ڕەگەزی کاتیش بەهەند وەر بگیرێت.

٣-هەستیاری ڕێگاکان: مەبەست لەو ڕێگاو میکانیزم وکەرەستە سیاسی و دەرامەتانەی دەوڵەتە کەلەبواری پیادەکردنی ستراتیژی باڵا بەکار دەهێنریت و دەبێت بەشێوەیەکی گونجاو مامەڵیان لەگەڵدا بکرێت.

٤-ئامانجەکان: پێویستە جەخت لەو ئامانجانە بکرێتەوە کە ویستی بەدیهێنانیان هەیە لەمەودای دووردا. واتە گرنگیدان بە ئامانج و مەبەستەکان کەوەک خاڵی ستراتیژی بایەخدار چەسپێنراوە و واپێویست دەکات وەک ڕەگەزەکانی ستراتیژی باڵا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

٥-پەیوەستی لۆژیکی: مەبەست لێی جەختکردنەوەیە لەنێوان (ئامانج) و (ڕێگا یان هۆکار). کە دوو ڕەگەزی گرنگن لەپرۆسەی پیادە کردنی ستراتیژدا و نابێت دوو ڕگەزەکە تێکەڵ بەیەکتری ببن و جێگەی یەکتر بگرنەوە.

٦-کارلێککردن: پێویستە جەخت و بەئاگایی بگیرێتە بەر سەبارەت بەو هەوڵە دژ کاریانەی بەرامبەر ستراتیژی باڵا دەگیرێتە بەر. واتە پێویستە کارلێککردن لەگەڵ دژەکاری دوژمندا بکرێت. واتە پرۆسەی بەردەوامی ستراتیژی باڵا کاریگەری نێگەتیڤانەی دوژمنی لەسەر دوور بخرێتەوە.

جۆرەکانی ستراتیژ:

ستراتیژی نەتەوەیی (باڵا) بریتیە لە تێڕوانینێکی ستراتیژی بۆ زامنکردنی ئاسایشی ناوخۆ و پاراستنی بەرژەوەندیە ژیاری و بنەڕەتیەکانی هەرنەتەوەیەک (گەلێک) بەسوود وەرگرتن لەمێژوو و ئەو دەستکەوتانەی کە لە هێزی جوگرافیاکەیەوە بەدەستیهێناوە لەگەڵ کاریگەریە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکانی بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە مانەوەی خۆی٣٥. دەکرێت جۆری ستراتیژیەکان بەم شێوەیە پۆلێن بکەین:

> ستراتــــیژی ســەربازی بــەو پێیــەی بریتییــە لــە دابەشکردن و بەکارهێنانی توانــا هــۆکارە ســەربازییە جۆراوجـــۆرەکان لەپێنــاو بەدیهــــــێنانی ئامانجــی سیاســەتدا بــە باشــترین شــێوە، کــە تێیــدا جــۆرە گونجاندنێــک لــە نێــوان تـــــواناکان و ئامانجــدا بســازێنرێت و کەمتریــن بەرگــــــری و لەڕێگــەی مانــۆڕەوە و ســەرکەوتن بەدەســت بهێنرێــت

یەکەم//ستراتیژی سیاسی:

ئەم جۆرە لەستراتیژ خۆی لەو پرێنسیپ و پیلانانەدا دەبینێتەوە کە کەدەوڵەت دەیگرێتە بەر لەبواری پیادەکردنی لەنێو خۆی وولات و لەئاستی پەیوەندی نێودەوڵەتی و دەرەکیدا. پێش کلاوزەفیچ ڕای باو وا بوو کە سیاسەتی دووچاری پەککەوتن دێت. کاتێک پەیوەندی نێوان نەتەوەکان بە بەکارهێنانی چەک دەست پێدەکات. بەڵام ئەوە ڕوون بووەوە کە جەنگیش درێژکراوەی سیاسەتە و پەیوەندی دەوڵەتە بەشەڕهاتووەکانیش کۆتایی نایەن و ڕاناوەستن. گرتنە بەری ڕێگای شەڕ بەشێکە لە ستراتیژی گشتگیر و ئەو وڵاتانەی پیادەی دەکەن وەک بەشێک لە ستراتیژی باڵا لێی دەڕوانن. بەڵام ستراتیژی لە پێشینە دەدەنەوە ستراتیژی سیاسی٣٦.

سەبارەت بە سیاسەتی ناوخۆی وڵات. دەوڵەت بەرنامەی سیاسی تایبەت بەخۆی هەیە وهەڵقوڵاوی فەلسەفەی سیاسەتی. پرۆژەی بە دیهێنانی ئامانجە سیاسیەکان لەنێوخۆی وڵاتدا. کە خۆی دەبینێتەوە لە بەرقەرار کردنی ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی تاکو هێنانە کایەی دۆخێک کە هاوڵاتی بگاتە ئاستێکی نمونەیی. ئەم پرۆسەیەش

ئەرکـــی ســـتراتیژی سیاســـییە. لێـرەدا هاریـــکاری نێـــوان هـــەردوو ســـتراتیژی ســـەربازی و سیاســـی دەبێتـــە کارێکـــی پێویســـت بـــۆ سەرخســـتنی ســـتراتیژی بـــاڵای وواڵت٣٧.

دووەم ستراتیژی سەربازی:

ســـتراتیژی ســـەربازی بـــەو قۆناغـــەی کـــە ململانێـــی ســـەربازی تێـدا ئەنجـام دەدرێـت و مـــەودا و ڕووبـــەری پەیوەســـتە بـــە جەنگـــەوە و بایەخـــی ئـــەم جـــۆرە لەســـتراتیژ لـــە بـــواری چارەســـەرکردنی مەســـەلەکانی پەیوەســت بەدابەشـــکردن و بەکارهێنانـــی توانـــا ســـەربازییەکانەوە بەدەردەکەوێـت. لەکاتـــی بەدیهێنانـــی ئامانجـــی ســـتراتیژییە باڵاکانـــدا.

ســـتراتیژی ســـەربازی ئامـــڕازی (ڕێـــگای) ســـتراتیژی باڵایـــە لەبـــواری ســـەرکەوتن لـــە بەرەکانـــی جەنگـــدا و بەدیهێنانـــی ئامانجـــی سیاســـی. بەوپێیەیی بەشـــێکە لـــە ئامانجـــی سیاســـی و بەگوێـرەی پـلان و پرۆگـــرام بـــۆ دارێـــژراو و بـــە شـــێوەیەکی کردەیـــی کاردەکات و سیاســـەتی هێـــز ئاراســـتە دەکات.

ســـتراتیژی ســـەربازی بـــەو پێیـەی بریتییـە لـــە دابەشـــکردن و بەکارهێنانـــی توانـــا هـــۆکارە ســـەربازییە جۆراوجـــۆرەکان لەپێنـــاو بەدیهێنانـــی ئامانجـــی سیاســـەتدا بـــە باشـــترین شـــێوە. کـــە تێیـــدا جـــۆرە گونجاندنێـک لـــە نێـــوان تواناکـــان و ئامانجـــدا بســـازێنرێت و کەمتریـــن بەرگـــری و لەڕیگـــەی مانـــۆڕەوە و ســـەرکەوتن بەدەســـت بهێنرێـت لەبـەر

دەتوانین بڵێین ستراتیژی ئابووری ئەو چالاکی و ئاراستەیەیە کە پەرەپێدان و دابەش کردنی سەرجەم توانا ئابووریەکانی وڵات بەڕێوە دەبات، لەپێناو گەشە و خۆشگوزەرانی ئابووری نیشتمانی، وەک بەهێزکردنی هەردوو کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی و پێشفستنی پیشەسازی سەربازی و زامنکردنی ئازوقەی سوپا و دابەشکردن و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بەهێزی کار.

ئەوەی سیاسەتی سەربازی پیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە سیاسەتی گشتی وڵاتەوە و ئەو تایبەتمەندیانەی کە وڵات هەیەتی. بۆ نمونە ئەو وڵاتانەی کە پیادەی سیاسەتی سەربازی هێرشبەرانە دەکات. ئەوا سروشت پێکهاتەی هێزەکەی ئەوەی بە بەسەردا دەسەپێنێت. بەڵام ئەگەر سیاسەتی سەربازی بەرگریکەرانە بێت ئەوا هێزی سەربازی بە شێوازی بەرگریکەرانە پەیڕەو دەکات.

گرتنەبەری هەر سیاسەتێکی سەربازی لە هەر وڵاتێکدا پشت دەبەستێت بەبڕوای سەربازی (Military Doctrine)، کە بریتیە لە سەرجەم ئەو پرێنسیپ و سیاسەت و کارە هونەری و شێوازانەی کە لەڕێگایانەوە سوپا دەتوانێت ئاڕاستەی کارەکانی پێ بکات. ولە بیر و باوەڕ و شارەزایی پێشکەوتووی پراکتیکی و توێری بڕیار لەسەر دراوی هەڵێنجراوەوە وەردەگرێت٣٨ و کاریگەر دەبێت بەچەند هۆکارێک لەوانە٣٩:

١-کاریگەری ستراتیژی نەتەوەیی کە لەڕێگەیەوە چوارچێوەی هێزەکانی سوپا و قەبارە و پەیوەندی نێوان چەندایەتی و جۆراوجۆر لە سوپادا دەستنیشان دەکرێت.

٢-ئەو ژینگە و ناوەندەی وڵات لە خۆ

دەگرێت لە جۆری پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوروبەردا، لەبەرئەوە بڕوای سەربازی گرنگە لای ئاگاداری دوژمنی ڕاستەقینە یان دوژمنی ئاینده بێت وە لە نیاز و خواست و بڕوای سەربازیان تێبگات و ئاگاداربێت.

٣- سروشتی جوگرافی وولات وەک سنوور و شێوەو شوێنی وڵات سەبارەت وشکانی و دەریا.

٤- دانیشتوانی وڵات لە رووی ژمارە و دابەشبوونی جوگرافی و تێکڕای زیادەی دانیشتوان.

٥- بنەما ڕوشنبیری و کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان.

سێیەم// ستراتیژی ئابووری:

بەدیهێنانی ستراتیژی ئابووری مانای کارکردن لە پێناو بونیادنانی ئابووریەکی بەهێز بۆ وولات و گرنگترین خاڵی ستراتیژی ئابووری کارکردنە لەپێناو ئابووریەکی بەهێزی ناوخۆ. مەبەستی دابینکرن و زامن کردنی پێداویستیە سەرەکییەکانی دانیشتوان و پاشان توانای بەدەست هێنانی ئاستێکی بەهێز لە پایەی ئابووری تا بتوانرێت ڕکابەری لەگەڵ هێز و جەمسەرە ئابووریەکاندا بکرێت.

لێرەوە دەتوانین بڵێین ستراتیژی ئابووری ئەو چالاکی و ئاراستەیەیە کە پەرەپێدان و دابەش کردنی سەرجەم توانا ئابووریەکانی وڵات بەڕێوە دەبات.

لەپێناو گەشە و خۆشگوزەرانی ئابووری نیشتمانی، وەک بەهێزکردنی هەردوو کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی و پێشخستنی پیشەسازی سەربازی و زامنکردنی ئازوقەی سوپا و دابەشکردن و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بەهێزی کار، بەمەبەستی پارێزگاری کردن و زامنکردنی پێداویستیەکانی تاکی کۆمەڵ لە (خۆراک و خانوو و چارەسەر کردن) کەپێداویستی سەرەکی و زامنکردنی ئاستی هەرە نزمی گوزەرانی دانیشتوانە. ئەم هەنگاوانە و بەردەوامیان جۆرێک لە ئاسایشی ئابووری بۆ دانیشتوان دابین دەکات٤٠.

هەروەها زامنکردنی ئاستی پێویست لەخۆشگوزەرانی و پارێزگاری کردن لەپرۆژە ئابوریە نیشتیمانیەکان و خۆڕاگرتن لەبەردەم ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەنرخی کالا و مادە خاوەکاندا دێتە گۆڕێ، بەهۆی کێشەی جیۆسیاسی و گۆڕان لەتەرازوی هیزی سیستمە ئابووریەکان. ئەم هۆکارانە لەدەرەوەی ویستی وڵاتانن. بەڵام ستراتیژی ئابووری بەهێزی پێش وەخت توانای ئەوەی دەبێت لەئاسەوارەکانی ئەم گۆڕانکاریانە بەلایەنی کەمەوە تا رادەیەک کەم دەکاتەوە.

چوارەم/ ستراتیژی دەرونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری:

ئەو ستراتیژییەیە کەتیایدا دۆخی دەروونی دانیشتوان و سوپا لەبەرەکانی جەنگدا بەهەند وەردەگیرێت. ئەویش لەڕێگەی گەشەپێدانی دۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دانیشتوان بەبەها و ئاکار و پرینسیپ نەریتی شارستانی و بەرزکردنەوە ئاستی مەدەنیەت و شارستانی دانیشتوان کە لەگەڵ ئایدۆلۆژیا و ستراتیژی نەتەوەییدا بگونجیت. سەبارەت بەستراتیژی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر کاریگەری ڕۆشنبیری بکرێتەوە لەسەر ڕەفتاری تاک و لە دەرەنجامیشدا لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی. لەبەر ئەوە ستراتیژی ڕۆشنبیری دەبێت لە سەرەتاوە کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری بکات و بونیادی ڕۆشنبیری دانیشتوان بەهێزتر بکات. ئەگەر ئەم لایەنەی نێو کۆمەڵگە پشتگوێ بخرێت، ئەوا کاریگەریە نێگەتیڤەکانی هەردوو هۆکاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەبنە مەترسی لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ٤٠.

سەرچاوەکان

٢٨_webster new colleagiate dictionary , (spring field massachusts), ١٩٨١, p ١١٤١.

٢٩- د. محمد السيد سليم، مفهوم التوازن الدولي و تطبيقاته الاقليمية، مجلة العلوم الاجتماعية، كلية الآداب، جامعة الكويت، ١٩٨٩،ص١٥٨.

٣٠- د.مصطفى كامل محمد، التوازن الاستراتيجي في شرق الأوسط و دورمصر، القاهرة، مركز الأهرام للترجمة و النشر، ١٩٩٥ ، ص٢١.

٣١- د.جمال مصطفى عبدالله السلطان، الأستراتيجية الأمريكية في شرق الأوسط، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٢، ص٢١-٢٢.

٣٢- د.عصام سليمان، مدخل إلى علم السياسة، دار النضال للطباعة، ط١، بيروت، ١٩٨٩، ص٩٢.

٣٣- د.عبدالقادر محمد فهمي، المدخل في دراسة الأستراتيجية، بغداد، ٢٠٠٩ ، ص٢٧-٣٠.

٣٤- د.عبدالله نصار المردحي، الاستراتيجيات المتناقضة، دارالبيان للنشر والتوزيع، ط١، بيروت، ص١٥٠.

٣٥- د.اسماعيل محمد السيد، الإدارة الأستراتيجية (المفاهم وحالات تطبيقة)، المكتب العربي الحديث، ط١، بيروت، ١٩٨٤، ص١٧٥.

٣٦- د.عبدالقادر محمد فهمي، مصدر سابق، ص١٩٤-١٩٥.

٣٧-ليدل هارت، الأستراتيجية و التأريخها في العالم، دار الكتاب العربي، ط٤، بيروت ،٢٠٠٠، ص٢٧٦.

٣٨- علاءالدين حسين خماس، العقيدة العسكرية وجوانبها (مباديء وممارسات) شركة دار الأكاديميون للنشر والتوزيع، عمان، ط١ ،٢٠١٨، ص١٧٠-١٧١.

٣٩- د.عبدالله نصار المردحي، مصدر سابق، ص١٦٥.

٤٠-د.علي سيد اسماعيل، الأمن القومي العربي (و واقعة و آفاقه في ظل التحولات الأقتصادية العالمية المعاصرة)، دار التعليم الجامعي، ٢٠١٩، ص٦٩.

٤١- اسماعيل محمد سيد، مصدر سابق، ص١٩٦.

د.کامەران محەمەد

ڕۆڵی هەتیو لە مێژوودا

بەشی پێنجەم

هەتیو وەک فەیلەسووف

ئیمامی غەزالی

ئەبو حامیدی طوسیی نیسابووری، بەیەکێک لە دیارترین و کاریگەرترین فەیلەسوفەکانی مێژوو و کۆمەڵگەی ئیسلامی دادەنرێت. ئەو لە خێزانێکی هەژاری (طوس) ی هەرێمی خۆراسان لە ساڵی (**1058**یان **1059**) ز لەدایک بوو. باوکی پیاوێکی خواناسی سۆفی بوو، هەموو ئومێدێکی ئەوەبوو کوڕەکانی (محەمەد و ئەحمەد) بخاتە بەر خوێندن و داهاتوویەکی گەشیان هەبێت! بەڵام هەر زوو مردن یەخەی گرت و تەمەن بواری ئەوەی نەدا منداڵەکانی بخاتە بەر خوێندن و داهاتووە پرشنگدارەکەی (محەمەد)ی کوڕی ببینێت! واتە هەر زوو بەجێیهێشتن و ئەوانیش هەتیوو کەوتن! بەڵام ئایا مردنی باوک بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی خەونە مەزنەکەی باوکی و خەونیی گەورەبوونی خۆشی لەباربچێت؟

هــەر لــە منداڵییــەوە کەســێتییەکی (بوێـر) و (زیـرەک) بـوو! هـەر لـە ناوچەکەی خۆیــدا (فیقهــی) خوێنــد و بــۆ زیاتــر فێربــوون ڕووی کــردە (جورجــان) لــەوێ بــە مامۆســتاکەی (ابــی نصــر الاســماعیلی) ئاشــنابوو. وەک قۆناغــی یەکەمــی (وەرگرتــن) هــەر شــتێکی لێدەبیســت. تۆمــاری دەکــرد. دواتــر چــووە نیســابووری پایتەختــی ســەلجوقییەکان. لــەو کاتــەدا لــە دوای بەغــداوە بــە پایتەختــی زانســت دادەنــرا! لــەوێ بــە ئیمامــی حەرەمەیــن (الجوینــی) گەیشــت و لای ئــەو زانســتی کەلامــی خوێنــد و لێبڕاوانــە کۆشــا و لــە مەزهــەب و جیــاوازی و جــەدەل و ئوســوڵ و زانســتی بــاوی ســەردەمەکەی شــارەزابوو! ئیمامــی حەرەمەیــن بــە زانســتەکەی و ڕۆچــوون لــە واتــا قوڵەکانــدا و فراوانــی زانیارییەکانــی ســەرســام بــوو! بۆیــە گوتــی: (غەزالــی دەریایەکــی لێــوان لێــوە).

کاتێکیــش ئیمامــی حەرەمەیــن لــە ســاڵی (478ک) کۆچــی دوایــی کــرد. ئــەوی چــووە بەغــدا و بەهــۆی نزیکــی لــە (نظــام الملــک الوزیــر). لــە قوتابخانــەی نیزامــی لــە بەغــدا دەســتی بــە وانەوتنــەوە کــرد. ئــەو (فیقــە و ئوســوڵ و تــەواوی تەعالیمەکانــی شــەریعەتی ئیســلامی دەوتــەوە. بــۆ مــاوەی چوارســاڵ لــە وانــە

غەزالی فەیلەسوفەکان بۆ سێ پۆل دابەش دەکات، ئەوانیش بریتین لە: دەهرییەکان، ئەوانەی باوەڕیان بە خودا نیە، دووەم پۆلیش سروشتگەراکان (الطبیعیین)، ئەمان باوەڕیان بە خودا هەیە، بەڵام باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی و نەمری نەفس نەبوو، سێیەم پۆلیش خوداییەکان (الالهیین)، ئەمان باوەڕیان بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە، بەڵام کۆمەڵێ بیروباوەڕ و بیدعەتیان هێناوە، کە دەیانخاتە خانەی کوفرەوە!

وتنـەوەدا مایـەوە. تـا بەتـەواوی ناوبانگـی لەنـاو خوازیارانـی زانسـتدا لـە تـەواوی ناوچـە ئیسـلامییەکاندا بڵاوبـووەوە! تەنانـەت ئیمـام ئەبوبەکـر بـن عەرەبـی دەڵێـت:" لـە بەغـدا غەزالیـم بینـی. لـە وانەکەیـدا چوارسـەد مێزەربەسـەر لـە گەورەتریـن و باشـترین خەڵکـی ئامادەبـوون و زانسـتییان لێوەردەگـرت". ئیمامـی غەزالـی لەسـەردەمێکدا ژیـا. ڕەوتـە فکریـی و سیاسـییەکان لەوپـەڕی گەشـانەوە و چالاکیدابـوون. بۆیـە بەشـداری لـە بوارگەلێکـی فراوانـی فکریـی سـەردەمەکەی خـۆی کـرد. لـە ئەزموونێکـی زۆری ڕۆحیـی و عەقڵـی قوڵـدا ژیـا ـ تەنانـەت بەدەسـت چەندەهـا تەنگـژەوە ناڵانـدی- کـە شـوێنەواری بەرچـاوی بەسـەر ژیـان و بیرکردنەوەکانـی و تەنانـەت مـۆرک و تایبەتمەندییـە جیامەندییەکانییـەوە جێهێشـت! هـاوکات ئـەو کاریگەرێتییـە ڕۆڵـی لـە دیاریکردنـی بـواری داهێنانەکانـی یـان گرنگیپێدانـە پسـپۆڕییەکانیدا بینـی! بەوپێیـەی ئایـا ئـەو موتەکەلیـم یـان سـۆفی یـان فەیلەسـوف بـوو؟ ئایـا ئـەو دوژمنـی هـزری عەقڵانـی بـوو. یـان سـەرخەری تەقلیـد و شـوێنکەوتن بـوو؟ یاخـود بیرمەندێـک بـوو. کـە

باوەڕی بە پێوەرەکانی ژیری هەبوو و هاوئاوازی عەقڵگەراکان بوو! یان ئەو بیرمەندێکی تیۆریی بوو یان مامۆستا و بانگخواز و چاکسازێکی کۆمەڵایەتی بوو؟ ڕەنگە زیادەڕەوی نەکەین ئەگەر بڵێین ئەو گشتێک بوو لە هەموو ئەوانە!!

ئەو ماوەیەک لە گوماندا دەژیا! لەوە دەترسا کە چاوگی ئیمانەکەی چاولێکەریی یاخود پەروەردە بێت! ئەمەش ئەوەی دەخواست، لە ڕەوتە هزرییەکانی سەردەمەکەی ڕابمێنێت! ئەوانیشی بۆ چوار ڕەوت پۆلێن کرد. کە لە چوار کۆمەڵدا خۆیان نمایش دەکرد: (کۆمەڵی موتەکەلیمین و کۆمەڵی فەیلەسوف و کۆمەڵی باطنێتی و کۆمەڵی سۆفییەکان). پێیوابووهەموو خەمێکی کۆمەڵی موتەکەلیمین پاراستنی عەقیدە و بیروباوەڕی ئەهلی سونەت و پاسەوانی کردنیەتی لەو گومانانەی کە ئەهلی بیدعەت دروستی دەکەن.

هاوکات پێیوابوو نەنگی کوفر و بێباوەڕی بە فەیلەسوفەکانەوە بەسترا و نە تە و ە!

بۆیە غەزالی فەیلەسوفەکان بۆ سێ پۆل دابەش دەکات، ئەوانیش بریتین لە: دەهرییەکان، ئەوانەی باوەڕیان بە خودا

بۆیە غەزالی پێشوایە بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان ئیمامی مەعسوم پێویست نییە، بەڵکو جیاوازییەکان دەکرێت لە ڕێگەی لۆجیکەوە چارەسەر بکرێن. لە ئەو لە قورئانەوە دەریهێناوە و لە کتێبەکەیدا (القسطاس المستقیم) ڕوونیکردووەتەوە.

نیـــە. دووەم پۆلیـــش سروشـــتگەراکانن (الطبیعییـــن). ئەمـــان باوەڕیـــان بـــە خـــودا هەیـــە. بـــەڵام باوەڕیـــان بـــە ڕۆژی دوایـــی و نەمـــری نەفـــس نەبـــوو. ســـێیەم پۆلێـــش خوداییەکانـــن (الالهیین). ئەمـــان باوەڕیـــان بـــە خـــودا و ڕۆژی دوایـــی هەیـــە. بـــەڵام کۆمەڵـێ بیروباوەڕ و بیدعەتییـــان هێنـــاوە. کـــە دەیانخاتـــە خانـەی کوفـــرەوە! لـە نێویانیشـــدا فارابـی و ئیبـــن ســـینا و ســـوکرات و ئەفلاتـــوون و ئەرســـتۆن!

ئـــەو گفتوگـــۆ لەگـــەڵ دەهرییـــەکان و سروشـــتگەراکان نـــاکات. لەبـــەر ئـــەوەی ئـــەوان زندیقـــن و چارەنووســـیان دیـــارە! بۆیـــە گفتوگۆکـــردن لەگەڵیانـــدا هیـــچ گرنگـــی و ســـودێکی نیـــە. بـــەڵام پێیوابـــوو هەنـــدێ زانســـتی خوداییـــەکان دروســـتن وەک ماتماتیـــک و لۆجیـــک و سیاســـەت و ئـــاکار. بـــەڵام هەندێکیشـــیان لـــە چەندەهـــا پرســـدا پێچەوانـــەی ئایینـــن وەک (الطبیعیـــات). بـــەلای غەزالییـــەوە هەڵـــەی زۆر و نەســـازی زۆر لـــە تێڕوانینەکانیانـــدا هـــەن. بۆیـــە لـــە کتیبـــە بەناوبانگەکەیـــدا (تهافـــت الفلاســـفة) بـــە دورودرێـــژی وەڵامـــی ئـــەو کێشـــانە دەداتـــەوە کـــە فەیلەســـەفەکان خســـتوویانەتە ڕوو! هەروەهـــا پێیوایـــە کۆمەڵـــی باطنێتـــی کـــە پێیانوایـــە زانســـتەکەیان لـــە ئیمامـــی مەعســـومەوە وەردەگـــرن! بەڵگەکەشـــیان ئەوەیـــە کـــە هەمیشـــە بۆچوونـــە ناکۆکـــەکان و جیاوازییـــە بەردەوامەکانـــی مرۆڤـــەکان و عەقڵـــە دژەکان. فیرکـــردن و مامۆســـتا دەخـــوازن!

بۆیـــە غەزالـی پێیبوایـــە بـــۆ چارەســـەری

ناکۆکییەکان ئیمامی مەعسوم پێویست نییە. بەڵکو جیاوازییەکان دەکرێت لە ڕێگەی لۆجیکەوە چارەسەر بکرێن. کە ئەو لە قورئانەوە دەریهێناوە و لە کتێبەکەیدا (القسطاس المستقیم) ڕوونیکردووەتەوە.

سەبارەت بە کۆمەڵی سۆفییەکانیش پێیوایە ڕێبازەکەیان بە زانست و کار (علم و عمل) تەواو دەبێت. ئەوان ئاستەنگەکانی بەردەم دەروون لادەبەن و لە ڕەوشتە خراپ و خەسڵەتە پیسەکان پاکی دەکەنەوە! تا دڵ لە هەموو شتێک بەتاڵ دەکرێتەوە. جگە لە یادی خودا. بۆیە بەلایەوە سۆفێتی خاوێنترین ڕێگەیە. یەکەمییان پاکردنەوەی دڵە و ڕۆچوونە لە یادی خوادا و کۆتاییەکەشی فەنابوونێکی تەواوە بە خودا!

لە ساڵی (1105) غەزالی بۆ شوێنەکەی خۆی (طوس) گەڕایەوە. لە تەنیشتماڵەکەیدا شوێنێکی بۆ پەرستش و خەڵوەت تەرخانکرد. تا لە ساڵی (1111) کۆچی دوایی کرد.

لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە مردنی باوکی غەزالی توانی خەون و ڕەوتی گەشە و پێگەیشتن و بەرەوپێشچوونی کوڕەکەی بووەستێنێت. لەکاتێکدا باوکی هەمیشە ئەو خەونەی خۆی پیدەگووت وپشتگیری دەکرد؟ یاخود ئەوە وەفایەک بوو لەلایەن غەزالییەوە بۆ هێنانەدی خەونەکەی باوکی و ئاسوودەکردنی گیانی. لەکاتێکدا هەر بە منداڵیش ئەمی جێهێشتبوو؟!

پ. ی. دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس

سروودی نیشتمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا

لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و ڕاپەڕین دژ بە ڕژیمی شا لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا، شیعری نیشتمانی و سروودی شۆڕشگێرانەش بەشدار بوون لە جۆشدان و دنەدانی میللەت بۆ هێرش و هەڵمەت بۆ سەر دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژیمی شا. سروود بێژ و گۆرانیبێژە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لەو کاتەوە بە چریکەی سۆز و ئاوازیان ڕۆڵی کاریگەر و بزوێنەریان دیتوە. ئەو هونەرمەندانەن: (ناسری ڕەزازی، نەجمەدینی غولامی، جەماڵی موفتی، ڕەشیدی فەیزنژاد، کاڵێ، تاهێری خەلیلی، کەریمی بلووری و...).

لەم لێکۆڵینەوەیە نموونەی چەند سروودێکی ئەم سروودبێژانە دەخەینە ڕوو:

١) ناسر ڕەزازی: (١٩٥٥/٦/٢١) سنە

ناسر ڕەزازی زیاتر لە ٣٣ سروود و گۆرانی شۆڕشگێری تۆمار کردووە. یەکەم سروودی خۆی لە ساڵی ١٩٧٨ بە ناوی (دێم و دێم) تۆمار کردووە:

«تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم
دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم
هەرد ئەپێوم، چیا و شاخ و چۆڵ و دەشت
دێم بەرەو کوردستان، بەرەو باخ و بەهەشت

ناوەرۆکـــی ئـــەم ســـروودە پـــڕە لـــە گیانـــی خۆڕاگـــری و نەبەزیـــن و ململانێـــی ڕۆژگـاری سـپڵە و سـتەمکار. تێکۆشـەرێکی دووروڵات کـە خـودی شـاعیر (هێمـن) خۆیەتـی. بـە هـۆی زوڵمـی ڕژێمـی شاهەنشـا لـە زێـدی خـۆی دوور کەوتۆتـەوە. خۆشـەویسـت و ئازیزانـــی جـــێ هێشـــتووە. دووریەکـــەی هێنـــدەی خایانـــدووە. لێیـــان دەپرســـێ ئـــەرێ دەبـــێ بمناســـنەوە. چونکـــە ئاوارەیـــی و تەنیایـــی ڕوخســـاریان وا گـــۆڕاوە. بـــەڵام ئـــەو هـــەر بەردەوامـــە لـــە خەبـــات. لـــە چیـاکان دانابـڕێ و شـنەی پاکـی کوێسـتان هەڵدەمـژێ و سـەری بـەرزی نـەوی ناکات.

لەم خشتەیەدا سروود و گۆرانییە نیشتمانییەکانی ناسر ڕەزازی دەخەینە ڕوو:

ژ	ناوی سرود	شاعیر	ئاواز	وتنی
١	کارگەرین جەنگاوەرین	دلزار	کۆن	ناسر ڕەزازی
٢	پەیامی ئاگرین	حسێن بەفرین خەبات عارف	کۆن	ناسر ڕەزازی
٣	ئەی شەهیدان	محمدتوفیق وردی	محمدتوفیق وردی	ناسر ڕەزازی
٤	دێم و دێم	هێمن	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٥	نیشتمان	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٦	کوردین دلێر	شێخ ئەمین نەقشبەندی	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٧	دایە ماڵئاوا	دلێر ئیبراهیم	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٨	سەدەی بیستەمە	بێکەس	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٩	کوردستانەکەم	کامەران موکری	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
١٠	لەسەر ئارێزەوە	مسلح شیخ الاسلام	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
١١	کورد گەلۆ	مسلح شیخ الاسلام	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
١٢	سلاو بۆ پێشمەرگە	فاتح و مسلح شیخ الاسلام	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
١٣	هیوا هیوا	ــــــــ	ــــــــ	ناسر ١٩٨٠
١٤	من پێشمەرگەی کوردستانم	ئیبراهیم ئەحمەد	هۆمەر دزەیی	ناسر ١٩٨٠
١٥	کوردینە کاتمان کاتە	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی	ناسر + مەرزیە + لەیلا
١٦	کەرکووک	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
١٧	ڕۆژهەلاتەکەم	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
١٨	زەحمەتکێشان چەکدارین	مسلح شیخ الاسلام	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
١٩	ئەی گەلی کورد	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٢٠	ئەی پێشمەرگەی هەڵمەتبەر	فاتح شیخ الاسلام	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٢١	جەژنی نەورۆز	ع.ع شەونم	ع.ع شەونم	ناسر ڕەزازی
٢٢	گۆمەشین	ئەحمەد بازگر	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی

٢٣	نەورۆز	پیرەمێرد	ساڵح دیلان	ناسر ڕەزازی
٢٤	دەڵاڵۆ	شێرکۆ بێکەس	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٢٥	بژین، گەریلا بژین	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٢٦	یەک وڵات یەک خەبات	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٢٧	من شەرم ناوێ	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٢٨	ئێمە ڕۆڵەی ئەرک و کار و کۆ ششین	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٢٩	گۆشەی زیندان	قانع	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٣٠	ئەنتەرناسیۆنال	مسلح شیخ الاسلام	——	ناسر ڕەزازی
٣١	ئافەرین قازی محەممەد	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٣٢	دێم هەتا ئاسۆم لێ دیارە	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٣٣	ئەی هاوڕێیان			ناسر ڕەزازی
٣٤	بۆ کرێکارانی کورد	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٣٥	دەمی ڕاپەڕینە	گۆران	غالب غەفوور	ناسر ڕەزازی
٣٦	بیست و حەوت ساڵە	فایەق بێکەس	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٣٧	سڵاو پێشمەرگەی قارەمان	(خالید حیسامی (هێدی)	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٣٨	قەومی کورد	بێکەس	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٣٩	هەڵەبجە	——	ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی
٤٠	تاکەی		ناسر ڕەزازی	ناسر ڕەزازی

نموونەی هۆنراوەی چەند سروودێک دەخەینە ڕوو:

١) تاکەی تاکەی

«تاکەی تاکەی ئێمە وا کوپلە بین

خاوەن خاک و سەربەخۆ بۆ نەبین»

ئەم سرووده پرسیارێکە و ئاراستەی هەموو کوردێک دەکرێ. بۆ تا ئێستاکە سەربەخۆ نین و چیمان لە گەلان کەمترە. هەتا کەی چەوساوە و ژێردەستە بین. لە کۆیلەکانی تر ئەوە روون دەکاتەوە. کە گەلێکی ئازاین بەڵام نەزانین. لەگەڵ یەکتر ڕاست نین و دڵ ڕەشین.

«ڕەگەزێکین خاوەن خاک و مێژوو

هەستن هەموو یەکگرن زوو بە زوو

نەسیحەت بێ بە یەکا هەڵنەچن

بە یەکیەتی لە دیلی دەرئەچین»

سروودبێژ پێمان دەڵێت مێژوو و خاکمان هەیە. کە دوو بنەمای سەرەکی بوونە دەوڵەتن. بەڵام نەبوونی یەکیەتیی نێوانمان هۆکاری بە جێماویمانە. ئەگەر یەک گرین ئازادی و سەرکەوتن مسۆگەرە.

٢) کوردین و دلێر:

ئـەم سـرووده لەکاتی رووخاندنی رژێمی شـادا لـە رادیـۆی سـنە تۆمـار کـراوە:

«کوردین و دلێر، مەردی بێچووە شێر
تێکۆشەرین، تێکۆشەر، کۆڵنەدەرین کۆڵنەدەر»

ناوەرۆکـی ئـەم سـروودەش بریتییـە لـە بەڵێـن و تێکۆشـان و نەبەزیـن تـا بـە ئامانـج گەیشـتن و بێبـاک بـوون لـە قوربانـی و خوێـن بەخشـین لـە پێنـاوی کوردبـوون و شـەکانەوەی ئـاڵای سەربەسـتی.

٣) گۆمەشین:

سـروود یـا مەقامـی گۆمەشـین بـۆ مەرگـی پێشـمەرگەیەک وتـراوە، کـە لـە گۆمـی قووڵـی (گۆمەشـین) خنـکاوە، ناوەرۆکەکـەی لـە گەورەیـی مرۆڤـ دەدوێ، پشـتیوان بـە بیـر وبـاوەڕی سۆسیالیسـتی دوای رووخاندنی رژێمە کۆنەپەرسـت و دیکتاتـۆرەکان، نـۆرەی دەسـتەمۆکردنی ئاگـر و لافـاو و رووداوە سروشـتیەکانیش دێ، کـە جڵەویـان بکەوێتـە دەسـت مرۆڤـ

«پێت ناخنکێندرێم گۆمەشین
ئەو ئاگرەی کە دەیبینی ستەمکار هەڵدەقرچێنێ،
دەسکردمی
من کارگەرم من رەنجدەرم
من ئینسانی تێکۆشەری جەنگاوەرم
پاش وەی سەری سەرکوتکەرم پان کردەوە
ئەمجارە دێمە سەرینی تۆی لە خۆبایی»

٤) دەلالـۆ: ئـەم سـروودە بـۆ شـەهید (دکتـۆر جەعفـەر شـەفیعی) وتـراوە بـە نـاوی (کـوا وەختـی بـوو):

«دەلالۆ...لالۆ... لالۆ... هەستەوە
هەموو هاتووین بە سەر سەری ئەم هەوارە نوێیەتەوە
وەک شۆڕابەی برژانگ هەڵوەریوی پایز
گلمتکی ئاڵ هەڵگەڕاوی سەر مەزارەکەت ماچ ئەکەین
دەلالۆ... لالۆ هەستەوە
گولان بیستیان. ها لە دوور ڕا لە هەولێر و سابلاخەوە
لە قامیشلی و بۆتانەوە. بەرەو گوڵدانی دڵەکەت
چەپک چەپک وا کەوتنە رێ
دەلالۆ...لالۆ هەستەوە!»

ئـەم سـروودە دەنگدانـەوە و کاریگـەری زۆری لەسـەر هەسـت و ناخـی کـورد هەبـوو. بـە تایبـەت کـە خەڵـک وایـان دەزانـی ئـەم سـروودە بـۆ شـەهید (د. قاسـملوو) وتـراوە. کـە لـە کوبونـەوەو گفـت و گـۆدا شـەهید کرابـوو. بـەلام لـە راسـتیدا بـۆ شـەهید (د. جەعفـەر) وتـراوە. کـە شۆرشـگێرێکی کوردسـتانی و دکتۆرێکـی پێشـمەرگە بـوو. سـروودەکە بـاس لـە کاریگـەری مەرگـی ئـەو تێکۆشـەرە دەکات لەسـەر خەڵکـی کوردسـتان کۆسـتێکی بـە ئـازارە. سـنوورە دەسـتکردەکانی کوردسـتان خـۆی لەبـەر ناگـرێ و هەولێـر و سـابلاغ و قامیشـلی و بۆتـان لـە پرسـەدان بـۆ مەرگـی نـاوادەی د. جەعفـەر.

٥) یـەک ولات و یـەک خەبـات: ئـەم سـروودەش بـاس لـە کوردسـتانی پارچـە پارچەکـراو و تیـرە و هۆزەکانـی کـورد دەکات. کـە دوژمنـان پـەرت و بلاویـان کردوویـن. بـۆ ئـەوەی بمـان چەوسـێننەوە. دەپرسـێ تاکـەی بێدەنگـی و خـەو!. تاکـەی لەنـاو کارەسـات چـاو بکەینـەوە. داوای سـەرهەڵدان و بێداربوونـەوە دەکات:

«باکوور. باشوور. رۆژهەلات
یەک ولاتە و یەک خەبات
فەیلی. دوملکی. گۆران
کرمانج. کەلهوڕ و سۆران

كوردين و يەك ميللەتين
بێ جیاوازی و بێ گۆڕان»

٦)ئەی هاوڕێیان: ئەم سروودە بانگەوازی رەنجدەرێكی شۆرشگێرە بۆ هاوخەباتانی. كە لە مەرگ نەترسن و تێ بكۆشن تا بە ئامانج بگەن. چونكە مل كەچ كردن و بێ دەنگی كاری مرۆڤی تێكۆشەر نییە. لە پێناو مرۆڤایەتی گیان بەخت كردن سەروەری و شانازییە:

«ئەی هاوڕان رەنجدەرم
ئەم بانگەوازی كوردستان
وەرن شۆرش گەرمە یارا
شۆرشگێر و كۆڵنەدەرم
ئەگەیەنم بە گشت جیهان
بە رابەری كرێكاران»

ناوەرۆكی سروودەكە لە پەیامی رێكخراوێكی ئەنتەرناسیونالیستی دەدوێ. كە باوەڕیان تەنیا بە خەباتی چینی كرێكاران هەیە بۆ دامەزراندنی حكومەتێكی عەدالەت و یەكسانخواز لە جیهان. كە ئەمەش چاونەترسی و قوربانی بێ ژماری دەوێ. چونكە ئامانجەكە گەورە و پیرۆزە.

سەرجەم سروودەكانی ناسر رەزازی لە خەبات و تێكۆشانی شۆرشگێرانی كورد دەدوێ. خەمی نەتەوە و چینایەتی ئاوێزانی یەكتر بوون. بەشێك لە سروودەكانی بۆ بە پیرۆزكردنی بیری سۆسیالیستی تەرخان كردووە. لەگەڵ ئەوەش هەمیشە خەمی یەك نەبوون و ژێردەستی كورد لە سروودەكانی هاواری یەكیەتی و رابوون لە دوژمنانی ئازادی دەبیستین.

منداڵانیش سروود تۆمار دەكەن: (ساڵی ١٩٨٠ ناسر رەزازی كۆمەڵێك سروود بە هاوكاری چەند مۆزیكارێكی تیپی مۆزیكای مەولەوی و تیپی مۆزیكای منالانی بێخود لە خوێندنگەی سەرەتایی بێخود لە شاری سلێمانی بە نهێنی بڵاو دەكاتەوە. كە مۆزیكار نامدار عومەر قەرەداغی رۆڵی رێكخستن و سەرپەرستی تۆماركردنی ئەم سروودانە دەگرێتە ئەستۆی خۆی. نامدار قەرەداغی دەڵێت: «بۆ ئەم مەبەستەش تیپی مۆزیكای منالانیبێخود هەڵبژێردرا و پەسند كرا. كە مەترسی ئاشكرابوونی كارەكە لە هەر تیپێكی تر كەمتر بوو. چونكە منالانی ئەندامی تیپەكە. نەك هەر وەك هونەر پەروەردە كرابوون. بەڵكە گیانی شۆرشگێرانە و خۆ نەویستی و خوورەوشتی جوانی كوردایەتیشیان

تیا چێنرابوو. کە کارەکەش کرا. ئەو منداڵانە تەنانەت لای دایک و باوک و کەس و کاری خۆشیان نەیاندرکاندبوو. بگرە کەس و کاری هێندێکیان لەوانەیە لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم بابەتەدا. ئەو نهێنییەیان بۆ ئاشکرا بێت» .

سروودەکان بریتی بوون لە: «ئەی شەهیدان. من پێشمەرگەی کوردستانم. وڕ و کاس و سەرگەردانم. هیوا هیوا. دێم و دێم. کارگەرین جەنگاوەرین. لە بەندیخانەدا... هتد». شیعری سروودەکانیش هی (ئیبراهیم ئەحمەد. قانع. هێمن. دلزار. حسێن بەفرین. ڕێبوار. بێکەس و خالید دلێر) بوون.

٢) سروودبێژ نەجمەدین غولامی (١٩٥٨)

نەجمەدین غولامی سروودبێژێکی تری کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. کە لە کاتی رووخانی شای ئێراندا. سروودەکانی بوونەتە بەستەی سەر زاری ڕاپەڕیوان و هێرش بەرانی بەرەی گەل بۆ سەر دەزگا خوێنرێژەکانی شا. نەجمەدین غولامی دەڵێت: «ڕاستیەکەی من یەکەم کەس بووم لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. کە سروودم دانا و خوێندیشمەوە. یەکەم سروودی ئەو کاتەم لەسەر شیعرێکی قانع دانا». ئەم بۆچوونەی نەجمەدین مشت و مڕی لەسەرە. ناسری ڕەزازیش ئەم بۆچوونەی پێ ڕاست نییە!. سروودەکانی نەجمەدین لە سەرەتادا ئەم سروودانەن. کە کاریگەری زۆریان لەسەر هەست و دەروونی شۆڕشگێرانی ئەم دیو و ئەو دیو هەبووە. سروودەکانی «با هەموو جووتیار و پالە و ڕەنجدەران. چەک هەڵگری خاکێکم. پێشمەرگەی قارەمان. برای جووتیار. ئەی شەهیدان. پێش کەوە. قوتابخانە و... هتد».

کۆپلەی چەند سروودێک دەخەینە روو:

أ ـ با هەموو جووتیار و...

«با هەموو جووتیار و پالە و ڕەنجبەران
یەک گرن. تا دەبنە هێز و پشتیوان
هەڵگرن یەکسەر دروشمی هاوبەشی
بآجیاوازی لەسەر ڕەمز و نیشان»

سروودەکانی غولامی زۆرتر مۆرکی چینایەتیان پێوەیە. بۆیە ئەو هۆنراوانەی کردووە بە سروود کە ئازارەکانی ناخی جووتیار و کرێکاران دەردەبڕن.

گەرچی هەر ئەو چینانە سووتەمەنی شۆرشەکەیان داوا لە چین و توێژە شۆرشە پێشکەوتنخوازەکانی کورد شۆرشگێرەکان دەکا. یەک بگرن و لێک بوونە. سروودبێژ بۆ سەرکەوتنی دڕدونگ نەبن لەسەر دروشم و رەمز:

«هەڵگرن پاچ و چەک و بێل و قەڵەم
هەر لە رۆشنبیر هەتا شوان و سەپان»

ئەم کۆپلەیە ئەو راستییە نیشان دەدات. بیری روناک پێشەنگ نەبێ. شۆرش و ئەگەر قەڵەم شانبەشانی چەکەکانی قوربانیەکان بە هەدەر دەچن و رەنج بە تر لە مەیدانی خەبات رۆڵی نەبێ و خەسار دەبن.

ب ـ چەک هەڵگری خاکێکم:

«چەک هەڵگری خاکێکم دوژمن لەسەری زاڵە
من بوومەتە بێگانە بێگانە خاوەن ماڵە»

ئەم سروودەش لە پێشمەرگەی خاوەنی نیشتمانەکەی. بۆیە چەک کورد دەدوێ. کە نیشتمانەکەی هەڵگرتنەکەی نەک زۆر رەوایە. بەڵکوو داگیر و دابەش کراوە و خۆی بووە بە پیرۆزیشە:
بێگانە و داگیرکەرەکان خۆیان کردۆتە

«ئەم رێگەیەی کە گرتووم دوارۆژی لە لام روونە
یان سەرکەوتنی کوردە یان مەرگ و تیاچوونە»

برای پێشمەرگە بە باوەڕی بەهێزەوە رێی خەباتی گرتووە. دوو دڵ و ڕاڕا نییە لە تێکۆشانەکەی. دوو ئەگەری لە پێش خۆی داناوە. یان سەرکەوتنی شۆرش یا شەهیدبوون. ئەمەش لە رەوایی کێشەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە. کە هەرگیز بیر لە کۆڵدان و بەزین ناکاتەوە.

پ ـ قوتابخانە: ناوەرۆکی ئەم سروودە باس لە مامۆستایەکی ئازادیخواز و تێکۆشەر دەکات. کە لە گوندێکی کوردستان دەیەوێ چاوی منداڵان بکاتەوە. چی تر وشە ترسێنەر و خەماوییەکان ئەزبەر نەکەن و فێری ئازادی و تێکۆشان و یەکیەتی و یەکگرتن

و یارمەتییان دەکات. ئەم سروودە چیرۆک ئامێزە، وانەیەکی شۆڕشگێرانەیە کە نەوەی نوێی پێ گۆش دەکرێ، بێگومان ڕێبوارە چاو نەترسەکانی ئەم قوتابخانە ئازادیخوازانە، لە وڵاتە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستەکان، باجی وانەکانیان سەری بەرزی خۆیتیان. کە ئەمەشیان وانەیەکیترە بۆ منداڵانی لە ئازادی ژیان بێبەش:

«ب ــ وەکوو بیرەوەر
ت ــ وێنەی تێکۆشەر
س ــ وەکوو سەربەستی
سەر و سێدارە و سستی
خ ــ بە وێنەی خەبات
خوێندن و خوێن و خەڵات
ک ــ وێنەی کوردستان
کورد و کۆمەڵ و کوێستان
ی ــ وەکوو یەکیەتی
یەکگرتن و یارمەتی»

ت - پێشمەرگەی قارەمان: ئەم سروودە لە دڵسۆزی و قارەمانیەتی و گیانبازی و بێ باکی پێشمەرگە دەدوێ، لە دوای بڵاوبوونەوەی وێردی سەر زاری شۆڕشگێرانی کوردە، کە گیانی بەرەنگاری و نەسرەوتن لە لایان بەهێز دەکات:

«ئەی پێشمەرگەی قارەمان
ئەی گیانفیدای کوردستان
ئەی تاقەشێری کوێستان
پارتیزانی بەشەرەف
برای ئاریی جی لە شان»

لە کۆپلەکانی تری سروودەکە دڵنیایەک لای میللەت هەیە، کە تۆڵەسێنی ماف و بەدیهێنەری ئامانجەکانی گەل و هەوێنی بووژانەوە و گەشانەوەی نیشتمان لە لوولەی چەکی ئەو پێشمەرگانەدایە، کە لە خەباتی بێ وچان دان:

«هەر وەک ڕۆژ لێمان ڕوونە
کە ئەستێنن مافمان
خۆشی دێنن بۆ گەلمان
وڵات ئەبووژێننەوە
سەربەرز ئەکەن کوردستان»

سروودەکانی نەجمەدین غوڵامی بەشێکی بۆ نەتەوە و نیشتمانی پارچە پارچەکراوی کوردستان و بەشێکیش بۆ چینی زەحمەتکێشی پاڵە و جووتیار و کرێکاران وتووە. سەرجەم سروودەکانی لە کات و شوێنی خۆی کاریگەریان لەسەر جۆشدانی هەستی پاکی شۆڕشگێر و چەوساوان هەیە بۆ بەرەنگاری و تێکۆشان دژ بە زۆرداران و سەر نەوی کردن بۆیان و بەردەوام بوون لە شۆڕش و ڕاپەڕین تا دوا لوتکەی ئامانج.

٣) تایەری خەلیلی: سروودبێژ تایەری خەلیلی خاوەنی چەند سروودێکی نیشتمانی و بەرەنگارییە. کە ڕۆژگارێک کاریگەری زۆریان لە جۆشدانی شۆڕشگێرانی هەردوو دیوی کوردستان (ڕۆژهەڵات ــ باشوور) هەبوو بۆ نەبەزین و بێ پەروابوون لە قوربانیدان بۆ گەیشتن بە ئامانجی گەل. نموونەی سروودەکانی (ڕاپەڕین. هێزی پێشمەرگە. هەر دێمەوە. شیوەنی ئاگراوی. قۆچی قوربانی و... هتد). کۆپلەی چەند سروودێک دەخەینە ڕوو.

أ ــ هێزی پێشمەرگە: ئەم سروودە لە گەرمەی شۆڕشی نوێ وێردی سەرزاری پێشمەرگە بوو. چونکە هەڵگری پەیامی بیر و بڕوای پێشمەرگەیەکی گیان بەخت کردووە بۆ دایک و هاوڕێکانی. کە هەرگیز نابەزن و شەهیدبوونیش مایەی شانازییە. چیای (قەندیل)یش ڕەمزی سەربەرزی و پیرۆزییە. ئەو دوندەی قەت بە دەستی دوژمن گلاو نەبووە.

«لە قەندیلی سەربەرزەوە وەڵامت بۆ دەنێرمەوە
شەهیدبوونم شانازییە. هاوڕێ ڕەنگە نەتبینمەوە
هێزی پێشمەرگە نابەزن هەموو شۆڕشگێڕن ئەوڕۆ
شەهیدبوونمان شانازییە. دایکان بۆمان مەکەن ڕۆڕۆ»

لــە کۆپلەکانـــی تـــری ســـروودەکە نـــاوی شـــەهیدانی ڕێبـــازی سۆســـیالیزم و کوردایەتـــی (شـــەهید ئـــارام، شـــەهید فـــواد مســـتەفا ســـوڵتانی) و بیرمەنـــدی کۆمەنیـــزم (لنیـــن) هاتـــووە، کـــە داوا لـــە هاوڕێکانـــی دەکات ڕێگایـــان بـــەر نـــەدەن و ڕۆژی هیمـــەت و هێرشـــە بـــۆ ســـەر دوژمـــن و وادەی هەڵکردنـــی ئـــاڵای ســـوورە. ئەمـــەش دەرەنجامـــی کاریگـــەری ئـــەو ڕێکخـــراوە (مارکســـی لینین)یانـــەی ئـەو ســـەردەم بـووە لەســـەر ســـرووبێژ. کـــە لـــەو ڕوانگەیـــەوە ئاســـۆی ڕوونـــی دوارۆژی ئازادیـــان دەدی و ســـووریوونیان لەســـەر ئـــەم ڕێبـــازە بـــە هـــۆی ســـەرکەوتن دەزانـــی:

«هاوڕێ ئارام (فواد) لەبیر مەکەن
ڕێگای لینین قەت بەر مەدەن
هاوڕێیان ڕۆژی هیمەتە
جەرگی دوژمن لەت لەتە
ڕۆژی تۆڵەسەندنە
بەیداخی سوور هەڵکردنە»

ب ـــ هـــەر دێمـــەوە، شـــیعری ئـــازاد ئەحمـــەد: ئـــەم ســـروودە بـــاس لـــە گـــەڕانـــەوەی شۆڕشـــگێڕێک بـــۆ لای دڵدارەکـــەی دەکات. بـــەڵام چ کاتێـــک؟ ئـــەو کاتـــەی جـــەور و ســـتەم لـــە کوردســـتان نەمێنـــێ. شـــادیی و خۆشـەویســـتی نـــەک هەمـــوو کونجێکـــی ئـەم وڵاتـە بەڵکـوو هەندەرانیـش بگرێتـەوە. دیـارە بیـری سوســـیالیزم بـــە ســـەر ئـــەم سروودەشـــدا زاڵـــە و جیهانـــی یەکســـانی و دادپـــەروەری و ئـــازادی و ئاســـوودەیی بـــە ســـەرکەوتنی هەڵگرانـــی ئـــەم بیـــرە دێتـــە دی:

«هەر دێمەوە چۆن نەیمەوە
ڕۆژێ لە ڕۆژان دێمەوە
دەست لەناو دەست دڵدارەکەم ئەنێمەوە
تاریکایی و جەور و ستەم
گشت ئەخەمە ژێر پێمەوە
لاوک و حەیران بۆ ئازادی کوردستانم ئەڵێمەوە»

پ ـــ قۆچـی قوربانی، شـیعری مـارف عومەر گـول: ناوەڕۆکـی سـروودەکە بریتییـە لـە گەیاندنـی پەیامـی پێشـمەرگەیەکی کـورد، کـە بەشـی زۆری سـروودە بەرەنگارییـەکان، لـە دەربڕینـی ئـەو بـاوەڕە بابـەش نیـن، کـە تێکۆشـەری ڕێـی ئـازادی گـەل داوایـان لـێ دەکات ئەگـەر شـەهید بـوو، بـۆی نەگریـن، چونکـە گریـان کـردەوەی بێدەسـەڵاتانە و ئەویـش لـە لوتکـەی بـاوەڕ و سـەربەرزییەوە بـە خوێنـی سـووری شـەوی مەینـەت و ئـازاری کردۆتـە چراخـان، ئـەو پێنـاوی هێنانـی مـوژدەی شـادی و ڕواندنـی تـۆوی ژینێکـی ئاسـوودە و پـڕ خۆشـییە بـۆ گـەل:

«قۆچـی قوربانـی وڵاتم
سووتەمەنـی ڕێـی خەباتم
لە پرسـەمەدا نەکەن بگرین
رزگـاریـە ڕێـی ئاواتم
رابەری ڕێـی تێکۆشانم
کێوی بروا و کۆڵنەدانم
شەوی مەینەت دادەگیرسێ
بیر و هەست و هۆش و گیانم»

ت ـــ چـی بـوو تاوانـی: ئـەم سـروودە لـە بێتاوانـی لـە سـێدارەدراوانی ڕۆڵـەی کـورد دەدوێ، کـە جگـە لـە دڵسـۆزی بـۆ نیشـتمان و ڕق لـە داگیرکـەران شـتێکی تریـان نەکـردووە، دیـارە خۆشەویسـتی نیشـتمانیش نـەک تاوانـە، بەڵکـوو ئەوپـەڕی مرۆڤـ دۆسـتییە، کۆپلەکانـی تـری سـروودەکە، دوژمـن دڵنیـا دەکات بـە سـێدارە و ڕەشـەکوژی کـورد نابڕێتـەوە، بەڵکـوو ڕۆژبـەڕۆژ لـە سـایەی خەباتـی بێوچـان لـە ئامانـج نزیـک دەبینـەوە، پێیـان دەڵێـت تـۆپ و تەیـارەی ئێـوە شـەڕی بیـر و بـاوەڕ و مێـژووی پـڕ سـەروەری ئێمـەی پـێ ناکـرێ، ئـەو ڕۆژە هـەر دێ پشـت بـە خۆمـان بـە سـەرکەوتن دەگەیـن، ئـەوکات ڕیسـوایی بـۆ ئەوانـە دەبـێ کـە بوونەتـە داردەسـتی بێگانـە:

«چی بوو تاوانی ئەوانەی وا لە سێدارە دران
غەیری دڵسۆزی وڵات و دوژمنی داگیرکەران
قوڕ بە سەرتان ئێوە خاوەن تۆپ و تەیارەی شەڕن

میللەتی من خاوەنی تەئریخ و بیر و باوەڕن
گەل بە هێزی دەست و بازوو پشتی خۆی رزگار ئەبێ
هەرچی برڕوای کرد بە غەیرە کاری نائەموار ئەبێ»

ج ــ سروودی راپەڕین: ئەم سرووده تێکۆشەران هان دەدا لە خەبات و تێکۆشان بێزار نەبن و لە چاندنی تۆوی خۆشەویستی و رەفتاری چاک سلاّ نەکەنەوە. ئەوەی لە بەرەی گەل دابڕێ، جگە لە ریسوابوون هیچی تر نادوورێتەوە:

«ژیان وەرزێکە رۆژگار درێژە
تۆوی خەبات و چاکە بڕێژە
ئەوەی پشت لەگەل......
تۆ بەردی تۆڵەی لا بهاوێژە»

بۆ جۆشدانی گیانی خۆڕاگری و نەبەزین ئەم راستییە وەبیر خەڵک دێنێتەوە، کە قەڵای زۆرداری چەندە قایم و بەرز بێ، کە گەل راپەڕی، نەک قەڵا دەڕووخێ، بەڵکوو هەڵمژینی هەناسەیەکی ئەم وڵاتەشیان لێ یاساغ دەبێ. بیری ئەم سرووده پڕ لە ئومێد و هیوایە. سەنگەرەکانی پێشمەرگە چڕ تر و نەبەزیوتر دەکا:

«دەستی زۆرداران قەت ناگاتە سەر
داری دوژمنان قەت ناگاتە بەر
کە گەل خرۆشا لە هەموو لاوە
سوپای دوژمنان قوڕ دەنێتە سەر»

سروودەکانی تایەری خەلیلی تۆوی قەندیلی باوەڕ لە هەستی تێکۆشەران دەڕوێنێ و وشە و ئاوازی پڕە لە بەرەنگاری و خۆشەویستی نیشتمان. سروودەکانی هیوابەخشن و ورەبەرزکەرەوەی شۆڕشگێرانە لەکاتی شکست و بێهێزی شۆرشدا. هەوێنی جۆشدانی هەڵمەت و هێرشی گیانبازەکانی کوردستانە بۆ سەر مۆڵگەکانی تاوان و چەوسێنەرانی مرۆڤی کورد لە سەدەی جیهانگیری.

٤) جەماڵ موفتی (١٩٥٦ ـ ١٩٨١): هونەرمەندێکی تری کوردستانی رۆژهەڵاتە، کە کۆمەڵێک سروودی

شۆرشــگێرانه و نیشــتمانی و چینایەتــی نامــری چاوەکانــم، کارگەریــن). نموونــەی تۆمــار کــردووە، وەک: (ئەنتەر ناســیۆنالا، کاک کۆپلەیــەک لــە ســروودی (کــوردە راپــەڕە): شــوان، مــام رەحمــان، تەیــاری بەختیــاری، تــۆ

سـەدەی بیستەمە کوردە تۆ راپەڕە
تەواوی مێژووت بە خوێن پەڕ پەڕە
تەواوی گەلان، هەموویان سەربەخۆن
لە کوردستاندا زۆردار خوێنمان دەخۆن
زانا بین، تێکۆشین دەور دەوری ئێمەیە
وڵات چاوەڕێ شۆڕشی ئێمەیە

نموونەیەک لە سروودی (مام رەحمان) کە شیعری رێبواری شاعیرە، دەڵێت:

«مام رەحمان پیری پێشمەرگەی ئازا
پەیگیر، پڕ کینە، لە زاڵم راسا
سێبەری ئەخست بەسەر هەژارا
چرایێ رووناک لە رێی جووتیارا
ئازا و بەغیرەت بەرانبەر زۆردار
برای بڕ برەی پشتی، کرێکار
خۆی و منداڵ و هاوماڵەکانی
گشت بێبەری بوون لە رەنجی شانی
بۆیە وا هەستا و دەستی دایە داس
تا ژێر و ژوور بێ دەوری حەق نەناس
هێندەی دادڕی پەردەی فێڵی شا
دەوڵەت لێی ترسا و لە دێ دەرکرا»

٥) کاڵێ (غولامعەلی ئاتەشین): سروودبێژێکی تری کوردستانی رۆژهەڵاتە، کە سروودەکانی زیاتر مۆرکی چینایەتیان پێوە دیارە. نموونەی سروودەکانی وەک: (کرێکارانی جیهان یەک گرن، ای ئایار، من بە چەکم، بەیان. . . .هتد)

پارێزەر: هێڤار محەمەد عومەر

ئاوابوون

زۆرن ئـــەو ڕووداوە مێژووییانـــەی کـــە بێگومـــان لـــە زۆریـــەی کۆمەڵگـــە و گـــەل و نەتەوەکانـــی دوونیـــادا کـــە ڕەنگـــە تاکـــو ئێســـتا لێـــرە و لـــەوێ چووبێتـــە بـــەر بـــاس . کـــە هەندێـــک لەمانـــە بـــە تراجیدیـــا و هەندێکـــی تریـــش بـــە کۆمیدیـــا دەچنـــە نێـــو ئەدەبیاتـــی گەلانـــەوە و دەبنە بەشـێک لـــە کلتـــوور و نەریـــت و ســـیماکانی تایبەتمەنـدی ئـەو جوگرافیایـەی کـە دواتـر نازنـاوی شـاری پـێ درا و بـوو بـە چەقـی ململانێی فکـری و فەرهەنگی و فەلسـەفی و سیاســی و ئابـووری و نیشــتیمانی . بەڵـــێ ئێـــرە شـــارە . ئـــەو شـــارەی کـــە ســـەرەڕای ئـــەوەی تەمەنەکـــەی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ٢٢٤٥ ســـاڵ پێـــش ئێســـتا کـــە لەلایـــەن ئیبراهیـــم پاشـــای بابانـــەوە بـــەردی

بناغەی دانرا و لە چەند گەڕەک و کۆڵان و کوچەیەک دامەزرا کە (مەڵکەندی و کانی ئاسکان) ڕاستە کە ئەم شارە زۆر بە خێرایی بوو بە سەنتەری بازرگانی نێوان چەند وڵاتێک لە ناوچەکەدا و زۆر بە خێرایی بوو بە خاوەنی پانتاییەکی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری لە دوونیاوە پیشەوەران و کاسبکاران و زانستخوازان و کەسانی خاوەن ڕۆح و هزر و نیشتمان ڕوویان تێ کرد

هاوشێوەی شارەکانی تری کوردستان و ناوچەکە و دونیا و داگیرکەرەکان و زلهێزەکانی جیهانی سیاسی بەبەردەوامی هەوڵیان داوە کە هەژموونی خۆیان بپارێزن و بەرژەوەندیەکانیان لەم شارەدا جێگیرتر بێت تەنانەت سەرەڕای دابەش کردنی کوردستانی گەورە و پاشان

پاش پەیماننامەی شوومی لۆزان کە لە بری پەیماننامەی (سیڤەر) لەلایەن وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگەوە واژۆ کرا لە سویسرا لە ٤ ی تەمووزی ١٩٢٣ کە تیایدا ئەم عێراقە نوێیەی تیا دروست کرا و ئەم شارە بوو بە بەشێک لە ئیدارەکانی نەخشەی عێراق . نامەوێت زیاتر بچمە ناوەڕۆکی چۆنیەتی گۆڕینی ڕێکەوتن نامەی سیڤەر بە ڕێکەوتن نامەیەکی تر کە ڕێکەوتن نامەی لۆزانە بە شێوەیەک لە شێوەکان دوای دۆڕانی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم دا ناچار کرا بە واژۆ کردنی ئەم ڕێکەوتن نامەیە . هەر ئەوەندەی دەمەوێ بچمە سەر یەکێک لە کاریگەریەکان و لێکەوتەکانی دروست کردنی ئەم دەوڵەتە و ئەم ڕووداوەی کە مەبەستمە بیکەم بە تەوەری ئاوڕ دانەوەیەک لە مێژووی پرشنگدار و جوانی و پیرۆزی و پڕ لە قارەمانی و جوامێری ئەو کەسانەی کە لەم شارەدا و لێرەدا بەژدار بوون لە بونیاد نان یان لە ئیدارەدان یان لە ژیان تێیدا لە ڕوو تێکردن و جێگیر بوون و پاشان توانەوەیان لە کلتوور و نەریت و دەوڵەمەند کردنی شار بە جوانیان کە لە خۆیاندا هەبووە و کە خۆشیان لەگەڵ خۆیاندا لە وڵاتەکانی خۆیانەوە هێناویانە هەر بۆیە ئەم شارە زۆر بە قۆناغی مێژوودا تێدەپەڕێت و باوەش بۆ سەرجەم پرسی نشتمانی و نەتەوەیی و پرسی فکری و هونەری و ڕۆشنبیری دەکاتەوە خۆی دەکات بە دایک بۆ قەزیەی کوردی و دەبێتە سەرچاوەی وزەی پڕ ئومید بۆ گەل و کۆمەڵانی خەڵک لە هەموو ڕوویەکەوە . دوای هەرەس هێنانی هەر وڵاتێک یان ڕووخانی هەر ڕژێمێک یان هەر سیستمێکی سیاسی لە کۆندا جا لە سەردەمی ئیمارەت و ئیمپراتۆریەت و شارستانیەتەکانی پێشتر یان لە دیوی سیاسی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت ووڵات و سیستمێکە بۆ گوومان خاو خێزان و وەچەی ئەم دەسەڵات دارانە هاوشێوەی تەخت و دەسەڵات و حوکمڕانیەکان وەکو شوشەی شکاو هەر پارچەیەکیان

دەکەوێتە کووچە و کون و بنکەیەکەوە جا بە چ هۆکارێک بێت کە من زیاتر پەیوەستی بابەتەکە دەخەمە سەر دیوە مێژوویەکەیەوە نەک لە هۆکاری یان باشی یان خراپی ئەو تاقمەی کە لە هەر کۆمەڵێک بێت یان هەر زەمەنێک حوکمڕانیان کردبێت و هۆکار و فاکتەری درووست بوونیان یان لەناو چوونیان بێت . بۆیە ناچار دێڕەکانم چڕ تر و ورد تر بکەمەوە و بچمە سەر ئەم کەسە کە دەرەنجامی ڕووداوێکی هاو شێوە کە ئاماژەم پێ کرد کە ئەویش (غولام حسین) کە بە هۆی ڕووداوێکی هاتوو چۆوە گیانی لەدەست دا و دونیایەک لە نهێنی و مێژووی شاراوەی خۆی بە دوای خۆی دا بەجێ هێشت کە پاش تێپەڕ بوونی ٤٥ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە ژێر ناو و لە ژێر کلتور و لە ژێر ئەم هەموو ڕووداوانەی کە بەم ناوچەوە بەسەر ئەم میللەتەوە بە سەر ئەم نیشتمانەدا ڕووی دا کە ئەم کەسە تێیدا ژیانی بەسەر بردووە . کاتێک کە ئەم کەسە لە نەخۆش خانەیە لە شاری بەغداد کوڕەکەی ئاگادار

کاتێک سلطان عبد الحمید
بە سێ قۆناغ قەتڵ عامی
ئەرمەنەکانی کردووە و ڕازی
نەبووم ڕووم کردۆتە ئێرە و بە
نازناوێکی خوازراوەوە لێرە ژیاوم
و بووم بە بەشێک لەم شارە
جوانە و خۆشم بە بەشێکی
دانەبڕاوی ئەم شارە داناوە ،
بڕۆ بۆ شار و لە ماڵی خۆمان لە
پشت وێنەیەک کە بە تەنەکە
لە چوار چێوەم گرتووە شوو ناس
و پێ ناس و بەڵگەکانم تێدا
شاردۆتەوە

دەکاتەوە کە پێی دەڵێت کوڕم
من نە خەڵکی ئەم شارەم و نە
کوردم نە ناویشم غولامە من
ناوم (عباس) ە نەوەی سلطان
مورادی عثمانیم و کاتێک سلطان
عبد الحمید بە سێ قۆناغ قەتل
عامی ئەرمەنەکانی کردووە و ڕازی
نەبووم ڕووم کردۆتە ئێرە و بە
نازناوێکی خوازراوەوە لێرە ژیاوم و
بووم بە بەشێک لەم شارە جوانە
و خۆشم بە بەشێکی دانەبڕاوی
ئەم شارە داناوە . بڕۆ بۆ شار و لە
ماڵی خۆمان لە پشت وێنەیەک
کە بە تەنەکە لە چوار چێوەم
گرتووە شوو ناس و پێ ناس و
بەڵگەکانم تێدا شاردۆتەوە ئەو

ڕاستیە دەسەلمێنێت کە ئێستا
بۆم ئاشکرا کردیت . ئەم کوڕەش
زۆر بە خێرایی دەگەڕێتەوە بۆ شار
ڕاسپاردەکەی باوکی جێبەجێ
دەکات و دەیدۆزێتەوە و باوکی گیان
لەدەست دەدات وە پاش ئاگادار
کردنەوەی چەند کەسێک و چەند
لایەنێک ئەم ڕاسپاردانە بە بڕیاری
دادگا و بە شێوازێکی مێژوویی ڕاس
دەکرێتەوە لێرەدا نەوەی سلطان
مراد کە ئێستا خەڵکی شارە
و لە ژیاندا نەماوە بۆی و کۆچی
دووای کردووە بیر لەوە دەکاتەوە کە
باوکی واتە واتا غولامی تەنەکە
جی کانێسکانی کە دواتر بوو بە
عباس پاشان نەوەی سلطان مرادی

عثمانــی کاتێــک هەســتی دەکــرد باوکــی زمانــی جیــاوازە لــە زمــان و زاراوەی ئــەو شــارە و تۆزێــک بــە تــۆن و شــێوازێکی تــر قســە دەکات کــە تۆزێــک پێــوەی دیــارە کــە خەڵکــی شــار نەبــووە زۆر جــار پێــی وتــووە کــە بــاوە تــۆ بۆچــی بــێ کەســیت خــاڵ مــام خــزم و کەســو کارمــان نیــە زۆر تــوورە دەبــوو چوونکــە دەیویســت ئــەم نهێنیانــە ئاشــکرا نەبێــت . پاشــان شــەوانە وەک چیرۆکــەوان چیرۆکــی ســوڵتانە عثمانیــەکان و ڕووداوەکان و نهێنیەکانــی نێــو کۆشــک و تەلارەکانــی بــۆ دەگێڕایــەوە ئەوســا بــە هــۆی منداڵــی بوونیــەوە حــەزی لــەم جــۆرە حیکایەتانــە بــووە کــە وایزانیــوە تەنیــا چیرۆکــە و مێــژووە و حیکایەتــە بــەڵام دوواتــر کــە باوکــی خــۆی ئاشــکرا دەکات بــۆی دەرەکەوێــت کــە ئەوانــە چیرۆکــی ڕاســتەقینەی باوکــی خۆیتــی بەڵــێ ئێــرە شــارە . لــە گەڕەکــی کانــی ئاســکاندا نــەوەی ســلطان مــرادی عثمانــی تیــا ژیــا و کۆچــی دوایــی کــرد وە بــوو بــە پەناگەیــەک و ئارامگــەی نــەوەی یەکێــک لــە گــەورە تریــن ئیمپراتۆریەکانــی جیهــان و ســەر زەوی بــۆ نزیکــەی ٧٠٠ ســاڵ حوکمــی کــرد ئێــرە ســلێمانیە شــاری هەڵمــەت و قوربانیــە و شــارە حەیاتەکــە و شــارەکەی بابــان

لە بیرم دێت سولە یمانی

کە دارو الملک ی بابان بوو

نە مە حکومی عە جە م

نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

لە بە رقابی سە راسە فیان دەبە ست شێخ و مە لا و زاهید

مە تافی کەعبە بۆ ئە رباپی حاجە ت گردی سە یوان

بیرەوەرییەکانی مستەر هەمفەر

بەرزان عەباس بەدری

گەڕانەوە بۆ لەندەن بەمەبەستی پرس و ڕاوێژ

دوای ئـەوەی بـۆ ماوەیـەک لـە (بەغـداد) مامـەوە. فەرمانـم پـێ کـرا کـە بەپەلـە بگەڕێمـەوە بـۆ لەنـدەن. دوای گەیشـتنم لەگـەڵ بەرپرسـەکەم و ئـەو دەزگایـەی کـەکارم تێـدا دەکـرد کۆبومـەوە و هەمـوو ئـەو بابـەت و زانیاریانـەم بـۆ بـاس کـردن کـە لـەو سـەفەرە دوور و درێـژەم دەسـتم کەوتبـوو. خـۆش بەختانـە بـووە مایـەی گرنگی پێدان و قبوڵ کـردن. لەبەر ئـەوەی زانیـاری زۆر وردی تێـدا بـوو لەسـەر عێـراق. هەروەهـا باسیشـیان لـەو ڕاپۆرتانـە کـرد کـە ئـەو کاتـەی لـە عێـراق بـووم و وتیـان هەمـوو ڕاپۆرتەکانمـان بەدەسـت گەیشـتووە. ئەوەشـم بـۆ ئاشـکرا بوو(صەفیـە) ی هاوسـەری (محەمـەد عبدالوەهـاب) لـە (بەسـرە) بەهەمـان شـێوە ڕاپۆرتـی بـۆ نـاردوون و کاتێـک بەراوردیـان کـردووە ڕاسـتی و دروسـتی ڕاپۆرتەکـەی منیـان بـۆ دەر کەوتـووە. هەروەهـا بابەتێکـی هەسـتیارم ئاشـکرا کـرد. ئەویـش ئـەوە بـوو بەدرێژایـی ئـەو ماوەیـەی مـن لـە عێـراق کـارم دەکـرد لـە ژێـر چاودێـری دەزگاکەمـدا بـووم!

پاشـان بەرپرسـەکەم کۆبونەوەیەکـی بـۆ ڕێکخسـتم لەگـەڵ بەرپرسـی ئـەو دەزگایـەی کـە کارم تێـدا دەکـرد. کاتێـک سـەردانم کـرد و لـە

نوسینگەکەی پێشوازییەکی گەرمی لێ کردم، تەواو جیاواز بوو لەو پێشوازیەی کە لە ئاستانا گەڕامەوە. وا دیار بوو ڕازی بوون لە کارەکەم و ئەو ئەرکانەی پێی هەستاوم.

هەروەها بەرپرسەکەم خۆشحاڵی خۆی دەربڕی سەبارەت بەو کاریگەریەی کە لەسەر (محەمەد)م دروست کردووە و وتی: ئامانجی سەرەکیمانە و پێداگریشی لەوە کرد کە هەوڵی خۆم بخەمە گەڕ بەمەبەستی زیاتر نزیک بوونەوە لە شێخ، هەروەها ئەوەشی پێ ڕاگەیاندم لەوکاتەی شێخت جێهێشتووە هەر لەسەر بیروبۆچونەکانی خۆی ماوە، بەرپرسی دەزگاکەم باسی لەوەش کرد هەندێک لە سیخوڕەکانمان لە ئەصفەهان پەیوەندیان پێوە کردوین و پێیان ڕاگەیاندوین کەشێخ بیرکردنەوەی بە چ شێوەیەکە، ئەو قسانەی بەرپرسی دەزگاکەم سەرنجی ڕاکێشام و توشی سەرسوڕمانی کردم، لەبەر ئەوەی شێخ نهێنیەکانی لای کەس باس ناکات! دوای ئەوەی (شێخ)م بینی، بۆم ڕوون بووەوە کە کەسێک بەناوی (عبدالکریم) لە ئەصفەهان پەیوەندی پێوە کردووە و بەشێخی وتووە کە برای منە و وردەکاری زۆری لەبارەوە دەزانێت و هەندێک نهێنی لەلا درکاندووە. بەم شێوەیە توانیویەتی فریوی بدات و متمانەی لەلا دروست بکات. محەمەد عبدالوهاب باسی لەوەش کرد..(صەفیە) دێت بۆ ئەصفەهان و بۆ ماوەی دوو مانگ لەلای ماوەتەوە و دوای ئەوە لەگەڵ (عبدالکریم) دەچێ بۆ (شیراز) و لەوێ ئافرەتێکی جوانی بەناوی (ئاسیا) پێ دەناسێنێت و وەک خۆی باسی لێوە کرد زۆر جوانتر بووە لە صەفیە و هەروەها خۆشترین ساتەکانی تەمەنی لەگەڵدا بەڕێ کردووە. پاشان ئەوەم بۆدەرکەوت کە عبدالکریم ناوێکی خوازراوی کەسێکی (کریستیان-مەسیحی) دانیشتووی (جولفای) نزیک شاری (ئەصفەهان) ە و یەکێک بووە لە سیخوڕەکانی دەزگاکەمان، هەروەها (ئاسیا) ئافرەتێکی جووە و خەڵکی شیرازە و بەهەمان شێوە سیخوڕی دەزگاکەمان بووە. بەم شێوەیە توانیمان بەتەواوی کۆنترۆڵی (محمد عبدالوهاب) بکەین. بەمەبەستی بەکارهێنانی لەداهاتوودا! ئەمەش بووە هەوێنی ئەو ئامانجەی کە دەزگاکەمان هەوڵی بۆدەدات لەپێناو ئاسایشی شانشینەکەمان و دەسەڵاتەکەی! دوای ئەوەی بەئامادەبوونی بەرپرسەکەم و بەرپرسی

دەزگاکەمان و بەئامادەبوونی دووکەس کەبەهەمان شێوە کارمەندی دەزگاکە بوون و من ئەم دەناسین پێشتر ئەوانم نەبینیبوو. لەو دانیشتنەدا بەڕێوبەری دەزگاکە ستایشی کردم و پێی وتم کە تۆیەکێکیت لە کارمەندە هەرە دڵسۆز و چالاکەکانی دەزگاکەمان هەربۆیە شایستەی ئەوەیت بەرزترین پلەوپایەت هەبێت لەدەزگاکەمان و بەپێزانینەوە مەدالیای شکۆ و کارامەییت پێشکەش دەکەین هەروەها باسی لەوەش کرد کە بەرپرسەکەم کۆمەڵێک زانیاری نهێنیت دەداتێ بۆئەوەی لەئەرکەکەتدا سوودی لێوەربگریت پاشان بۆماوەی دە ڕۆژ مۆڵەتیان پێدام بۆئەوەی سەردانی خێزانەکەم بکەم.

دوای ئەوەی لەبارەگای دەزگا کۆبونەوەم تەواو بوو لەگەڵ بەرپرسەکەم و بەرپرسی دەزگاکە بەرەو ماڵەوە بەڕێ کەوتم. کاتێک چاوم بە کوڕە بچوکەکەم کەوت زۆر دڵخۆش بووم و شێوەی نزیک بوو لە شێوەی خۆم. تازە فێری هەندێک ووشە ببوو. هەروەها دەیتوانی کەمێک ڕێ بکات. کاتێک کەسەیرم دەکرد زۆر دڵخۆش دەبووم و هەستم دەکرد هەموو دنیا موڵکی منە و لەخۆشیدا خەریک بوو بفڕم. لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو دوور بووم لە کەشی خانەوادە و منالەکەم و نیشتمانەکەم! هەروەها سەردانی یەکێک لە پورەکانم کرد لەبەر ئەوەی کەمێک پیر ببوو. سەرەڕای ئەوەی خۆشم زۆرم خۆشدەویست. بەڵام بەداخەوە ئەوە دوا دیدارم بوو لەگەڵ پورم و ئیدی دوای ئەوە نەمبینیەوە لەبەر ئەوەی کۆچی دوایی کرد. کاتێک هەواڵی مەرگیم بیست زۆر خەمبار بووم و لە ناخەوە ئازاری دام.

ئەو دە ڕۆژە کە لەناو خێزانەکەمدا بووم زۆر بە خێرایی تەواو بوو. وەک ئەوەی یەک سەعات بووبێت. وەک دەوترێت کاتە خۆشەکان بەشێوەیەک تەواو دەبن هەر هەستی پێ ناکەیت بەڵام ڕۆژە ناخۆشەکان وەک بڵێی بە یەک سەدە تەواو دەبن. لەو ماوەیەدا ئەو ڕۆژانەم بیر کەوتەوە کە لە عێراق و لەشاری نەجەف نەخۆش کەوتم. بەڕاستی ڕۆژگارێکی ناخۆش بوو. تەواو وەک ئەوەی باسم کرد ڕۆژێکم بە ساڵێک لێ دەڕۆی. هەتا ئێستا تاڵی ئەو ڕۆژانەم لەیاد ناچێت. هەتا ئەو ئاستەی ئەو ڕۆژە خۆشانەی لەیاد بردم کە لەو ماوەیەدا بەسەرم دەبرد! دوای تەواو بونی مۆڵەتەکەم

گەڕامەوە بۆ دەزگاکەم بەمەبەستی وەرگرتنی ڕێنمایی تازە بۆ ئەرکەکەم. کاتێک چوومە ژوورەوە لەلایەن بەرپرسەکەمەوە بە گەرمی پێشوازیم لێ کرا و لەباوەشی گرتم و بەخێر هاتنی کردم. منیش بەهەمان شێوە هەستم بە ئارامی کرد و دڵخۆش بووم بە سڵاو و پێشوازی بەرپرسەکەم. بەرپرسەکەم پێی ڕاگەیاندم کە بەرپرسی دەزگاکە فەرمانی پێ کردووە و وتویەتی بە ئاگاداری ئەو لیژنەیەی کە بەر پرسە لە کاروباری ناوچەکە، بە پێویستیان زانیوە دوو نهێنی گرنگ بدەین بە تۆ. بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سودی لێ وەر بگریت. ئەوەشی پێ ڕاگەیاندم کە ئەو جۆرە نهێنیانە کەمینەیەک لە دەزگاکە لێی ئاگادارن. بۆیە پێویستە بە ئاگاوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت.

دوای ئەو قسانە بەرپرسەکەم دەستی گرتم و بردمیە یەکێک لەژوورەکانی دەزگاکە. لەوێ هەندێک شتم بینی تەواو توشی سەر سوڕمان و شۆکی کردم! لەو ژووره مێزێکی گەورەی بازنەیی (خڕ) دانرا بوو. هەروەها دە پیاو دانیشتبوون یەکێکیان بە جلوبەرگی (سوڵتانی عوسمانی) و بەباشی (تورکی و ئینگلیزی) دەزانی. دووەمیان جلوبەرگی وەک جلوبەرگی ئەو شێخە بوو کە لە (ئاستانا) فەرمان ڕەوایە. سێیەمیان جلوبەرگەکەی هاوشێوەی (شا)ی فارس بوو. چوارەمیان جلەکەی وەک پیاوانی (شیعە) مەزهەب بوو. پێنجەمیان جلەکەی وەک جلی پیاوانی (شیعە) مەزهەب بوو لە نەجەف. ئەم سێ کەسەی دوایی بەباشی

هەردوو زمانی (فارسی و ئینگلیزی) یان دەزانی. هەروەها هەر یەکێک لەم پێنج کەسە نوسەرێکی لەگەڵدا بوو هەرچیەکی دەووت نوسەرەکە دەینووسی! لەهەمان کاتدا کاری ئەم نوسەرانە ڕادەست کردنی ئەو زانیاریانە بوو کە لە لایەن ئێمەوە دەنێردرا بۆ دەزگاکە. واتە ئەوانەی کاری سیخوڕیان دەکرد لە (ئاستانە و فارس و نەجەف).

لەو میانەدا بەرپرسەکەم هەندێک زانیاری و نهێنی بۆ درکاندم و وتی: ئەم پێنج کەسەمان کە لەم ژورە داناوە ئەتوانم بڵێم کۆپیەکی ئەو کەسایەتیانەیە کە لەو ناوچەیە فەرمان ڕەوان و دەسەڵاتیان هەیە. هەروەها باسی لەوەش کرد و ووتی ئەو زانیاریانەی کە بەدەست ئێمە دەگات لەلایەن ئێوەوە. واتە لە ئاستانە و تاران و نەجەف لێرەو لە لایەن ئەم پێنج کەسەوە تاوتوێ دەکرێت. تەواو وەک ئەوەی فەرمان ڕەواکانی ئەو وڵاتانە لێرەبن لەرێگەی ئەو قسە و باسایانەی لە نێوانیان دروست دەبێت بە پاڵپشتی ئەو زانیاریانەی کە لە لایەن ئێوەوە بەدەستمان دەگات توانیومانە خوێندنەوەیەکی باش بۆ کەسایەتی و هەڵسوکەوتی ئەو

فەرمان ڕەوایانە بکەین و بزانین چۆن بیر دەکەنەوە. خۆشبەختانە هەتاکو ئێستا ٧٠٪ ی ئەنجامەکان ئەرێنی بووە و سەرکەوتوانە جێبەجێ کراوە. بەرپرسەکەم پێشنیارێکی کردوو پێی وتم پێم باشە لەگەڵ یەکێک لەم پێنج کەسە قسە بکەیت و بزانە چۆن وەڵامت دەداتەوە. منیش ئەوە زانایەم هەڵبژارد کە لە نەجەف قسەم لەگەڵدا دەکرد و باسی هەندێک بابەتی ئاینی و مەزهەبیمان دەکرد. مەبەستم لێرە ئەو زانایە بوو کە لەبری ئەو زانایە دانرابوو کەلەنەجەف دادەنیشێت و دەمویست بزانم تا چ ئاستێک هاوشێوەی پیاوە ئاینیە ڕاستەقینەکەیە! کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵ پیاوە ئاینیە(ئەکتەرەکە) پێم وت: جەنابی مامۆستا ئایا ڕێگەپێدراوە ئێمەی شیعە دژی ئەو حاکمە یاخود حکومەتە سوننیە بوەستینەوە. لەبەر ئەوەی حکومەتێکی دەمار گیرە؟ کەمێک ڕاماو وتی: نەخێر نابێت دژیان بین لەبەر ئەوەی سونەن. لەبەر ئەوەی مسوڵمانان هەموویان برای یەکترن. بەڵام دەتوانین ڕێگای تر بەکار بهێنین. هەتا ئەوکاتەی دەگەنە ئەو باوەڕەی وازمان لێ دەهێنن و ڕزگارمان دەبێت لە چەوسانەوە.

پرسیارێکی ترم لێ کرد و وتم: مامۆستا بۆچوونی جەنابت سەبارەت بە (جووەکان) و (مەسیحیەکان) چیە. ئایا ئەوانیش نەفرەت لێکراو و پیسن؟ لە وەڵامدا وتی بەڵێ پێویستە دوور بکەوینەوە لێیان: پێم وت: بۆچی؟ وتی: لەبەر ئەوەی ئەوانیش هەمان بۆچونیان هەیە لەسەر ئێمە و بە هەمان شێوە ئێمە بە کافر دەبینن و دەڵێن پێغەمبەرەکەشتان واتە محەمەد درۆزنە. بۆیە دەبێت ئێمەش بە هەمان شێوە وەڵامیان بدەینەوە. پرسیارێکی ترم لێ کرد و پێم وت: جەنابی مامۆستا ئایا وەک دەوترێت (پاک و خاوێنی لە باوەڕداریەوەیە) ئەی بۆچی ئەو هەموو پیس و پۆخڵی و ناشرینیە لە مەزارگە پیرۆزەکەدایە. نەک هەر ئەوەش بەڵکو لەشەقام و کۆڵان و تەنانەت لە ناوەندە زانستی و فەرهەنگیەکانیش خۆڵ و خاشاکێکی زۆر بەدی دەکرێت؟!

وتی: بەڵێ هیچ گومان لەوەدا نیە کە پاک و خاوێنی لە باوەڕەوەیە. بەڵام دەسەڵات چیە لەبەرامبەر کەمی ئاو و گوێ نەدانی دەسەڵات بەپاک و خاوێنی! وەڵامەکانی نوقمی سەرسوڕمانی کردم. چونکە تەواو وەک ئەو وەڵامانە بوو کە پیاوە ئاینییە

(ڕاستقینەکە) وەڵامی دامەوە ئەو کاتەی کە لەنەجەف بووم! تەنها دوا وەڵام نەبێت. واتە ئەو وەڵامەی کە باسی لە (گوێ نەدانی حکومەت بوو بە پاک و خاوێنی) پیاوە ئاینیەکەی نەجەف باسی لەم خاڵەیان نەکرد. بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە (ئەکتەرەکە) سەرکەوتوو نەبووە لەکارەکەی. بەڵکو وەڵامەکانی ئەوەندە نزیک بوو کە توشی سەرسوڕمانی کرم. ئەمە سەرەڕای ئەوەی زمانی فارسی ئەکتەرەکە ئەوەندە پاراو بوو. هەستم ئەکرد لەگەڵ ئەو پیاوە ئاینیە قسە دەکەم کە لە نەجەف دواندبووم! بەرپرسەکەم پێی وتم: دڵنیام ئەگەر ئەو چوار فەرمانڕەوایەی دیکەت ببینیایە هەمان بۆچوونت دەبوو لەسەر ئەم چوار ئەکتەرەی کە لێرە ڕۆڵی فەرمانڕەوا ڕاستیەکان دەگێڕن! وتم بەڵێ دەزانم ئەو شێخەی ئاستانا چۆن بیر دەکاتەوە لەبەر ئەوەی شێخ ئەحمەد بە وردی هەندێک زانیاری لەسەر شێخی (ئاستانا) پێ دام: بەرپرسەکەم وتی: فەرموو لەگەڵ ئەمیشدا قسەبکە. پرسیاری ئەوەم لێ کرد وتم: قوربان ئایا جائیزە ملکەچی تەواوی خەلیفە بین؟

وتی: بەڵێ کوڕم دەبێت ملکەچی بین، هەروەک چۆن ملکەچی خودا و پێغەمبەر دەبین.

وتم: بەچی بەڵگەیەک؟!

وتی: ئەی خوای گەورە دەفەرموێ {أطيعوا الله و أطيعوا الرسول و أولي الأمر منكم}.

پرسیاری ئەوەم لێ کرد بۆچونت چیە لەسەر یەزید مەبەستم ئەو یەزیدەیە کە (حسێن)ی نەوەی پێغەمبەری کوشت؟ هەروەها پرسیاری ئەوەم لێ کرد چۆن دەبێت گوێڕایەڵی وەلید بین، ئەو وەلیدەی کە (مەی) دەخواتەوە؟ لەوەڵامدا پێی وتم: کوڕم یەزید میری مسوڵمانان بوو. هەروەها دانی بە هەڵەی خۆیدانا و پەشیمان بوو لەو تاوانەی دەرهەق بە (حسێن)ی کرد لەپای ئەوەش تۆبەی کرد: سەبارەت بە وەلید وتی: بەڵێ مەی دەخواردەوە بەڵام ئاوی لەگەڵ تێکەڵ دەکرد. ئەوە ڕێگە پێدراوە لە شەرعدا! وەک پێشتر باسم کرد هەمان پرسیارم لە شێخ ئەحمەد کردبوو ئەتوانم بڵێم جیاوازیەکی زۆرم بەدی نەکرد لە نێوان شێخ ئەحمەدە ئەسڵیەکە و ئەم شێخەی کە ڕۆڵی ئەوی ئەگێڕا.

دوای ئەوەپرسیارم لە بەرپرسەکەم کردو پێم وت ...ئەتوانم بزانم سودی

ئەم نواندنە چیە ؟

وتی:ئەم جۆرەکارانە بۆ دەزگاکەمان گرنگی زۆری هەیە لەرێگەی ئەم (ئەکتەرانە)وە دەتوانین بزانین دەسەڵاتداری ناوچەکە و زاناکانیان و پیاوانی ئاینی چۆن بیردەکەنەوە. ئیدی شیعەبن یاخود سونی.

هەروەها چارەسەری گونجاو دەدۆزینەوە لەکاتی بوونی هەر کێشەیەک ئیدی سیاسی بێت یان ئاینی. بۆنمونە ئەگەر زانیاری وردت لەبارەی دوژمنەکەتەوە زانی بەئاسانی دەتوانیت زاڵبیت بەسەریدا. ئەگەر بزانیت دوژمنەکەت دەیەوێت لەلای ڕاستەوە هێرش بکاتە سەرت، تۆ خۆت ئامادە دەکەیت بۆ گشت ئەگەرەکان بەڵام ئەگەر زانیاریت نەبێت ئەوا سەربازەکانت پەرش و بڵاو دەبن و سەریان لێ دەشێوێت و بەشێوەیەکی قورس لە جەنگەکە شکست دەخۆیت. بۆیە ئەگەر توانیت بچیتە ناخی هەر مسوڵمانێک ئیدی شیعەبێت یان سونی ئەوە دەتوانیت هەموو جومگەکانی کۆنترۆڵ بکەیت و کێشمە کێشێکی زۆریان بۆ دروست بکەیت! لەهەمان کاتدا بیر و باوەڕیان سست دەبێت.

پاشان بەرپرسی دەزگاکە کتێبێکی گەورەی تەسلیم کردم و وتی ئەم

کتێبەکەم جارێکی تر بەوردی و بەشێوەیەکی قوڵتر لە بەرگەوە بۆ بەرگ خوێندەوە، کۆمەڵێک بابەتی هەستیارم لەلا گەلاڵە بوو توانیم زیاتر بچمە ناو شێوازی بیرکردنەوەی مسوڵمانان، ئەو هۆکارانەشم بۆ دەرکەوت کە بووەتە هۆی دواکەوتنیان، هەروەها خاڵی لاواز و خاڵی هێزیانم بۆ دەرکەوت، ئەوەی گرنگ بوو لای من لاوازکردنی ئەو خاڵە بەهێزانەیە کە لەلای مسوڵمانان هەیە و دەبێت لەناویان بەرین.

کتێبە بخوێنەرەوە. وتم باسی چی دەکات؟ وتی ئەم کتێبە لە هەزار لاپەڕە پێک هاتووە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە پێکهاتووە لەو قسە و وتووێژانەی کە لەنێوان ئەو پێنج (ئەکتەرەدا) ڕویداوە بەراوردێکی وردە لەگەڵ ئەکتەرە ڕاستەقینەکان. ئەو بابەتانەی کە لەم کتێبەدا بەدی دەکرێت خۆی لە کاروباری سەربازی و دارایی و ڕۆشنبیری و ئاینی دەبینێتەوە. کتێبەکەم لێ وەرگرت لەگەڵ خۆم بردمەوە بۆماڵەوە. لەو ماوەیەی کە لە ماڵەوە بووم کتێبەکەم خوێندەوە. سەرەڕای ئەوەی کە مۆڵەتیش بووم بەلام لەبەر گرنگی کتیبەکە هەوڵم دا و هەموویم خوێندەوە. هۆیەکی تریش بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە ئەوە بوو بەرپرسەکەم ووتی دوای خوێندنەوەی کتێبەکە ڕاستەوخۆ بیگەڕێنەوە بۆ دەزگاکە.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو ئەو وتووێژ و قسەو باسانەی کە لەو کتێبەدا نوسرابونەوە دەتوانم بڵێم ٧٠٪ی وەک ئەو وێنەیە دەهاتە پێش چاوم کە خۆم لەو ناوچەیە بەدیم کردوە. واتە بەجۆرێک بوو هەستت دەکرد فەرمانڕەوا و پیاوە ئاینیە ڕاستەقینەکان پێکەوە دانیشتون و نوسیویانەتەوە! لەمەوە دڵنیا بووم کە حکومەتەکەمان و دەزگاکەمان هەتا چەند سەرکەوتووە لەکارەکانیدا و هیچ گومانم نەبوو کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرەو داڕمان و پوکانەوە دەچێت. لەکتێبەکەش باس کرابوو بەرپرسەکەم زانیاریەکی تری بۆ ئاشکرا کردم و وتی جگە لەو ژورەی کە تۆ بینیت بەهەمان شێوە چەند ژورێکی ترمان هەیە کە هاوشێوەی ئەو ژوورەیە هەر ژوورەو تایبەتە بەناوچەیەک و ولاتێک. ئیدی ئەو ولاتە لەژێر هەژموونی خۆمان بێت یاخود نا.

پرسیاری ئەوەم لە بەرپرسەکەم کرد ئایا چۆن دەتوانن ئەو کەسانە هەڵبژێرن کە دەتوانن بەو ڕۆڵە هەستن و سەرکەوتوانە کارەکانیان ڕاپەڕێنن؟

وتی: هەموو ئەو باوەڕ پێکراوانەی کە کارمان بۆ دەکەن بەشێوەیەکی ورد مەشقیان پێ کراوەو بەبەردەوامی زانیاریمان بۆ دەنێرن و تایبەتمەندن لەو بوارەدا. بۆیە ئەگەر تۆش ئەو زانیاریانەت دەست بکەوێت و بتوانیت بەشێوەیەکی باش خوێندنەوە و شیکاری بۆ بکەیت ئەوا دەتوانم بڵێم ئەو کات تۆش تەواو (هەڵسوکەوت

و خــوی) کەســـە ڕاســـتقینەکەت بــۆ دەردەکـەوێــت.

بەرپرســەکەم ئەوەشــی پــێ وتــم کــە بەرپرســی دەزگاکــە پێــی وتــووم ئــەم نهێنیــە لــەلات بدرکێنــم! هەروەهــا پێــی وتــم ئەگــەر زانیمــان بەباشــی لــەم کتێبــە تێگەیشــتوویت ئــەوا دوای مانگێکــی تــر نهێنیەکــی تــرت بــۆ ئاشــکرا دەکــەم. مەبەســت لــە کتێبەکــە ئــەو کتێبــە هــەزار لاپەڕەییــە بــوو کــە پێشــتر لێــم وەرگرتبــوو. کتێبەکــەم جارێکــی تــر بــەوردی و بەشــێوەیەکی قوڵتــر لــە بەرگــەوە بــۆ بــەرگ خوێنــدەوە. کۆمەڵێــک بابەتــی هەســتیارم لــەلا گەڵاڵــە بــوو توانیــم زیاتــر بچمــە نــاو شــێوازی بیرکردنــەوەی مســـوڵمامان. ئــەو هۆکارانەشــم بــۆ دەرکــەوت کــە بووەتــە هــۆی دواکەوتنیان. هەروەهــا خاڵــی لاواز و خاڵــی هێزیانــم بــۆ دەرکــەوت. ئــەوەی گرنــگ بــوو لای مــن لاوازکردنــی ئــەو خاڵــە بەهێزانەیــە کــە لــەلای مســوڵمانان هەیــە و دەبێــت لەناویــان بەریــن.

گرنگتریــن ئــەو خاڵــە لاوازانــە بەپێــی ڕاپۆرتــی بەریتانیــا:

١. کێشــمە کێشــی نێوان (شــیعە وســوننە) دەســەڵات داران و گــەل. کێشــەی نێوان هــەردوو دەســەڵاتی تورک و فــارس. دووبەرەکــی نێــوان هــۆزەکان. کێشــەی نێــوان زانــاکان و دەســـەڵات داران.

٢. دواکەوتــووی و گەندەڵــی و نەخوێنــدەواری بەشــێوەیەک بــڵاو بووەتــەوە خەریکــە هەمــوو مســوڵمانان دەگرێتــەوە. ئەتوانیــن بڵێیــن کەمینەیەک مــاوە کــە بەشــێوەیەکی لۆژیکیانــە بیــر دەکەنــەوە.

٣. بــێ هیوایــی و نەمانــی وشــیاری و لەدەســتدانی هەســت و هــۆش.

٤. گــوێ نــەدان بــە ژیانــی ڕۆژانــە و گرنگــی دان بــە ڕۆژی دوایــی و کارکــردن تەنهــا لــەو بارەیــەوە.

٥. دیکتاتــۆری و چەوســانەوە لەلایــەن دەســـەڵات.

٦. نەبوونــی ئاســایش و بچڕانــی هۆیەکانــی گواســتنەوە.

٧. بــڵاو بونــەوەی نەخۆشــی بەشــێوەیەکی بــەر بــڵاو بەجۆرێکــە خەڵکــی هەراســان کــردووە و ژیانیــان لــێ تــاڵ بــووە.

٨. وێــران بوونــی وڵات و دیــاردەی بەبیابــان بــوون و وشــک بوونــی ڕوبــارەکان و دواکەوتنــی کەرتــی کشــتوکاڵ.

٩. بــڵاو بونــەوەی پشــێوی و گەدەڵــی هەمــوو ســێکتەرکانی گرتۆتــەوە. بــەو مانایــەی نەسیســتم مــاوە نــە

یاسا ماوە. هەرچەندە قورئان و فەرموودەکانیان لەلا پیرۆزە. بەڵام بە هیچ شێوەیەک پابەند نین پێوەی!

۱۰. دارمانی ئابوریان بەشێوەیەکە زۆرەی دانیشتوان بەدەست فەقیری و بێ کاریەوە دەناڵێنن.

۱۱. نەبوونی سوپایەکی نیشتیمانی و نەبوونی چەکی پێویست و جبەخانە یەکێکی ترە لەو کێشانەی بەدەستیەوە دەناڵێنن.

۱۲. پێشێل کردنی مافی ژنان و سوکایەتی پێ کردنیان.

۱۳. شەقام و بازاڕ و گەڕەکەکان بەشێوەیەک پیسە مرۆڤ قێزی لێ دەکاتەوە.

(قورئان سەبارەت بە خاڵە لاوازەکان هۆشداری داوە)

لەکتێبەکەدا چەندین بابەتی تێدایە باسی هەندێک یاسا دەکات لە ئیسلامدا کاری لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەری دروست بکات لەسەر مسوڵمانان. بەو مانایەی کەکار بکاتە سەر ئاستی بیرکردنەوە و هۆشیارییان. بۆ نمونە کتێبەکە باس لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەکات کەدەتوانین سودی لێ وەربگرین:-

۱. فەرمان دەکات بۆ بەدەست هێنانی زانست و زانیاری (طلب العلم فريضة على كل مسلم و مسلمة).

۲. فەرمان دەکات وشیار بن وەک لە قورئاندا هاتووە (فسيروا في الأرض).

۳. فەرمان دەکات یەکگرتووبن و دوور بکەونەوە لە دوو بەرەکی (واعتصموا بحبل الله جميعاً).

٤. فەرمان دەکات بۆ ئەوەی داواکاریان هەبێت لە ژیاندا. وەک لەقورئاندا هاتووە (ومنهم من يقول ربنا آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة).

٥. فەرمـــان دەكات ڕاوێــژ لەگـــەڵ یەكتــر بكـــەن وەک لـــە قورئانـــدا هاتـــووە (وأمرهم شــوری بینهــم).

٦. فەرمـــان دەكات ئـــاگاداری تەندروســـتیان بـــن وەک لــــە فەرمووده‌یەكـــدا هاتـــووە (چـــوار زانســـتی ســـەرەكی هەیە زانســـتی یاســـا ئاینیـــەكان بـــۆ پارێـــزگاری لـــە ئایـــن، زانســـتی پزیشـــكی بـــۆ تەندروســـتیەكی بـــاش، زانســـتی زمانەوانـــی بـــۆ زمانێكـــی پـــاراو، زانســـتی فەلـــەک ناســـی بـــۆ زانیـــاری لەســـەر گـــەردون.

٧. فەرمـــان دەكات بـــۆ بوژانـــەوە و ئاوەدانـــی وەک لـــە قورئانـــدا هاتـــووە (وخلـــق لكـــم مـــا فـــي الأرض جمیعـــآ).

٨. فەرمـــان دەكات بـــۆ هاوســـەنگی و نەخشـــە دانـــان وەک لـــە قورئانـــدا هاتـــووە (مـــن كل شـــيء مـــوزون) هەروەهـــا لەفەرمووده‌یەكـــدا هاتـــووە (ونظـــم أمركـــم)

٩. فەرمانیـــان پـــێ دەكات ئابوریەكـــی بەهێزیـــان هەبێـــت، وەک پێغەمبـــەر دەفەرموێـــت (مـــن لا معـــاش لـــە معادلـــة).

١٠. فەرمـــان دەكات ســـوپایەكی بەهێـــز و پـــڕ چەكیـــان هەبێـــت، وەک لـــە قورئانـــدا هاتـــووە (وأعـــدوا لهـــم مـــا اســـتطعتم مـــن قـــوة).

١١. فەرمانیـــان پـــێ دەكات ڕێـــز لـــە خانمـــان بگـــرن وەک لەقورئانـــدا هاتـــووە (ولهـــن مثـــل الـــذي علیهـــن بالمعـــروف).

١٢. فەرمـــان دەكات پـــاک و خاوێـــن بـــن. لەفەرمودەیەكـــدا هاتـــووە دەڵـــێ (النظافة مـــن الإمـــان).

ئاوات کۆکەیی

مەترسییەکانی ئازادیی کەسی سەربازی لە سۆشیال میدیادا

لە جیهانی نوێدا بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆتە بەشێک لە ژیانی هەنووکەیی هەر تاکێکی کۆمەڵگە. مەگەر تاک تاک و زۆر بە دەگمەن کەسێک هەبێت تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکار نەهێنێت. دەنا تەواوی خەڵک لە هەر چوار قوڕنەی جیهانەوە میدیایەک لە گیرفانیدا هەیە. بەکارهێنانی ئەو میدیایەش هێندە بێ سانسۆر و ئازادە کەسانی نەخوێندەواریش دەنووسن و لێدوان دەدەن و پەخشی بۆچوونەکانی خۆیانی تێدا دەکەن. لە زۆر حاڵەتیشدا کەسی بەکارهێنەر خاوەنی هیچ پەیام و بۆچوونێکی لۆژیکی نییە. ئەوەی دەیکات و دەیڵێت هەڵڕشتنی هەستی پەنگخواردووی ناخی خۆیەتی و چاولێکەریانە بەناو کەوتووە. دواجاریش ئەم ڕەوشەی لێکەوتۆتەوە کە دیوە خراپەکەی زاڵکردووە بەسەر دیوە باشەکەدا و بگرە شاردووشییەتیەوە. کاریگەریی سۆشیال میدیا هێندە بە قووڵی ڕۆچۆتە ناو ژیانی گشتییەوە. خەڵکی تاقەتی چاودێریکردن و سەیرکردنی پرۆگرامێکی سەنگین و شایستەی نییە لە کەناڵێکی بەرپرس و خاوەن پەیامی میدیاییەوە. لە ڕاستیشدا دامەزراوە میدیاییە خاوەن پەیامەکان نەک نەیانتوانییوە پارێزگاریی لە هەژموون و ڕێژەی بینەر و بیسەر و خوێنەرانی خۆیان بکەن. بگرە زۆرێکیشان کەوتونەتە ژێر کاریگەریی

پڕ بینەریی کەناڵەکانی سۆشیال میدیاو لە راستەڕێ لایانداوە. ئەمە دەردێکی کوشندەیە و ئەگەر چارەسەر نەکرێت. ئایندەی لەمەش خراپترمان تووش دەبێت.

ئەمەی باسمکرد رەوشێکی گشتییە و خەریکە باسکردنیشی دەبێتە دووبارەو چەندبارە و شتێکی سواو. ئەوەی باسیش کراوە نەبۆتە هۆی راستکردنەوەی بارە خوارەکە و بگرە خەریکە بەتەواوەتیش دەگلێت. چونکە کۆنترۆڵکردنی هەر تاکێک لەم رەوشی تەشەنەسەندووەی سۆشیال میدیادا. کارێکی نەکردەییە. لانیکەم لە ئێستادا.

بۆیە واز لەوە دەهێنم و لە بارەی کەسانی ناو کایە سەربازی و چەکدارییەکەوە دەدوێم کە ئەوانیش هاوتای چین و توێژەکانی دیکە و بە هەمان ئازادیی بێسنوورەوە. سۆشیال میدیا بەکار دەهێنن.

سەرباز لە سادەترین پێناسەیدا ئەو کەسەیە کە خۆی بەختدەکات لەپێناو گەل و نیشتماندا و لە پێناو ئەرکەکەیدا دەربەستی ژیان و مەرگی خۆی نایەت. سەرباز لای خەڵک خاوەن غیرەت و بوێری و شکۆی بەرزە. ئەو هێزە تا چەند خاوەن دیسپلین و

سلکی سەربازی:

ئەم سلکە، بەهۆی گرنگی و هەستیاری ئەرکەکەی، هەمیشە چاوی دۆست و دوژمنی لەسەرە، جا بۆ پاراستنی هەیبەت و قورسایی خۆیان، کەسی سەربازی و بەتایبەتیش ئەفسەر دەبێ خۆی لە زیاد پیشاندان و زیاد قسەکردن و هەڵسوکەوتی لابەلا بپارێزێت.

هەڵسوکەوتی سەربازییانەی خۆی بێت و پەیام و بیروباوەڕەکانی لە شێوەو ڕەفتاریدا ڕەنگ بداتەوە. هێندەش ئاسایشی ناوخۆی وڵات و سنوورەکان بەهێزتر دەبن و دەرفەتی بیرکردنەوەی هێرش و داگیرکاری لەلایەن دوژمنانەوە، بەرتەسکتر دەبێتەوە.

ئەگەر روونتر بدوێین. ئەفسەر (ضابط) کە ئاوێنەی هێز- لەشکرە و بە وردبوونەوە لێی ئاستی هێزەکە دەردەکەوێت. تا زیاتر خاوەن کەسێتی فەرماندەرانە و بە بیروباوەڕ و خاوەن قیافە و چوست و چالاک بێت. ئەوەندە نمایشی هێزێکی ئامادە و خۆبەختکار دەکات.

ئەفسەر کە بە عەرەبی پێی دەوترێت ضابط. وەک تەعبیرە کوردێندراوەکە. بە مانای (زەبت و ڕەبت) دێت. واتای روونتر: تۆکمەیی، ڕێکوپێکی و خاوەن دیسپلین دێت.

ئەم سلکە. بەهۆی گرنگی و هەستیاری ئەرکەکەی. هەمیشە چاوی دۆست و دوژمنی لەسەرە. جا بۆ پاراستنی هەیبەت و قورسایی خۆیان. کەسی سەربازی و بەتایبەتیش ئەفسەر دەبێ خۆی لە زیاد پیشاندان و زیاد قسەکردن و هەڵسوکەوتی لابەلا بپارێزێت.

ئێستا هەژموونی سۆشیال میدیا کە زۆر قیەم و بنەمای تێکشاندووە. کەم تا زۆر خەریکە ئەم توێژەش بەو دەردە دەبات. ناڵێم بۆتە دیاردە و ناشڵێم زۆر. بەڵام بەشی ئەوەندە سەربازو ئەفسەرمان هەیە کە دیمەنێکی نەگونجاو بدەن بە دامەزراوەی هێزی سەربازیمان. خۆ ئەگەر چەند کەم

و دەگمەنیش بن. هەر دەبێت وەک خاڵێکی نەگەتیف سەیری بکەین.

ئەگەر تۆزێک بە دیقەتەوە سەیری لاپەڕەکانی هەندێک ئەفسەر بکەین لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک. دەبینین بە بەرگێکی سەربازی پڕ کەموکووڕییەوە کە قیافەیەکی نارێک و پەڕپوتی پێبەخشیوە. وێنەیەکی داناوە و دەڵێت: لە سەردانێکم بۆ فلان شوێن و بۆ لای فلان بەرپرس.

کە دەڵێم بەرگێکی پڕ کەم و کووڕی. بەواتای جلوبەرگێکی بێ ئوتوو. بەبێ قۆردوون (حەبلی لای راست). نیشانەی سەرشانەکانی خوارو لار و بێ تەنسیق. جوتێک قۆندەرەی ئاسایی -مەدەنی و هی تریش.

بوونی ئەم کەموکووڕییانەش لە شکۆو کەسێتی ئەفسەر کەم دەکاتەوە و وەک جۆرێکیش لە گاڵتەجاڕ دێتە پێش چاو.

هەندێک ئەفسەر هەیە بە بۆنەو بێ بۆنە وێنەی خۆیان بە جل و بەرگی ئەفسەرییەوە لەسەر لاپەڕەی فەیسبووک دادەنێن. یان هەمان وێنە لەگەڵ بابەتێکی شەق و شڕی پڕ لە هەڵەی ئیملایی و زمانەوانی و بێ ناوەرۆک دادەنێن. یان بە شێوەیەکی خوارولار راوەستاوەو تا هێزیشی تیایە پێکەنیوە.

یاخود چەند کەسێک وێنەیەکیان لە فەیسبووک داناوە هەر یەکەیان جۆرێک جلوبەرگی لەبەردایە. رەنگاو رەنگ و خواروخێچ. تیایاندا هەیە قۆنەرەی رەشی لە پێدایە. هەیە کالەی سپی و هەشە بە نەعلەوە. کاتێک ئەو دیمەنانە بڵاودەبنەوە. راستەوخۆ پرسیار لە سەر دامەزراوەی سەربازی دروست دەبێت و لە هەیبەت و ناوبانگی دەدرێت. بۆیە ئەم حاڵەتە پێویستی بە لێ پێچینەوە و بەرگرتن هەیە.

بۆیە قسەی کۆتاییم ئەوەیە پێویستە بابەتی خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیاش بخرێتە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتی چاکسازی و رێخستنەوەیەی کە لەناو هێزی پێشمەرگەدا دەستی پێکردووە و بکرێتە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکان.

نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتدا دەژین

گۆشەی

ئامادەکردنی: بەشی شەهید

نامرن ئەوانەی والەدڵی میللەتدا دەژین

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەو حزبەی لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تائێستا زیاترلە(18)هەزار شەهیدی پێشکەش بە گەلی کورد کردووە هەرئەوەشە کە یەکێتی نازناوی حزبی شەهیدانی پێ بەخشراوە،بستە خاکێکی نیشتیمان نابینی بەخوێنی ڕۆڵەیەکی یەکێتی سوور نەبووبێت،مێژووی ئەم حزبە تێکۆشەرە هەرلەسەرەتای دروست بوونییەوە تائێستا بەچەند قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێپەڕیووە و مێژووەکەشی لێوان لێوە لە سەروەریی گەورە و گران بەها(ی.ن.ک) بەدرێژایی خەباتی چەکداری شاخ و شاردەیان داستان و قارەمانێتی بۆ میللەتەکەی تۆمارکردووە لەپێناو بەدەست هێنانی ئازادی و پاراستنی مافی مرۆڤ و بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین و ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان نزیك لەیەك چارەکە سەدە خەبات وبەردەوامی شاهیدی ئەوڕاستیەن ولەوپێناوەشدا دەیان سەرکردە و سەدان فەرماندە و هەزاران پێشمەرگەی بەئەمەك لەدژی شەڕەنگێزی داگیرکەران و هێرش و پەلاماری تیرۆرستان لەسەنگەری بەرگریدا شەهید بوون وبەخوێنی گەشیان ئەم ئازادیەی ئەمڕۆیان دروست کرد. (گۆشەی نەمران لەگۆڤاری "ڕێبەر") تایبەتە بە شەهیدان هەوڵ دەدەین لەگەڵ دەرچوونی هەر ژمارەیەك ژیان نامەی چەند شەهیدێك بخەینە بەردیدەی هاوڕێ و هاوسەنگەر و خوێنەرانی بەڕێز.

لەگەڵ ڕێزدا.

نەمران

ی ڕێکخستنی پێشمەرگە

شـەهید(پشتیوان رەحمان نریمان)
لـە سـاڵی26/2/1988 لـە قـەزای چـەم چەمـاڵ لـە دایـک بـووە بروانامـەی 3 ناوەنـدی بەدەسـتهێناوە لـە سـاڵی 29/1/2008 بـووە بـە پێشـمەرگە لـە فەوجـی تایبەتـی دژەتیـرۆر لـە سـاڵی 2008 ژیانـی هاوسـەرێتی پێـک هێنـاوە خاوەنـی 2 منداڵـە بـە ناوەکانـی لاڤـە و تـۆلاس ،لـە بـەرواری 11/6/2015 لـە شـاری کەرکـوک شـەهید بـووە.....

شـەهید(مولود علی محمد عزیز)
ناسـراوە بـە مولـود علـی شـاکەیی لـە سـاڵی 1982 لەگونـدی شـاکەل لەدایـک بـووە خوێندنـی سـەرەتای هەرلـەو گونـدە تـەواو کـردووە دواتـر بەهـۆی هـژاری و کـەم دەرامیتیـەوە دەسـتی لـە خوێنـدن هـەڵ گرتووە،لەسـاڵی2008 ژیانـی هاوسـەرێتی پێـک هێنـاوە خاوەنـی 2 منداڵـە بـە ناوەکانـی ئارام-اسـما لەسـاڵی2005 بـووە بـە پێشـمەرگە لـە فەوجـی تایبەتـی دژەتیـرۆر لـە بـەرواری 24/7/2014 لـە ناحیـەی جەلـەولا شـەهید بـووە....

شـەهید(رزگار عبوش صابر)
لەسـاڵی30/5/1985 لـە کەرکـوک لـە دایـک بـووە لـە سـاڵی 16/4/2006 بـووە بـە پێشـمەرگە لـە فەوجـی تایبەتـی دژەتیرۆر لـە سـاڵی 2005 ژیانـی هاوسـەرێتی پێـک هینـاوە خاوەنـی 2 منداڵـە بـە ناوەکانـی محمـد و هێلیـن ،لەبـەرواری 24/5/2013 لـە کەرکـوک شـەهید بـووە......

شـەهید(عریف/علی غازی رووف نجم الطالبانی)
لەسـاڵی 1998 لەگەرەکـی دەروازەی شـاری کرکـوک لـە دایـک بووە،تاقۆناغـی ناوەنـدی خوێنـدوە دواتـر لەسـاڵی29/1/2008 پەیوەنـدی کـردوە بـە دەزگای دژەتیـرۆر تـا دواسـاتەکانی بـەردەوام بـووە لەسـاڵی2010 ژیانـی هاوسـەرێتی پێـک هینـاوە خاوەنـی 2 منداڵـە بـە ناوەکانـی (محمـد-ئانیـا) لـە بـەرواری 27/7/2014 لـە ناحیـەی جەلـەولا شـەهید بـووە...

ڕێبەر

NATO

چەن زانیاریەك سەبارەت بە ڕێکخراوی ناتۆ

پەیمانی باکووری ئەتڵەسی(ناتۆ) بە ئینگلیزی: North Atlantic Treaty Organization کورتکراوەکەی بە ئینگلیزی:((NATO)).

ناتۆ ڕێکخراوێکی سەربازی نێودەوڵەتیەو لەساڵی ١٩٤٩ دامەزراوە. دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە لەسەر بنچینەی دامەزراندنی پەیماننامەی باکوری ئەتڵەسی بوو کەلە ڕۆژی ٤ ی نیسانی ١٩٤٩ لە واشنتۆن ئیمزای لەسەرکرا.

پەیمانی ناتۆ سیستەمێکی بەرگری بەکۆمەڵ پێکدەهێنێت کە وڵاتە ئەندامەکان لەسەری ڕێککەوتون بۆ بەرگری هاوبەش لەپێناوی وەڵامدانەوەی هەر هێرشێکی دەرەکی کەبکرێتە سەر وڵاتانی ئەندام.

سێ لە ئەندامەکانی ناتۆ ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتین، کەئەوانیش بریتین لە:(ئەمریکاو فەرەنساو بەریتانیا).

بارەگای سەرەکی ڕێکخراوی پەیمانی ناتۆ دەکەوێتە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکاوە.

پەیمانی ناتۆ یان ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی. هاوپەیمانێتیەکی سەربازی نێو دەوڵەتیە کە(٣٠) وڵاتی سەربەخۆ ئەندامن تیایدا لەسەراپای وڵاتانی ئەمریکای باکوورو ئەوروپادا. هەروەها(٢١) وڵاتی تریش ئەندامن لە

پرۆگرامی هاوپشتی لەپێناوی ئاشتیدا. کەسەر بە ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسیە.
ئەم ڕێکخراوە لەسەرەتای دروستبوونیدا بوو کە جەنگی کۆریا لە ساڵی (١٩٥٠ – ١٩٥٣) هەڵگیرسا. پێشهاتەکانی ئەم جەنگە گەرم و گوڕیەکی زیاتری بەخشیە ناتۆو چەندین وڵاتی دیکە پەیوەندیان پێوەکردو ژمارەی ئەندامەکانی هەڵکشانێکی بەرچاوی بە خۆوە بینی. لەهەمان کاتدا کار لەسەر ئەوە کرا کە پەیکەرە سەربازیەکەی زیاتر ڕێک بخرێت و لە ژێر سەرپەرشتی دوو فەرماندەی سەربازی ئەمریکیدا پێکهاتەیەکی سەربازی پتەوی بۆ داڕێژرا.
دوای ڕووخانی دیواری بەرلین لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٨٩، ڕێکخراوەکە بەشداری لە پارچەپارچەبوونی یوگسلافیا کرد. یەکەم دەستێوەردانی سەربازی خۆی لە بۆسنە لە ساڵی ١٩٩٢ تا ١٩٩٥ ئەنجامدا و دواتر لە ساڵی ١٩٩٩لە یوگۆسلافیا دەستێوەردانی ئەنجامدا. لە ڕووی سیاسیەوە ڕێکخراوەکە هەوڵیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی پێشووی پەیمانی وارشۆ پەرەپێبدات و بیانکاتە ئەندام لای خۆی . کە لە ماوەی ساڵانی نێوان ١٩٩٩ تا ٢٠٠٤ بەشێکی زۆری ئەندامانی پێشووی ئەو ڕێکخراوە پەیوەندیان پێوەکردو تیایدا بوونە ئەندام و بە پێی مادەی (٥) ی ڕێکخراوەکە بۆ یەکەم جار هانایان بۆ ئەو ڕێکخراوە برد.

پەیمانی برۆکسل پەیمانێکی بەرگریی لەیەکتر کردن بوو لە دژی هەڕەشەی سۆڤیەت لە سەرەتای جەنگی ساردا. لە ١٧ی ئازاری ١٩٤٨ پەیماننامەکە لەلایەن بەلجیکا و هۆڵەندا و لۆکسمبۆرگ و فەرەنسا و بەریتانیا واژۆ کرا، کە ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆدروست بوونی ڕێکخراوی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ).

کە لەو مادەیەدا هاتوە. پێویستە لەسەر ئەندامانی ڕێکخراو بەرگری سەربازی لە هەر وولاتیکی تری ئەندام بکەن ئەگەر رووبەرِوی هەر مەترسیەکی سەربازی دەرەکی بووەوە.
دوای ڕووداوەکانی (١١ سێپتەمبەر ٢٠٠١) ناتۆ ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە جەنگی ئەفغانستان و دەربەڕاندنی دەسەلاتی ڕێکخراوی تیرۆریستی تالیبان لەو وولاتە.
دواتریش هاوکاری گەلانی عێراقی کرد لە ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام و هاوکاری بنیاتنانەوەی سوپای عێراق.
ئیتر چالاکیە دەرەکیەکانی پەیمانی ناتۆ بەردەوام لە زۆربووندابوو. لەوانە: هاوکاریکردن لە نۆپەراسیۆنەکانی بەرەنگاربوونەوەی چەتەی دەریایی هەروەها لە ساڵی ٢٠١١ ناتۆ ناوچەی دژە فڕینی بەسەر لیبیادا سەپاند بەپێی بڕیاری ١٩٧٣ی ئەنجومەنی ئاسایش.
بەڵام مادەی (٤) ی ڕێکخراوەکە کەمترین کاری پێکراوە . کە بریتیە لە ڕاوێژکاری نێوان ئەندامان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی . لە کاتێکدا کە پێنج جار تورکیا ویستویەتی لەرێگەی ئەم مادەیەوە هاوکاری ڕێکخراوەکە بەدەس بهێنێت بەڵام بێسوود بوە.
لە سەرەتای دامەزراندنیەوە. وڵاتانی ئەندام لە ١٢ وڵاتی سەرەتاییەوە بۆ ٣٠ وڵات زیادیان کردووە. دوایین وڵاتانی ئەندام کە زیاد کران بۆ ناتۆ بریتی بوون لە مۆنتینیگرۆ لە ٥ی حوزەیرانی ٢٠١٧ و باکووری مەقدۆنیا لە ٢٧ی ئازاری ٢٠٢٠.
لە ئێستادا ناتۆ بۆسنە و هەرزەگۆڤین و جۆرجیا وەک ئەندامی ئاواتخوازی دەناسێت. لە دوای هێرشەکانی ڕوسیاش بۆ سەر ئۆکرانیا هەردوو وولاتی سویدو فینلاند هەوڵەکانیان بۆ بوون بە ئەندام لەو ڕێکخراوە زیاتر چڕکردۆتەوە.

سەرەتاکان

پەیمانی برۆکسل پەیمانێکی بەرگری لەیەکتر کردن بوو لە دژی هەرەشەی سۆڤیەت لە سەرەتای جەنگی سارددا. لە ١٧ی ئازاری ١٩٤٨ پەیماننامەکە لەلایەن بەلجیکا و هۆڵەندا و لۆکسمبۆرگ و فەرەنسا و بەریتانیا واژۆ کرا. کە ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆدروست بوونی ڕێکخراوی پەیمانی باکوری ئەتڵەستی (ناتۆ).
هەرەشەی ڕاستەوخۆی سۆڤیەت بە گەمارۆدانی بەرلین لە ساڵی ١٩٤٨ . کە بووە هۆی دروستبوونی ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە ئەیلوولی ١٩٤٨. بەڵام لایەنەکان لە ڕووی سەربازیەوە زۆر لاواز بوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەلاتی سەربازی یەکێتی سۆڤیەت. ئەمە سەرەڕای کودەتاکەی چیکۆسلۆڤاکیا لە ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن شیوعیەکانەوە کە حکومەتی دیموکراسی ڕووخاند. ئێرنست بیڤین وەزیری دەرەوەی بەریتانیا جەختی

لەوە کردەوە کە باشترین ڕێگە بۆ ڕێگریکردن لە کودەتایەکی دیکە بریتییە لە پەرەپێدانی ستراتیژێکی سەربازی هاوبەشی ڕۆژئاوا. ئەمریکا لەم بارەیەوە لەگەڵیدا هاوڕا بوو. بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی نیگەرانییەکانی ئەمریکا سەبارەت بە ئیتالیا (و حزبی شیوعی ئیتاڵی).

لە ساڵی ١٩٤٨ سەرکردەکانی ئەوروپا لەگەڵ بەرپرسانی بەرگری و سەربازی و دیپلۆماتکاران لە پێنتاگۆن کۆبوونەوە. بە فەرمانی جۆرج سی مارشال وەزیری دەرەوەی ئەمریکا. دانوستانەکان بۆ هاوپەیمانییەکی سەربازی نوێ دەستی پێ کرد .لە ئەنجامدا پەیمانی باکووری ئەتڵەسی لێکەوتەوە. کە لەلایەن هاری ترومان سەرۆکی ئەمریکاوە لە ٤ی نیسانی ١٩٤٩ لە واشنتۆن دی سی واژۆ کرا. پەیمانی پێنج لایەنەی برۆکسل چەن وولاتێکی تریشی لە خۆ گرتبوو. لەوانە : ئەمریکا. کەنەدا. پورتوگال. ئیتاڵیا. نەرویج. دانیمارک و ئایسلەندا. یەکەم سکرتێری گشتی ناتۆ. لۆرد ئیسمای. لە ساڵی ١٩٤٩دا ڕایگەیاند کە ئامانجی ڕێکخراوەکە «هێشتنەوەی رووسەکانە لە دەرەوە و ئەمریکییەکان لەناوەوە و ڕووخاندنی ئەڵمانیای ڕۆژهەلات».

چالاکیە سەربازییەکانی ناتۆ

ناتۆ لە سەردەمی جەنگی ساردا هیچ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ئەنجام نەدا. دوای کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە. یەکەم ئۆپەراسیۆنەکان. «پاسەوانی ئەنکر **Anchor Guard** » لە ساڵی ١٩٩٠ و «پاسەوانی ئاس **Ace Guard** » لە ساڵی ١٩٩١. کە بەهۆی لەشکرکێشی عێراق

بۆ سەر کوێت ئەنجام دران.

دەستێوەردانی کۆسۆڤۆ

لە هەوڵێکدا بۆ وەستاندنی هەڵمەتی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچی سەرکردەی سربەکان دژی جوداخوازانی سوپای ڕزگاری خوازی کۆسۆڤۆو و خەڵکی مەدەنی ئەلبانی کۆسۆڤۆ. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩٩٨ بڕیاری ١١٩٩ی پەسەند کرد بۆ داوای ئاگربەست. دوای هەرەسهێنانی دانوستانەکان بە سەرۆکایەتی نێردەی تایبەتی ئەمریکا ڕیچارد هۆڵبروک لە ٢٣ی ئازاری ١٩٩٩ . ئیتر ئەو بابەتە ڕادەستی ناتۆ کرا بۆ چارەسەرکردنی. ئیدی ناتۆش ٢٤ی ئازاری ١٩٩٩ هەڵمەتێکی بۆردومانی ٧٨ ڕۆژەی دەستپێکرد. ئۆپەراسیۆنی هێزی هاوپەیمانان توانا سەربازییەکانی کردە ئامانج لە کۆماری فیدراڵی یوگۆسلاڤیا. هەروەها لە ماوەی قەیرانەکەدا. ناتۆ یەکێک لە هێزەکانی وەڵامدانەوەی نێودەوڵەتی خۆی وەک هێزی ئەلبانیا جێگیر کرد بۆ گەیاندنی یارمەتییە مرۆییەکان بۆ پەنابەرانی کۆسۆڤۆ.

هەرچەندە ئەم هەڵمەتە ڕەخنەی زۆری لێگیرا بەهۆی قوربانیانی زۆری خەڵکی مەدەنی. لەنێویاندا بۆردومانی باڵیۆزخانەی چین لە بەلگراد. بەڵام دواجار میلۆسێڤیچ لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٩٩دا مەرجەکانی پلانی ئاشتی نێودەوڵەتی قبوڵ کرد و بەمەش جەنگی کۆسۆڤۆ کۆتایی هات.

شەڕی ئەفغانستان

هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر لە ئەمریکا وایکرد کە ڕێکخراوەکە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا بانگەشە بۆ ماددەی پێنجەمی میساقی ناتۆ بکات. لە

بابەتەکەدا هاتووە. هێرشکردنە سەر هەر یەکێک لە ئەندامەکانی بە هێرشکردنە سەر هەمووان دادەنرێت.

لە ١٦ی نیسانی ٢٠٠٣ ناتۆ ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر وەرگرتنی فەرماندەیی هێزی هاوکاری ئاسایشی نێودەوڵەتی (ISAF) کە هێزەکانی ٤٢ وڵات لەخۆدەگرێت. ئەم بڕیارە لەسەر داوای ئەڵمانیا و هۆڵەندا هات کە ئەو دوو وڵاتە لە کاتی ڕێککەوتنەکەدا سەرکردایەتی هێزی هاوکاری ئاسایشی نێودەوڵەتی (ISAF) ئیسافیان کردووە و لە لایەن هەر ١٩ باڵیۆزی ناتۆ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. لە ١١ی ئاب کۆنترۆڵەکە رادەستی ناتۆ کرا و ئەمە یەکەمجار بوو لە مێژووی ناتۆدا کە رێکخراوەکە بەرپرسیارێتی ئەرکێکی لە دەرەوەی ناوچەی باکوری ئەتڵەسی لە ئەستۆ بگرێت.

نێردەی ڕاهێنەران لە عێراق

لە مانگی ئابی ٢٠٠٤ و لە کاتی جەنگی عێراقدا. ناتۆ نێردەی مەشقی (ناتۆ-عێراقی) دامەزراند. کە ئەرکی مەشق و ڕاهێنانە بۆ هاوکاریکردنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بە هاوکاری لەگەڵ هێزە فرەنەتەوەییەکان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا. ئەم ئەرکی ڕاهێنانە لەسەر داوای حکومەتی کاتی عێراق بەپێی برگەکانی بڕیارنامەی ١٥٤٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراوە. کەنداوی عەدەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەتەی دەریایی. لە ١٧ی ئابی ٢٠٠٩. ناتۆ

لە 20ی ئازاری 2011، وڵاتانی سەر بە ڕێکخراوی ناتۆ ڕێککەوتن لەسەر سەپاندنی گەمارۆی چەک بەسەر لیبیادا. لە 24ی ئازاردا ناتۆ ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر پابەندبوون بە کۆنترۆڵکردنی ناوچەی دژە فڕین، لەکاتێکدا فەرماندەیی بەئامانجکردنی یەکە زەمینییەکان لای هێزەکانی ناتۆ مایەوە

کەشـتییە جەنگییەکانی بلاّوکـردەوە لـە ئۆپەراسـیۆنێکدا بـۆ پاراسـتنی هاتوچـۆی دەریایـی لـە کەنـداوی عـەدەن و زەریـای هینـدی لـە چەتـەی دەریایـی سـۆماڵ، هەروەهـا بـۆ یارمەتیدانـی بەهێزکردنـی هێـزی دەریایـی و پاسـەوانی کەناراوەکانـی وڵاتانـی ناوچەکـە. ئۆپەراسیۆنەکە لەلایـەن ئەنجومەنـی باکـووری ئەتڵەسـیەوە پەسـەندکرا کـە کەشـتییە جەنگییەکانـی بـە پلـەی یەکـەم لـە ئەمریـکاوە لەخۆگرتبـوو. هەروەهـا کەشـتییەکانی زۆر وڵاتـی دیکەشـی لەخۆدەگـرت.

دەستێوەردان لە لیبیا

لـە کاتـی شـەڕی ناوخـۆی لیبیـادا توندوتیژییـەکان لـە نێـوان خۆپیشـاندەران و حکومەتـی لیبیـا بـە سـەرۆکایەتی عەقیـد موعەمـەر قەزافـی پـەرەی سـەند و لـە ١٧ی ئـازاری ٢٠١١ بڕیارنامـەی ١٩٧٣ی ئەنجوومەنی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتووەکان کـە داوای ئاگربەسـتی کردبـوو. هەروەهـا ڕێگـەی بـە کـردەوەی سـەربازی دا بـۆ پاراسـتنی خەڵکـی سـڤیل. هاوپەیمانییـەک لـە چەندووڵاتێکـی ئەندامـی ناتۆدروسـت بـوو کـە دەسـتی کـرد بـە سـەپاندنی ناوچـەی دژە فڕیـن بەسـەر لیبیـادا.

هەروەهـا لـە ٢٠ی ئـازاری ٢٠١١، وڵاتانـی سـەر بـە ڕێکخـراوی ناتۆرێککەوتـن لەسـەر سـەپاندنی گەمـارۆی چـەک بەسـەر لیبیادا. لـە ٢٤ی ئـازاردا ناتـۆ ڕەزامەنـدی دەربـڕی لەسـەر پابەندبـوون بـە کۆنترۆڵکردنـی ناوچـەی دژە فڕیـن. لەکاتێکـدا فەرماندەیـی بەئامانجکردنـی یەکـە زەمینییـەکان لای هێزەکانـی ناتـۆ مایـەوە. هێزەکانـی ناتـۆ بـە فەرمـی لـە ٢٧ی ئـازاری ٢٠١١ بـە هـاوکاری هێـزە ئاسـمانییەکانی ئیمـارات و قەتـەر دەسـتیان بـە جێبەجێکردنـی بڕیارەکـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـرد.

لـە مانگـی حوزەیرانـدا، ڕاپۆرتـەکان لەبـارەی دابەشـبوون لەنـاو هاوپەیمانییەکـە دەرکەوتـن، چونکـە تەنیـا هەشـت وڵات لـە کـۆی ٢٨ وڵاتـی ئەنـدام بەشـدارییان لـە ئۆپەراسـیۆنەکانی شـەڕدا کـردووە. ئەمـەش بـووە هـۆی ڕووبەڕووبوونـەوەی نێـوان ڕۆبـەرت گەیتـس وەزیـری بەرگـری ئەمریـکا و وڵاتانـی وەک پۆڵەنـدا، ئیسـپانیا، هۆڵەنـدا، تورکیـا و ئەڵمانیـا بـۆ بەشـداریکردنی زیاتـر. گەیتـس لـە دواییـن وتـاری سیاسـیدا لـە ١٠ی حوزەیـران لـە برۆکسـل ڕەخنـەی لـە وڵاتانـی هاوپەیمانـی گـرت و وتـی: کارەکانیـان دەبێتـە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەی ناتـۆ. وەزارەتـی دەرەوەی ئەڵمانیـا ئامـاژەی بـە «بەشـدارییەکی بەرچـاوی [ئەڵمانـی] کـرد لـە ئۆپەراسـیۆنەکانی ناتـۆ کـە ئـەم بەشـدارییە لەلایـەن سـەرۆک ئۆبامـا زۆر بـەرز نرخێنـدرا.

ئەنجومەنی پەرلەمانی ناتۆ

ئـەو دەزگایـەی کـە ئامانجـە سـتراتیژییەکانی ناتـۆ دادەنێت، ئەنجومەنی

پەرلەمانی ناتۆیە، کە لە دانیشتنی سالانەدا کۆدەبێتەوە . هەروەها ئەو ئۆرگانەیە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ پێکهاتە پەرلەمانییەکانی حکومەتە نیشتمانییەکان لە وڵاتانی ئەندامدا کارلێک دەکات کە ئەندامی هەمیشەیی یان باڵیۆزن لە ڕێکخراوەکەدا.

ئەنجومەنی پەرلەمانی ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی باسادانەرانی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ و سێزدە ئەندامی هاوبەش لەخۆدەگرێت. بەڵام بە فەرمی پێکهاتەیەکی جیاواز لە هاوپەیمانییەکە پێکدەهێنێت. و ئامانجی ئەوەیە کە نوێنەرانی وڵاتانی ناتۆ بەشداری بکەن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر سیاسەتە ئەمنییەکان لە ئەنجومەنی ناتۆ.

ئەنجومەنەکە لە ڕێی ڕاپۆرتی پێنج لیژنەوە خشتەی کاری سیاسی ناتۆ دادەڕێژێت . کە بریتین لە لیژنەکانی:

لیژنەی تایبەت بە ڕەهەندە مەدەنیەکانی ئاسایش

لیژنەی بەرگری و ئاسایش

لیژنەی ئابوری و ئاسایش

لیژنەی سیاسی

لیژنەی زانست و تەکنەلۆژیا

ووڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ناتۆ

لە ئێستادا ناتۆ ٣٠ وڵات لەخۆدەگرێت، کە تەنها ١٢ وڵاتیان لە ساڵی ١٩٤٩دا لە دامەزرێنەرانی ئەو هاوپەیمانیەتە بوون، ئەوانیش بریتی بوون لە: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، بەلجیکا، کەنەدا، دانیمارک، فەرەنسا، ئایسلەندا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، لۆکسمبۆرگ، نەرویج، پورتوگال. لە ساڵی ١٩٥٢ تورکیا و یۆنان پەیوەندیان کرد و ئەڵمانیاش لە ساڵی ١٩٥٥ پەیوەندی پێوە کردن.

لە ساڵی ١٩٨٢ ئیسپانیا پەیوەندی بەو پەیماننامەیەوە کرد. دواتر لە ساڵی ١٩٩٩ کۆماری چیک و هەنگاریا و پۆڵەندا بوونە ئەندام. لە ساڵی ٢٠٠٤ دا بولگاریا و ئیستۆنیا و لاتفیا و لیتوانیا و ڕۆمانیا و سلۆڤاکیا و سلۆڤینیا چوونە ناو ڕێکخراوەکەوە.

کرواتیا و ئەلبانیا لە ساڵی ٢٠٠٩ پەیوەست بوون. لە ساڵی ٢٠١٧ شدا مۆنتینیگرۆ پەیوەندی بەو هاوپەیمانییەوە کرد.

دوا ووڵاتیش کۆماری مەکەدۆنیای باکوور بوو کە لە ساڵی ٢٠٢٠ بوو بە ئەندامی ناتۆ.

سەرچاوەکان
- ویکیبیدیا... الموسوعةالحرة
- عەرەبی پۆست
- سایتی الموضوع

ڕێبەر

خۆکوشتن

مافپەروەر: عوسمان محەمەد

خۆکوشتن : بریتیە لە بێبەشکردنی مرۆڤ لە ژیان و کۆتایی هێنان بە پرۆسەی ژیان ئەمەش کردارێکی دەرەکی واتە هاندەر یاخود ناوەکی نائومێدی لە پرۆسەی ژیان کە هۆکاری نەخۆشی دەرونیە. یان هاندان واتە (تحریض) لەلایەن کەسێکی دیاریکراوەوە.

لە یاسای ژمارە (٤٠٨)ی قانونی عقوباتی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) سێ (٣) برگەی بە دیاری کراوی ئاماژە پێکردووە.

١. برگەی یەکەم عقوبەی هاندەر ئەدرێت بە زیندانی کردن کە لە (٧ساڵ) زیاتر نەبێت بەمەرجێک هاندەر هۆکار بێت بۆ ئەو خۆکوژییە یان ئاسانکاری کردبێت بۆ خۆکوژ بۆ ئەو وەسیلەیەی کە خۆی پێ بکوژێت (لەحاڵەتێکی تری خۆکوژیدا گەر ئەو کردارە ڕووی نەدا یان خۆکوژیەکە ڕووی نەدا کەسی هاندەر (حبس) ئەکرێ بەبڕیاری حاکم بە (ظروف مشدد) چونکە ئەژمار دەکرێت بە (شروع فی القیل)

٢. ئەگەر خۆکوژ ئەهلیەی تەواو نەبوو واتە تەمەنی خوار (١٥) ساڵ بێت یان لەڕووی دەرونیەوە کامڵ نەبوو وەک دەرک و ئیرادە ئەوا دادوەر هەمان حوکمی (ظروف المشدد)ی بەسەر هاندەردا ئەسەپێنێت واتە (قتل المتعمد) و (شروع فیە)

٣. خۆکوژ عقوبە نادرێت بەپێی مادەی (٤٠٨) لە قانونی عقوباتی مەدەنی مەگەر لەحاڵەتی ڕوو نەدانی وەک لەمادەی (١٨) ی قانون عقوبات {قوی الامن داخلی ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨)}. کە سزاکەی لە (٦مانگ) زیاتر نیە ئەویش ئەگەر پرۆسەکە ڕووی نەدا و مافێک هەبوو بۆ جێبەجێ کردنی پرۆسەی خۆکوژیەکە.

وەمادەی (١٥) لەیاسای عقوباتی {قوی الامن الداخلی ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨)} ماوەی (١ساڵ) دیاری کراوە نابێت لەساڵ زیاتر بێت بۆ.

a. خۆ نەخۆش خستن بە ئەنقەست بەمەبەستی خۆ دزینەوە لەئەرکی سەربازی.

b. بەئەنقەست خۆکەم ئەندام کردن لەلایەن خۆیەوە یان کەسێکی ڕاسپێردراو بەمەبەستی خۆ دزینەوە لەئەرک یان بەخشینی لەئەرکی سەربازی.

مادده (١٦) یاسای عقوباتی {قوی الامن الداخلی ژمارە (١٤)ی ساڵی(٢٠٠٨)} حوکم ئەدرێ بەماوەی (٦مانگ) زیاتر نەبێت کەسێک سەربازێک چارەسەری خۆی نەکات بە ئەنقەست بە مەبەستی خۆ دزینەوە لەئەرک ماددەی (١٧) لەقانونی عقوباتی {قوی الامن داخلی ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٠٨)} حوکم ئەدرێت بەسەر ئەو سەربازانەی کە هۆکارەکانی ماددەی

(١٥و١٦)ی تیا بەدی بکرێت ماوەی حوکمەکەی بریتیە لە (١ساڵ) کەمتر نەبێت.

(مەدەنی حوکم و بڕگەکانی ماددەکانی (١٨،١٧،١٦،١٥) لەیاسای عقوباتی {قوی الامن داخلی ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨)} نایگرێتەوە تەنها ئەوانەی کە لەمادەی (٤٠٨)ی قانون عقوباتی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩)دا هەیە.

مادەی ١٨ لەیاسای {قوی الامن الداخلی ژمارە(١٤)ی ساڵی(٢٠٠٨)} خۆکوژ سزا ئەدرێت بە (٦مانگ) زیاتر نەبێت بەهۆکاری (شروع فی الإنتحار أو مرض علیە)

عقوبەی جرائم لە ماددەی (٢٥) لەقانونی عقوباتی عێراقی ژمارە(١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) کەدیاری کراوە بۆ ماددەی (٤٠٦)

١. لەسێدارە دان

a. زیندانی هەتاهەتایی

b. زیندانی کردن کە ماوەکەی لە ٥ ساڵ زیاتر نەبێت یان زیندانی کردن کەماوەکەی ١٥ساڵە واتە زیندانی هەتا هەتایی.

٢. ماددەی (٢٢) هەمان یاسای عقوباتی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) سزای (لەسێدارەدان) جێگرەوەکەی بریتیە لە (زیندانیی هەتاهەتای).

٣. مادەی (٢٧) لەهەمان یاسای عقوباتی عێراقی(١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) بۆ سەرپێچیەکان (مخالفات).

الحبس البسیط ئەویش لە ٢٤ سەعاتەوە تا (٣مانگ) تا دەگاتە (٥ساڵ) کە ئەم حاڵەتە ئەبێت عنصوري جنايي تيابێت.

جیاوازی نێوان بکوژ و خۆکوژ ئەتوانین بەگوێرەی قانون عقوبات عێراقی ژمارە (١١١) ساڵی (١٩٦٩) کە لەماددەی (٤٠٨) کە لە٣ بڕگە پێک هاتووە و ئاماژەمان پێکردووە لەقانونی عقوباتی {قوی الامن الداخلی ژمارە (١٤)ی ساڵی(٢٠٠٨)} کە ماددەکانی (١٨،١٧،١٦،١٥) بەراورد بکرێت بەبکوژ جیاوازیەکان بریتیە لە:

ماددەی (٤٠٥) و (٤٠٦) لەقانونی عقوباتی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) کە هەردوو ماددەکە بۆ (قتل عمد) سزای دیاری کردووە بەم شێوەیە :

ماددەی (٤٠٥) سجن مؤبد أو المؤقت.

ماددەی (٤٠٦) إعدام .

١. إعدام لەحاڵەتی :

a. بوونی پلان و ئامادەکاری پێش وەختە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە لەلایەن بکوژەوە

b. بەهۆی ژەهر خوارد کردنەوە یان یان بەکارهێنانی تەقەمەنی بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە لەلایەن بکوژەوە.

٢. کوشتن بەهۆی بەرگری لەشەرەف یاخود بکوژ ڕێگای وەحشیانە بەکار بهێنێت

٣. ئەگەر کوژراو لە بنەڕەتدا بکوژێت.

٤. ئەگەر کوژراو کارمەندی حکومەت بێت یان بەو هۆیەوە بێت لەدەرئەنجامی کارەکەی.

٥. ئەگەر بکوژ بیەوێ دوو کەس یان زیاتر بکوژێت. زۆرێکی تریش لەو هۆکارانە.......

ئەحمەد مەلا

هۆکارەکانی ململانێی نێوحزب

لەناو گشت حزب و پارتێکی سیاسیدا چەوساندنەوە و پەیڕەو نەکردنی دادپەروەری و نایەکسانی بەدی دەکرێت. کە ئەمەش وادەکات کۆمەڵێک کادری بەتوانا و باش پشتگوێ بخرێت و پەراوێز بخرێت و گوێ لەڕاو بۆچونیان نەگیرێت بەپێچەوانە هەندێ جاریش کادری بێ توانا و کەسێکی ناشایستە دێتە پێشەوە و پشتیوانیەکی باشی دەکرێت لە زۆر ڕووە وە بۆ نموونە پۆست و پلە و پایە و دەستکەوتی کەسی پێدەبەخشرێت. ئەم جیاکاریە لە نێوان کەسەکان یاخود لە نێوان هەڤالاندا دەبێتە هۆی ساردبوونەوە و کەم تەرخمی لە کاروباری نێو ڕێکخراوەییدا و وازهێنان لەکاری ڕێکخستن و دوورکەوتنەوە لە حزبەکەی. ئەم جیاوازی و نادادییە زۆرە و هەستیان پێ دەکرێت کە لەناو ئۆرگانەکانی ڕێکخستندا پەرەی سەندووە و دەشتوانین بڵێن بووە بە دیاردە بەتایبەت لە هەندێ شوێن و ئۆرگانی جیاوازدا خۆ ئەم هۆکارانەی کە باسی دەکەین ئەگەر چارەسەری نەکەین لەکاتی خۆیدا دەرئەنجام بەرەو هەڵدێر و لێواری مەرگ دەمانبات.

بەم چەند خاڵەی لای خوارەوە کێشە و ململانێ و هۆکارەکانی نێو حزب و ئۆرگانەکانی ڕێکخستن دەخینە ڕوو:

١-جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکان واتا هەربڕیارێک لەسەرەوە دەرچێت بەهەرهۆکارێک بێت هەڤالان پێوەی پابەند نەبوون وجێ بەجێیان نەکرد. کێشە دروست دەبێت و ڕێگە خۆش دەکات بۆ ململانێ ناڕەواکان.

٢-دەستە گەریی و گێرەشێوێنی نەخۆشیەکی کوشندەیە لە ڕابردوودا

سەدان و دەیان ڕێکخراو و حزبی سیاسی لێک ترازاندوە. هەر هەڤاڵێک لە هەرپلەو پایەیەکدابێت دەستەگەری بکات کێشە لەنێوخودی ئۆرگانەکاندا دروس دەکات و ململانێ دروست دەبێت کە دەرئەنجام بەزیانی حزبەکەی و ئەو هەڤاڵە تەواو دەبێت.

٣-نەبوونی لێپرسینەوە و نەمانی دسپلین لەناو ئۆرگانەکانی ڕێکخستن. هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی کێشە و گرفتەکان.

٤-نەبوونی هەڵسەنگاندنێکی تەندروست و پێشێل کردنی سزاو پاداشت بۆتە جێی ڕەخنەی کادر و هەڤالان. کێشەی زۆری بۆ ئۆرگانەکانی حزب و ڕێکخستن دروست کردوە.

٥- بەرزکردنەوەی پلەی ڕێکخراوەیی بەبێ ڕەچاوکردنی دیسپلینی حزبی و دوور لە ویژدان بۆتە جێی ڕەخنەی کادرانی حزب. هەروەها زۆر جار پێدان و بەخشینەوەی پلە لەلایەن هەندێک کەسی بەرپرسەوە کە هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن بەرامبەر بەو کارەی پێی سپێردراوە. کەسانی نزیک لەخۆیان دێننە پێشەوە لە زۆر ڕووەوە پشتیوانی دەکەن و گەورەی دەکەن. کەشایستە و مافی خۆی نییە ئەم کارانەش دوورن لە بنەما و دیسپلینی حزبیەوە بەپێچەوانەوە کەسانی ماف خوراو و شایستە مافی پێشێل دەکرێت دووجار ململانێ لە ئێوان کەسانی نێو حزبدا دروست دەبێت و بە زیانی حزب تەواو دەبێت.

٦-ئیرەیی و چاوچنۆکی و خۆبەگەورە زانین بەرامبەر کەسانی دیکە دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و دروست بوونی ململانێ و ناکۆکی نێوان ئۆرگان و کەسانی نێو ڕێکخستن.

٧- ململانێی نێوان تاکە کەسەکان جۆرە ململانێیەکە لەنێوان دوو هەڤاڵدا پەیدا دەبێت لەیەک شوێندا کار دەکەن کە یەک پلەی ڕێکخراوەییان هەیە. شارەزایان ئەم جۆرە ململانێیەیان بە دۆخێکی ترسناک داناوە لەبەر ئەوەی لە هەر دەزگایەکی حیزبی یا حکومیدا بەدی کرا دەبێتە هۆی دروست بوونی گەندەڵی و بەربەرەکانی دروست دەبێت.

٨- ئەگەر لەلایەن لێپرسراوی یەکەمەوە هەر ڕێنمای و ئاراستەکراوێکی جیاواز لەنێوان ئۆرگانەکانی ڕێکخستن و کەسەکاندا هەبوو دەبێتە هۆی کێشە و سەرهەڵدانی ململانێکان.

٩- هەرهەڤاڵێک لەهەر ئاست و پلە و پایەیەکدا بێت ئەگەر ئاستی هۆشیاری نزم بوو ئەوە دەبێتە هۆی مایەی کێشە و ململانێ لەنێوان خۆی و کەسی بەرامبەردا.

١٠- نەبونی هاوئاهەنگی لە بەڕێوەبردن و کاروباری ڕۆژانەدا و پەیڕەو نەکردنی گیانی تەبایی و برایەتی لەنێوان

کەسەکاندا. هۆکارێکە بۆسست بەرێوەبردنی ئیش و کارەکان و سەرهەڵدانی کێشە و ململانێکان لەناو ئۆرگان و رێکخستنەوەکاندا.
١١- هەر هەڤاڵێکی کادر لەکارەکەی خۆیدا زۆر دڵسۆز و چالاک بوو ئەگەر ئەو بەرپرسە ستایشی نەکرد و جیاوازی نەکرد یان سوپاس و دەست خۆشی نەکرد لەگەڵ هەڤاڵێکی تردا کە سست و لاوازە. دەبێتە هۆی دروست بوونی ململانێ و سارد بوونەوەی کەسەکە.
١٢- نەبوونی یەکسانی و هەستکردن بە چەوساندنەوە و زوڵم و سزادان. بەبێ ئەوەی ئەو هەڤاڵە تاوان بارێت یا ئەو کارەی کردبێت ململانێ لەنێوان ئەو کەسەو کەسی بەرامبەر و ئۆرگانەکان پەیدا دەبێت.
١٣- نەبوونی یەکسانی لەکاتی دابەشکردنی پاداشت ئەگەر جیاوازی کرا لەنێو کەسەکانی رێکخستندا کەسانی زۆر چالاک پشتگوێ خران. ئەوە دەبێتە هۆی ململانێ لە نێوان ئەو هەڤاڵە و بەرپرس لەو کارەدا.
١٤- قسەکردن و سووک کردنی یەکتر لەدەرەوەی کۆڕ و کۆبوونەوەی فەرمیدا. هۆکارێکی دیکەیە بۆ زیان گەیاندن بەپێگەی رێکخراوەکە و خودی هەڤاڵەکە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی ململانێکان.
١٥- ئەگەر دەسەڵات درایە دەست هەر هەڤاڵێک و پاشان لێیان وەرگرتەوە لەلایەن سەروی خۆیەوە. ڕەوا بێت یان ناڕەوا ئەوە کێشە و ململانێ دروست دەبێت لەبەر ئەوەی ئەو کەسە بەهەر شێوەیەک بێت خۆی بەخاوەن ماف و ماف خوراو دەزانێت.
١٦- دروستکردنی پروپاگەندە و هەواڵی ناڕاست زۆرجار دەدرێتە پاڵ کەسانێکی بێ تاوان و ڕاستگۆ و دلسۆز و پاک. ئیرەی پێ دەبەن لەئەنجامی ناکۆکی و دوو بەرەکی کەسەکاندا هەندێک لەمرۆڤەکان بەداخەوە سروشتی ژیانیان وا گوزەراندووە کە ئەم جۆرە کەسانەی ئەمە ڕەفتاریانە دورن لە بەهای مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و ئاینی ئەمانە هۆکارن بۆسەرهەڵدانی کێشە و ململانێ و بەرەبەرەکانی.
١٧- هۆکاری جۆراوجۆر دەتوانن ململانێ دروست بکەن وەک کەسایەتیە ناسازو نەگونجاوەکان و لایەنی دەروونییان ناجێگیرە و ناتوانن لەئیش وکاری ڕۆژانەیاندا لەگەڵ کەسانی دیکە بژین و خۆگونجێن بن و سەرکەوتووبن.
١٨- ئەگەر لەلایەن هەر هەڤاڵێکەوە دەستوەردان بکرێت لەکاروباری هەر ئۆرگان یان هەر کارێکی دیکە لە کاروباری ڕۆژانەدا. کەکاری فەرمی تایبەتی خۆی نیە ئەم بەشداری کردن و دەست وەردانە ڕێگە خۆش

دەکات بۆ سەرهەڵدانی کێشە و گیر و گرفت لەنێوان هەڤاڵان و ئۆرگانەکانی ڕێکخستندا.

١٩- لەلایەن هەر بەرپرسێکی حزبی یان حکومیەوە گەر پرس و ڕاوێژ نەکرا لەسەر بڕیار و ئیش وکارەکان دەسەلاتی ناکرەوانەی تیا بەکار هات دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و لەئەنجامدا سەرکەوتوو نابێت لەکارەکەیدا.

٢٠- هەر هەڤاڵێک کە لەهەر لێپرسراوێتیەکدا بێت ئەگەر زۆریەی دەسەلات و ئیش و کارەکانی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارهێنا، ململانێ دەکەوێتە نێوان ئەو هەڤاڵە و کەسەکانی ترەوە کەپێکەوە لەشوێنێک کار دەکەن و هاو پێشەی یەکن.

٢١- کەم تەرخەمی و سست بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەی بەکەسێک سپێردراوە وا دەکات سەرکەوتوو نەبێت، ئەمەش دەبێتە مایەی کێشە لەنێوان ئەو کەسە و بەرپرسی یەکەم لەو کارەدا.

٢٢- کەم وکورتی و ناتەواوی کاروباری کارگێڕی خزمەتگوزاری دەزگا حکومیەکان کەڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی بەسەر ئۆرگانە حزبیەکاندا دەبێت و دەبێتە مایەی کێشە و گرفت لەنێوان کەسانی ناو ڕێکخستن و حکومەتدا.

٢٣- ئەگەر چی هەمووشمان بۆیەک ئامانج کار و خەبات دەکەین و بیر و بۆچوونی سیاسیمان یەکە، بەلام، کێشە

ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم هەر هەڤاڵێک کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی تایبەت و دیاری کراو کەهەوڵ دەدات بەدەستی بهێنێت. هەندێ جار کەسانێک بەهەر هۆکارێک بێت ڕێگری دەکەن و دژی خواست و بەرژەوەندییەکەی رادەوەستن، کەئەمەش دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی ململانێیەکی سەخت لەنێوان کەسەکاندا و راستەوخۆ سلبیاتی دەبێت لەسەر بەرەوپێشچوونی ئەو ئەو ئۆرگانەی کاری تێدا دەکەن.

لەنێوانماندا دروست دەبێت. بەهۆی ئەوەی هەریەکەو خۆی بە چالاکتر و دڵسۆزتر دەبینێت لەکار وبارەکەیدا. بەبۆچونی ئێمە ٧٠٪ سەرهەڵدانی گرفت و کێشەکان بەهۆی کاری شەخسیەوە دەبێت. ئەوەک بۆ بەرژەوەندی گشتی کەدەبێتە مایەی گرفت بۆخۆی و ئۆرگانەکەی.

٢٤- ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم هەر هەڤاڵێک کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی تایبەت و دیاری کراو کەهەوڵ دەدات بەدەستی بهێنێت. هەندێ جار کەسانێک بەهەر هۆکارێک بێت ڕێگری دەکەن و دژی خواست و بەرژەوەندییەکەی ڕادەوەستن. کەئەمەش دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی ململانێیەکی سەخت لەنێوان کەسەکاندا و ڕاستەوخۆ سلبیاتی دەبێت لەسەر بەرەوپێشچوونی ئەو ئەو ئۆرگانەی کاری تێدا دەکەن. بۆیە لێرەوە بەریەرە:انێی ناتەندروست دروست دەبێت و دەرئەنجام بەزیانی حزب و کەسەکان کۆتایی پێ دێت.

٢٥- بۆچوون و هەڵوێستی جیاواز زۆر کات بۆ هەرکارێکی ڕێکخراوەیی یان حکومی کەدێتە پێشەوە. پێویستی بەکۆبوونەوە و ڕاوێژ کردن و گفتوگۆ و بڕیاردانە لەگەڵ هەڤاڵانی پەیوەندیدار بەئەم بابەتانە. زۆرجار لەئەنجامی لێک نەگەیشتن و هەڵوێستی جیاواز گرفت دروست دەبێت. دەبێتە مایەی ناڕەزایەتی دەربڕین لەنێوان هەڤاڵاندا. دەرئەنجام ئەگەر چارە نەکرێت بەزیانی حزب و هەموو لایەک کۆتایی دێت.

٢٦- پشتگوێ خستن و گوێ نەگرتن لەکەم و کورتیە کانی خوارەوەی ناو ڕێکخستن دەبێتە هۆی ناڕەزایی دەربڕین کێشە لەناو ڕێکخستنەکاندا.

٢٧- ئەگەر هەر هەڤاڵێکی کادر قسەو ڕێنمایی لەدەرەوەی ئۆرگانە فەرمیەکانی ڕێکخستن وەرگرت دەبێتە مایەی کێشە بۆخۆی و ئەو ئۆرگانەی کەکاری تێدا دەکات و کێشە دروست دەبێت لەنێوان کەسەکە و ئەو ئۆرگانەی کە کاری تێدا دەکات.

٢٨- هەندێک جار کادر یان هەڤاڵێک کەخاوانی کەسایەتیەکی جوان و خۆشەویستە لەنێو ئەندام و جەماوەر و خەڵکی ناوچەکەدا. کەدڵسۆز و چالاکە بەداخەوە زۆر جار لەلایەن هەندێک بەرپرس و کادر و هەڤاڵی هاوپیشەی خۆیەوە دژایەتی دەکرێت و کێشە و گرفتی بۆ دروست دەکەن و ئیرەیی پێ دەبەن بۆ ئەوەی سەرکەوتوو نەبێت لە کارو باری خۆیدا ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆسەر هەڵدانی کێشە و ململانێ. باشتر وایە بەشانازییەوە ڕێزی لێ بگیرێت و پشتیوانی بکرێت.

٢٩- بەهۆی ململانێی نێوان کەسە دەست ڕۆیشتووەکان و ناداد پەروەری هەندێک جار هەڤاڵێک بۆماوەیەکی

زۆر لــە پۆســت و پلەیەکــدا دەمێنێتــەوە بــەرەو پێشــچوونی وای بەخۆیــەوە نابینیــت بۆیــە خــۆی بەمــاف خــوراو دەزانێــت. لەپــڕدا کەســێک کــە شایســتە بــەو پلەو پۆســتە نیــە مەبەســت ئەوەیــە کەمافــی خــۆی نیــە و فــەرز دەکرێــت بەســەر کەســی مــاف خــورودا ئەمــەش هــۆکارە بۆ دروســت بونــی کێشــە لەنێــوان کەســەکاندا وگیــر و گرفــت دروســت دەبێــت و دەر ئەنجــام ســســتی لــە بەڕێوەچوونــی کاروبــاری ئــەو ئۆرگانــەی کاری تێــدا دەکــەن بەخــۆوە دەبینێــت.

٣٠- شــاردنەوەی ڕاســتیەکان و ڕاســتگۆ نەبــوون لەگــەڵ هەڤاڵانــی بەرامبــەر یەکێکــن لەدیــاردە خراپــەکان وهــۆکارن بۆســەرهەڵدانی کێشــەو گیروگرفــت لەنێــوان ئۆرگانــەکان و کەســەکاندا.

٣١- نەبــوون و نەمانــی بڕوانەبــوون لەنێــوان هەڤاڵانــدا لەهــەر ئاســت و پلــە و پۆســت و پایەیەکدابێــت. لەبەڕێوبــردن و ئیــش وکاری ڕۆژانــەدا لەنێــوان کەســەکان و ئۆرگانەکانــی ڕێکخســتندا هــۆکارن بــۆ ســەرهەڵدانی کێشــەو بەربەرەکانــێ.

٣٢- بەداخــەوە هەندێــک جــار لای هەندێــک کەســانی بەرپــرس هەســت بەجیــاوازی دەکرێــت لــە بەڕێوبــردن و کاروبــاری ڕۆژانــەدا لەنێــوان ئــۆرگان و کەســەکاندا ناوچەگەریەتــی زاڵــە بەســەر بیرکردنــەوە وعەقڵییەتیانــدا لــە کارەکانیانــدا ئــەم جــۆرە بیرکردنــەوە و ڕەفتارانــەی هەندێــک بەرپرســان زیانی زۆر بەخۆیــان وحیزبەکەیان دەگەیێنێــت و تووشــی ڕووبــەڕوو بوونــەوەی ڕەخنــەی زۆر دەبێــت خۆشــەویســتی و متمانــەی لای هاوپیشــە وهاوکارەکانــی لــە دەســت دەدات. دەرئەنجــام ســەرکەوتوو نابێــت لــە کارەکەیــدا کێشــە دروســت دەکات.

٣٣- لەلایــەن هەندێــک لــە بەرپرســانەوە زۆرجــار پــرس و ڕاوێــژ ناکرێــت لەگــەڵ کەســانی بەرپــرس و پیوەنــدار بەکارەکــە .بەپێچەوانــەوە ڕاوێــژ بەکەســانێک دەکرێت نزیــک لەخــۆی بەهەرهۆکارێــک بێــت .کــە کاری فەرمــی ئــەو کەســە نیــە ئەمــەش دورە لــە دســپلینی حزبــی .ئــەم جــۆرە ڕەفتارانــە دەبنــە مایــەی کێشــە لــە نێــوان ئۆرگانەکانــی ڕێکخســتن وکەســەکاندا.

پێشنیار و چارەسەر

بەشــێکی زۆرلەکێشــە و گیروگرفــت وهۆکارەکانــی ســەرهەڵدانی ململانێــی نێــوان کەســەکانی نێــو ئــۆرگان و ڕێکخســتنەکانی حــزب بــاس کــرا. کــە ڕۆژانــە ڕوو دەدەن بونەتــە دیــاردە لــە نێوان کەســەکانی نێــو حــزب و ئۆرگانەکانــی ڕێکخســتندا. پێمــان وایــە ئەگــەر ڕۆحیەتێکــی زینــدوو هەبێت بەشــێوەیەکی دەدیەروەرانــە و تەندروســت ئــەم چەنــد خاڵــەی لای خــوارەوە پەیــڕەو بکرێــت دەتوانرێــت ناکۆکــی و بەربەرەکانیــەکان وەلاوە بنرێــت و بەشــێکی زۆر لــە

کێشـەکان چارەسـەری گونجاویـان بـۆ دەکرێـت و دەرئەنجـام دەبێتـە مایـەی نەمانـی گرژیـەکان و بـەرەو پێـش چـوون و سـەرکەوتن لـە نێـوان کەسـەکان و ئۆرگانەکانـی ڕێکخسـتن و حزبـدا.

١-بەرلـە هەمووشـتێک پەیـڕەو کردنـی دادپـەروەری و پاراسـتنی گیانـی تەبایـی و برایەتـی لەنێـوان هەڤـالان و کەسـەکاندا. کێشـەو گرفتـەکان کۆتایـی پێدەهێنرێـت و دەبێتـە چارەسـەر لەنێـوان ڕێکخسـتن و ئۆرگانەکانـی حزبـدا.

٢-پێویسـتە کەسـی یەکـەم لەنێـو پارت و ڕێکخـراوە سیاسـییەکاندا باشـترین ڕێـگا بگرێتـە بـەر بـۆ نەهێشـتنی ململانێـکان تـا زیـان بەخـۆی و ئامانجـی حزبەکـەی نەگەیێنێـت.

٣-گرنگیـدان بـە بـواری فکـر و هۆشـیارکردنەوەی هەڤـالان کاریگـەری هەیـە و دەبێتـە هـۆی کـەم کردنـەوەی ململانـێ نـاڕەواکان.

٤-هەندێـک لـە توێـژەران باوەڕیـان وایـە هەندێـک کات بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکییـەکان پێویسـتە هێـز بەکاربهێنرێـت. لـەو ڕێگەیـەوە زۆر جـار ڕێگریـی دەکرێـت لـە دروسـت بوونـی کێشـەکان (ڕەفیـق سـاڵح بەڕێوەبـردن و چەنـد بابەتێکـی هەڵبـژاردە)

٥-نـەرم و نیانـی ومرونـەت نوانـدن واتـە دڵدانـەوەی لایەنـە ناکۆکـەکان بەزمانێکـی گونجـاو و کاریگـەر بـۆ گێڕانەوە و ئاسـایی کردنـەوەی پەیوەندییـەکان و بەکارهێنـان و پەیـڕەو کردنـی سیاسـەتی چەپکـە گوڵەکـە دەبێتـە هـۆی چارەسـەر یـان ڕازی کردنـی تاکـەکان.

٦-پێویسـتە لێپرسـراوی یەکـەم واز لـە هەنـدێ دەسـەڵاتی خـۆی بهێنێـت و ببەخشـێت بـە خـوارەوە واتـا شـۆرکردنەوەی دەسـەڵاتە ئۆرگانییـەکان جێبەجـێ کردنـی ئـەم پرەنسـیپە لـە ڕێکخسـتندا دەبێتـە هـۆی دروسـت بوونـی کادیـر و وەلاوە نانـی ململانێـکان. بۆنونـە هەندێـک لـە زانایـان پێیـان وایـە هـەرکات ویسـتت کەسـێک باشـتر بناسـیت ئـەوا ئەرکێکـی پـێ بسـپێرە

٧- بەشـداریکردن و دەسـتێوەردانی لایەنـی سـێیەم بۆ یەکلایـی کردنەوەی کێشـەکان زۆرکات دەتوانێـت هەوڵـی چارەسـەرکردنی ململانێـکان بـدات لەبـەر ئـەوەی لایەنـی سـێیەم باشـتر گوێـی لێدەگیرێـت و وەک کەسـێکی بـێ لایـەن ڕای وەردەگیرێـت و تەماشـا دەکرێـت و بـۆ چوونیـان بەهەنـد وەردەگرێـت.

٨- بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـەو ناکۆکیانـەی بـە هـەر هۆکارێـک بێـت کـە سـەر هەڵـدەدەن پێویسـتە لەلایـەن کەسـی یەکەمـەوە کـەم تەرخەمـی لـێ نەکرێـت و لـە کاتـی خۆیـدا چارەسـەری گونجـاوی بـۆ بکرێـت. ئەگـەر گرفتەکـە بچوکیـش بێـت بـۆ ئـەوەی گـەورە نەبێتـەوە و نەبێتـە دیـاردە لەنـاو

ئۆرگانەکانی ڕێکخستندا.

٩- بەشداریکردن و لێپرسراوی یەکەم یا دەسەڵاتی باڵا چوونە کێشەکان زۆرکات لەلایەن هەڤاڵانی خوارەوە گوێی لێ دەگیرێت وەک دادوەرێکی باش دەتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت، بەمەرجێک دادوەرێکی دادپەروەرانە بێت و جیاوازی نەکات لە نێوان کەسەکاندا. پەیڕەو کردن و جێبەجێ کردنی ئەم ڕەفتارە دەبێتە هۆی نەمان و چارەسەرکردنی کێشەکان.

١٠-هەرهەڤاڵێک لە پلەکەی یان شوێنکەی گوازرایەوە یا گۆڕانی بەسەردا هات دەبێتە هۆی دەربڕینی نارازیی. بەڵام لەو کاتەدا لێپرسراوی یەکەم دەتوانێت لە ڕێگەی دانیشتن و کۆبوونەوە لەو بارەوە زانیاری بدات و دەبێتە هۆی ڕەزامەندی ئەو هەڤاڵە و چارەسەرکردنی کێشەکە. ئەوکات گۆڕانکارییەکە سەرکەوتوو دەبێت.

١١-لەلایەن لێپرسراوی یەکەمەوە شارەزا بوون و بە ئاگا بوون لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕێکخستن و بەتەنگەوە هاتنیان و بەدەمەوە چوونیان دەبێتە هۆی نە مانی کێشەکان و چارەسەرکردنیان.

١٢- پرس وڕاوێژکردن بۆ هەرکارێک لەگەڵ هەڤاڵانی خوارەوە، دەبێتە هۆی سەرکەوتنی کارەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان.

١٣- لە بڕیاردانەدا پێویستە پەلە نەکرێت، پرس و ڕاوێژ بە هەڤاڵانی هاوپیشە بکرێت، بەم ڕەفتارە کەسی بەرپرس سەرکەوتوو دەبێت لە کارەکەیدا.

١٤-دەبێت بەرپرسی یەکەم گوێڕایەڵی ڕەخنە و پێشنیار و داواکارییەکانی خوارەوە بێت و دڵی گەورەبێت بەرامبەر بە ڕەخنە و پێشنیاری هەڤاڵانی، ئەمەش بۆ خۆی ڕێگەیەکە لە ڕێگاکانی سەرکەوتن.

١٥-بەرپرسی یەکەم دەبێت دڵسۆز و خەم خۆربێت و ئەرکی ئەخلاقی سەرشانیەتی کە دەبێت هەوڵ بدات گیانی تەبای و برایەتی لە نێوان کادر و ئۆرگانەکاندا بچەسپێنێت.

١٦-ئەوانەی لێپرسراوی ئۆرگانن یان لەگەڵ هەڤاڵەکانیان دا لە ئۆرگان و شوێنێک کاردەکەن دەبێت دڵسۆزی و پەرۆشی زاڵبێت بەسەریدا و نابێت هەرگیز بیر لە تۆڵە سەندنەوە بکات. بەم کردارەش سەرکەوتوو دەبێت و خۆشەویستی بەدەست دەهێنێت لە لایەن و هاوڕێ و هاوکارانی.

١٧-کارکردن بە بەرنامە و پەیڕەوی نێوخۆی حزب زۆرێک لە نادادی و کێشە و گیروگرفتەکان چارەسەردەکات، دەبێتە مایەی سەرکەوتن و زاڵ بوون بەسەر کۆسپەکاندا. کارکردن بە دەستووری حزب ڕازی کردنی ئەندام و هەڤالان بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

سەردەمی رۆبۆتەکان

ئیدریس جەبار

پسپۆڕ و شارەزایانی بواری سەربازی، باس لەو «شۆڕش»ە راستەقینەیە دەکەن کە لە زانستی رۆبۆتەکاندا رویداوە کە لە مەودایەکی نزیکدا رێگە بۆ بەرپابوونی کودەتایەک بەسەر چەمکی جەنگ، یان چەمکی کوشتن و کاولکاریدا، دەهێنێت.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئەو جەنگاوەرە نوێیانە کێن، توانا لە رادەبەدەرەکانییان چین، ئەو ئامێر و تەکنەلۆژیایانە چۆنن کە لە جەنگی رۆبۆتەکاندا بەکاردەهێنرێن، ئەو وڵاتانە کامانەن کە بەشداریی لە بەرنامەی «بەرۆبۆتکردن»دا دەکەن لە بوارە مەدەنی و سەربازییەکان؟

رۆبۆتی چەکدار

ناوەندە رۆژنامەوانییەکان لەم ماوەیەی دواییدا قسەوباسی زۆرییان لەبارەی ئەو پەرەسەندنانە بڵاوکردەوە کە لەبواری رۆبۆتەکاندا هاتوونەتە ئارا و دەگوترێت ئیسرائیل تەئکید لەسەر بەرنامەیەکی پڕچەککردن دەکاتەوە کە پشت بە «رۆبۆتی چەکدار»، «رۆبۆتی بکوژ» و تەنانەت «رۆبۆتی

خۆکوژ دەبەستێت.
مەسەلەکە لێرەدا تەنیا خۆی لە جێبەجێکردنی ئەرکە جەنگییەکاندا نابینێتەوە کە لەڕێی (فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان)ەوە ئەنجام دەدران، بەڵکو لە ئامادەکردنی سوپایەکی تەواوەتی رۆبۆتەکاندایە، لە سەربازەکان و فڕۆکەوانەکان و موشەکەکانەوە بگرە تا دەگاتە پرۆگرامی کاولکاریی هەمەلایەنە لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا.
ئەو راپۆرتانەی بڵاوکراونەتەوە سنووردارن و هەندێکیان باس لە «مایکرۆ رۆبۆتەکان» (جەنگاوەرە کێش سوکەکان) دەکەن کە سێ ساڵ لەمەوبەر دەست بە دروستکردنیان کرا، و لە ساڵی ٢٠٣٥ دا لەبری هێزە شەڕکەرەکان لە شەڕەکاندا بەکاردەهێنرێن.
لەگەڵ ئەمەشدا لە روانگەی داهێنانە نوێیەکان، دەکرێت ساڵ لەدوای ساڵ، گۆڕانکاریی و دەستکاریی لەو پلانەدا بکرێت.
بەڵگەش لەسەر ئەوە، زیادبوونی ژمارەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانە کە بە تەنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا تا ساڵی ٢٠٠٠، پەنجا فڕۆکەی جۆری (درون) بوون، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠دا ژمارەی ئەو جۆرە فڕۆکانە بۆ حەوت هەزار فڕۆکە زیادیان کرد. لەئێستاشدا بێ شمارن کرد.
ئەو جۆرە فڕۆکانە بۆ چەند ساڵێک دەچێت، چەندان پرۆسەیان ئەنجامداوە کە بە «پرۆسە گڵاوەکان» یان مەترسیدارەکان دەناسرێن، لە چەند ناوچەیەکیشدا پرۆسەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادییان کردووە.

بەرنامەی بە رۆبۆتکردن

بەرنامەی «بەرۆبۆتکردن» یان مامەڵەپێوەکردن و هەڵسوڕاندنی لەخۆوە بە ئامێر و کەرەستە جەنگییەکان، لەئێستادا لەزیاتر لە چل وڵاتدا پەرەی پێدەدرێت.
راپۆرتەکان باس لەوە دەکەن، بازاڕی فڕۆکە و هێلیکۆپتەرە بێ سەرنشینەکان، لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا دەگاتە سەد ملیار دۆلار، ویلایەتە یەکگرتووەکان یەکەم وڵات بوو کە پشتی بە ئامێری رۆبۆتە جەنگییەکان بەست.
سوپای ئەمریکا لەئێستادا نزیکەی دەیان هەزار یەکەی میکانیکی و ئۆتۆماتیکی هەیە کە لە دوورەوە مامەڵەیان پێوەدەکرێت.
لەماوەی بیست ساڵی داهاتوودا، دە هێندەی ئێستا ژمارەی هێلیکۆپتەر

و فڕۆکـــە بێفڕۆکـەوانــەکان لــە هێــزی ئاســـمانی ئەمریــکادا زیــاد دەکات. و پنتاگۆنیــش لەئێســـتادا کڕینـــی ئـــەو جـــۆرە ئامێرانـــەی لـــە کڕینـــی فڕۆکـــە ئاســـاییەکان. زیاتــر کـــردووە.

لـــە شـــەڕ و هەندێـک ئۆپەراســـیۆنی تایبەتـدا. ئەمریکاییـەکان بەشـێوەیەکی کاریگـــەر هێلیکۆپتـــەر و فڕۆکـــە بێفڕۆکـەوانـــەکان بەکاردەهێنـــن.

بەپێـــی پلانەکانـــی هێــزی ئاســـمانی ئەمریــکا بێـت. لەچەنـد ســاڵی داهاتوودا بڕێکـــی زۆر ئامێـر و کارەسـتەی جەنگـی هەمەجـــۆر کـــە لـــە دوورەوە مامەڵەیـــان پێوەدەکرێــت. بەکاردەهێنرێـــن و لـــەڕووی قەبارەشـــەوە. هەمەجـــۆر و جیاوازدەبـــن کـــە بچوکترینیـــان هێنـــدەی مێشـــە هەنگێـــگ دەبێــت.

ئیســـرائیلیش بـــە نیـــازە بـــە هەمـــان شـێوە ژمـارەی فڕۆکـە بێفڕۆکـەوانـەکان و ڕۆبۆتـــە شـــەڕکەرەکانی زیـــاد بـــکات. لەمـــاوەی چەنـــد ســـاڵی داهاتـــوو. ڕۆبۆتـــەکان ســـێ یەکـــی کـــۆی گشـــتی کەرەســـتە جەنگییەکانـــی ئیســـرائیل پێکدەهێنـــن.

زۆرێــک لـــە پســـپۆڕ و شـــارەزایانی بـــواری کەرەســـتە جەنگییـــەکان و پیشەســـازی جەنگـــی. وایدەبینـــن دوا ڕۆژ و ئاینـــدە بـــۆ ڕۆبۆتەکانـــە.

تادێـــت ئـــەو ڕۆبۆتانـــە زیاتـــر ئاڵـــۆز دەبـــن و کەمتـــر پشـــت بـــەوە دەبەســـتن کـــە لەلایـــەن مرۆڤەوە مامەڵەیـــان پێوەبکرێت. بەشـــێوەیەکی پلەبەندیـــش هەمـــوو ئـــەو فڕۆکـــە و تانـــک و کەشـــتییە جەنگیانـــە وەلادەنێـــن و ڕاپاندەماڵـــن کـــە کـــە پشـــت بـــە تیمـــە مرۆییـــەکان دەبەســـتن.

بـــەڵام ئەوانـــەی گومانیـــان لـــە ئاینـــدەی ڕۆبۆتـــەکان هەیـــە. پێیانوایـــە ڕۆبۆتـــەکان ناتوانـــن جێگـــەی مـــرۆڤ بگرنـــەوە. ئـــەوەی ئێســـتاش دەوترێـــت ســـەبارەت بـــە ڕۆبۆتـــی شـــەڕکەر. هەڵمەتـــی ڕاگەیاندنەکانـــە. چونکـــە بـــە وتـــەی ئـــەوان. ئـــەو ڕۆبۆتانـــە کەموکـــوڕی زۆر و کێشـــەی ناقۆڵایـــان هەیـــە.

ڕۆبۆتە شەڕکەرەکان

بەکارهێنانـــی ڕۆبۆتـــەکان لـــە شـــەڕ و ئەرکـــە تایبەتەکانـــدا. وەک تاقیکردنەوەکان تائێســـتا ســـەلماندویانە. لایەنـــی خراپیـــان زۆرە. چونکـــە زۆربـــەی قوربانیانـــی فڕۆکـــە بێفڕۆکەوانـــەکان. خەڵکـــی مەدەنـــی بـــوون.

بەپێـــی هەڵســـەنگاندنی پســـپۆڕ و شـــارەزایان. قوربانیانـــی بۆردومانەکانـــی ئـــەو جـــۆرە فڕۆکانـــە لـــە ســـاڵی ٢٠٠٤ نزیکـــەی ٢٣٣٠ کـــەس بـــوون کـــە

لەنێوانیاندا ٨٨٠ کەسیان مەدەنی بوون و ١٧٨ مەنداڵیان تێدا بوو، ئەو جۆرە فڕۆکانە بەشێوەیەکی ڕۆژانە بونەتە سەرچاوەی تۆقاندن بۆ دانیشتوانی ئەو وڵاتانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەیەوێت وانەی «دیموکراتیان» دابدات وەک ئەفغانستان و پاکستان.
فلادیمێر ئیسایڤ شرۆڤەکاری سیاسی

و سەربازی دەڵێت: «ئەو تەکنیکەی لەو بۆردومانانەدا بەکاردەهێنرێت، جیاوازی لەنێوان مەدەنی و سەربازییەکاندا ناکات، مەترسی ڕانەگەیەنراوی ئەو جۆرە فڕۆکانە ئەوەیە کە ڕەنگە لە ئایندەدا لەگەڵ بۆمب و تەقەمەنییەکاندا، مەوادە کیمیاوییەکان و ئەوانی تر هەڵبگرن. دەکرێت بگوترێت، سوپای ئەمریکا و (سوپاکانی فەنسا و ئیسرائیل بەشێوەیەکی تایبەت) هەوڵدەدەن بۆ جەنگەکانی ئاینده ئەو جەنگاوەرانە زیاد بکەن کە توانایەکی لەڕادەبەدەریان هەیە، ئەو جەنگاوەرانە نە دەخەون نە بریندار دەبن، هێلیکۆپتەرە بێ سەرنشینەکان و مرۆڤە دەستکردەکان، نمونەیەکی سەرەتایین.

توانایەکی لەڕادەبەدەر

شارەزایان، فڕۆکە سیخوڕییە زەبەلاحەکانی ئەمڕۆ بە دەرکەوتنی تانک و فڕۆکە جەنگییەکان دەشوبهێنن لە یەکەمین جەنگی جیهان.
سوپای ئەمریکا لەئێستادا و لەسەر ئەو تەکنیکانە، هێندەی مەشق بەو فڕۆکەوانانە دەکات، هێندە مەشق لەسەر تەقاندنی قازیفە و فڕۆکە جەنگییە ئاساییەکان ناکات.
ڕۆناڵد ئارکن، توێژەر لە زانستی ڕۆبۆتەکان لە پەیمانگەی جۆرجیا بۆ زانستە تەکنەلۆژییەکان پێیوایە، نەبوونی سۆز و بەزەیی لای ڕۆبۆتەکان، بەخاڵی لاواز دانانرێت، بەڵکو خاڵێکی بەهێزی ئەو ئامێرانەیە.
لەڕێی پرۆگرامکردنیان بەچەشنێک، کردەوەکانیان لەگەڵ ڕێککەوتننامەکانی جنێڤدا دەگونجێت، ئەو بڕوای وایە.

دەکرێت ڕۆبۆتێک دروست بکرێت لە گۆڕەپانی شەڕدا تواناکانی زۆر لە مرۆڤ زیاتر بێت.
ڕۆناڵد ئارکن خەون بە ڕۆبۆتێکەوە دەبینێت کە توانایەکی سەربازی لە ڕادەبەدەری هەبێت و تواناکانی زۆر لە توانای مرۆڤ زیاتر بن. لە هەمان کاتدا هەڵگری ڕەوشت و ئاکاری جوامێری هەبێت و خانەدان بێت. ئەو فەرمانە سەربازیانە ڕەتبکاتەوە کە لەگەڵ یاساکانی جەنگ و بنەماکانی ڕێککەوتننامەی جنێڤدا یەکانگیرنابن.
هانس یورگ کیرۆفسکی زانای بواری کۆمپیوتەر، دژ بە ئارکن دەوەستێت و دەڵێت: «کەس بەتەواوەتی نازانێت، چۆن دەکرێت ڕۆبۆتەکان لەسەر بنەما ئاکارییەکان پرۆگرام بکرێن. ئاکار مەسەلەیەکی حیسابی نییە».

ڕۆناڵد ئارکن

کار بۆ پەرەپێدانیان دەکرێت

هەندێک ڕۆبۆت دروستکراون کە دەتوانن بەدواداچوون بۆ پێکهاتەکانی زەوی بکەن، و ڕێگە و ڕێڕەوی باشتر هەڵبژێرن. بگرە هەندێکیان توانای گەیاندنی کۆمەکی سەربازی وەک چەک و تەقەمەنی و پاککردنەوەی زەوی لە مینەکانیان هەیە و دەتوانن کاری پاسەوانی بکەن. تائێستاش کارەکان بەردەوامن بۆ پەرەپێدانی ئەو ڕۆبۆتانە، تا بتوانن هەستی بەرکەوتن و بۆنکردن و گوێگرتن و چێژکردنیان هەبێت و بەشێوەیەکی باشتر و خێراتر کار و ئەرکەکانیان بەئەنجام بگەیەنن.
ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

خواستی وایە پەرە بە رۆبۆتێک بدات کە لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ، شەڕ بکات و بتوانێت بەسەر بەربەستەکاندا سەربکەوێت و لە ئاودا مەلە بکات و چاودێری رۆبۆتە سەربازییەکانی تر بکات.

ئەمریکا رۆبۆتێکی سەربازی وەهای دروستکردووە کە لە شێوەی تۆپدایە و لەسەر زەوی هەڵبەز و دابەز دەکات و پاشان دەتوانێت لەسەر سێ پێی تلیسکۆبی رابوەستێت. و لە کونێکەوە کە بۆی دروست کراوە، سەری دەربهێنێت. و چاودێری شوێنەکە بکات بۆ دۆزینەوەی هێزەکانی دوژمن. هەست بە گەرمایی جوڵە بکات و لەڕێی ئەو چەکانەی کە تێیدایە، بەشێوەیەکی خێرا دەستپێشخەری لە تەقەکردندا بکات.

هەروەها رۆبۆتێکی تری دروست کردووە کە لەگەڵ سروشتدا دەگونجێت. و بۆ تەقاندنەوەی مینە دەریاییەکان دەچێتە نێو قوڵایی ئۆقیانوسەکان.

زانایان لەئێستادا لە هەوڵی پەرەپێدانی سەربازێکدان کە لەشێوەی رۆبۆتێکی زۆر بچوکدایە و توانای خلیسکان و رێکردن و فڕینی بەسەر کێڵگە مینڕێژکراوەکاندا هەیە و دەتوانێت بە ئاسانی سیخوڕی بەسەر دوژمنەوە بکات و مینەکان رابماڵێت و چەکە کیمیاوییەکان ئاشکرا بکات.

هەروەها ئەمریکا رۆبۆتێکی میکرۆهەوایی بە قەبارەی مێشێک بەرهەمهێناوە کە لەلایەن پنتاگۆنەوە بۆ پەرەپێدانی، بڕی ٦٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە.

ئەو مێشە دەتوانێت بەهۆی کامێراکانییەوە، چاودێری هێزەکانی دوژمن بکات و لەڕێی ژەهر خستنە نێو ملیان، سەربازەکان راوبکات و بیانکوژێت.

دە زگای تەندروستی پیشمەرگە یان نەخوشخانەکانی شورش

ئامادەکردنی: شنە محەمەد نەجات

هـــەر لەســـەرەتای هەڵگیرســـاندنەوەی شۆڕشـــی نوێـــی گەلەکەمـــان بەڕابەرایەتـــی (ی.ن.ك) کەشۆڕشـێکی جەمـاوەری بـوو، هەمـوو چیـنو توێژێـك بـۆ سەرخسـتنی ئـەو شۆڕشـە پاڵپشـتو پشـتیوان بـوو ئـەو توێـژەی کەلێـرەدا تیشـکی دەخەینـە سـەر ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـووە لەشۆڕشـەکەماندا ئەویـش تەندروسـتیە.

کەبەدەیـان دکتـۆرو کارمەنـدی تەندروسـتی لەسـەردەمی شۆڕشـدا بـۆ پشـتیوانی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان خۆبەخشـانە کۆڵـە پشـتەکەی دەرمـانو چەکـی شـەرەفیان کـردە شـان کەشـان بەشـانی پێشـمەرگە درێژەیـان بەخەباتـدا.

لەوپێنـاو ئەوەشـدا دەیـان پزیشـکو کارمەنـدی تەندروسـتی گیانیـان بەخـت کـردو تانێسـتاش بەردەوامـی بەخزمەتـی پێشـمەرگەو کەسـوکاری شـەهیدانو جەمـاوەر دەدەنو چەندیـن نەخۆشـخانەمان بەنـاوی نەخۆشـخانەکانی شۆڕشـەوە هەیـە بـۆ ئـەم مەبەسـتەش گۆڤارەکەمـان درێـژە بەچاوپێکەوتنەکانـی دەدات لەگـەڵ ئـەو گیـان بەخشـانەی کـە لەئێسـتاو ڕابـردوودا خزمەتـی پێشـمەرگەو جەماوەریـان کـردوە، بەخۆشـحاڵیەوە لـەم ژمارەیـەدا چاومـان کـەوت بـە بەڕێـز (یوسـف محەمـەد عەزیـز) ناسـراو بـە (دکتـۆر شـوان) کەیەکێکـە لەپزیشـکەکانی سـەردەمی شـاخو مێژوویەکـی پرشـنگداری لەسـەر خسـتنی شۆڕشـدا هەیـە. بـەم شـێوەیە باسـی نەخۆشـخانەکانی شۆڕشـی لەسـەردەمی شـاخدا بـۆ کردیـن.

لەساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیم بە شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە کرد لە نەخۆشخانەی قوڵە هەرمێ لەناوزەنگ لە ناوچەی قەڵادزێ لەرێگای خوا لێخۆشبوو شەهید محەمەد سوڵتان.

سەرەتا نەخۆشخانەکە لەچەند ژوورێک پێک هاتبوو کە دکتۆری ددانی لێ بوو ئەویش دکتۆر سەردار تاڵەبانی کە دەرچووی کۆلێژی پزیشکی ددان بوو هەروەها ئامێری تیشکی لێبوو کە ئەوکات کارێکی زۆر گرنگ بوو.

کاک بەیان کاری لەسەر ئامێری تیشکەکە ئەکرد و هەموو کارەکانی کارەبایی لەنەخۆشخانە رێک دەخست.

ئەوکات د. فائق مەسئولی نەخۆشخانە بوو لە نەخۆشخانە تەنها کاری سەرەتایی ئەکرا بۆ پ.م و هاولاتیان کە لەناوچەکە بوون.

من کە هاتمە نەخۆشخانە ئەو کارانەم بەکەم ئەزانی بۆ کەسێکی خەریجی کۆلێژی پزیشکی بێت کە خۆم هەر لەسەرەتاوە ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی پەیوەندی بە شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە بکەم.

هەر کە موقیم بووم لەسلێمانی زۆربەی کاتەکانم لەگەڵ جەراح و ژوری عەمەلیات ئەبردە سەر پەیوەندی زۆر چاکم دروست کرد لەگەڵ جەراحەکان کە ئەوکات بەرێز دکتۆر نەوزاد عطاری لێ بوو و بەمامۆستای خۆم و دکتۆرێکی نمونەیم دەزانی کارەکانیم زۆر بەدڵ بوو ئەویش زۆر یارمەتی دام بۆ ئەوەی زۆر باش فێری عەمەلیات ببم.

جگە لەدکتۆری جەراح ستافی

نەخۆشــخانە زۆر گرنــگ بــوو بــۆ ئــەوەی عەمەلیـات بکـەم بۆیـە پەیوەنـدی زۆر چاکـم لەگــەڵ ئەوانیــش دروســت کــرد بەتایبەتــی ســتافی تەخدیــر و ســتافی ژووری عەمەلیــات. بۆیـە کەهاتمـە نەخۆشـخانەی قولـە هەرمێ کاری نەخۆشــخانە بەکەمــم ئەزانــی بــۆ خۆم و ئەمــووت ئەمــە تەنها کاری کادری پزیشــکی یــە وەک معــاون طوبــی نــەک وەک دکتــۆر هەر لەســەرەتاوە هەوڵــم دا کاری پزیشــکی پــەرە پێبــدەم و دەمویســت ئــەو ئەزموونــەی لــە ســلێمانی لــە ژووری نەشــتەرگەری فێربــووم لــە لادێ جــێ بەجێــی بکــەم .

پرســیارم دەکــرد بۆ نەشــتەرگەری لێـرە ناکەن کــە دکتۆریشــی لــێ بــوو ئــەوان وەڵامیــان ئــەوە بــوو کــە ئــەو کارە لێـرە ناکرێـت و زۆر شــتی پێویســتە وەک ئامێــری تخدیــر و کــادری تەخدیــر و ژووری نەشــتەرگەری.

مــن لەســلێمانی فێــری نەشــتەرگەری کــردن بــووم کارەکانیــم بــە باشــی دەزانــی.

هەوڵمــدا نەشــتەرگەری لــە نەخۆشــخانەی قولــە هەرمــێ بکــەم کــە پێشــیان نەدەکــرا بۆیـە پەیوەندیـم بـە بەڕێز شـەهید مامۆسـتا جەمــال تاهیــرەوە کــرد و داوام لــێ کــرد یارمەتیــم بــدات و ئــەو زۆری پــێ خــۆش بــوو وەڵامــی دامــەوە کــە هــەر کارێــک پێویســت بــوو بــۆ منــی ئەنجــام دەدات.

مامۆسـتا شـەهید جەمـال تاهیـر مەسـؤلی ڕێکخســتنەکانی ی.ن.ک بــوو پەیوەنــدی زۆر باشــی هەبــوو لەگــەڵ ڕێکخســتنەکانی نــاو شــار بەتایبەتــی ســلێمانی کــە مــن لــەوێ

ئەو دەنگ و باسانە بڵاو بویەوە کە لە قولە هەرمێ نەشتەرگەری دەکرێت. بەڕێزان مام جەلال و کاک نەوشیروان ملازم عومەر هەواڵەکانیان پێ زانی و زۆر پاڵپشتی منیان کرد بە ئەنجامدان و پەرە پێدانی کاری پزیشکی لە ناو ی.ن.ک.

کارم دەکرد.

داوام لێ کرد هەندێک کەل و پەلی پزیشکی و دەرمانی تایبەت بە نەشتەرگەریم لەسلێمانی بۆ دابین بکات و ئەو زۆر بەخۆشحاڵیەوە بە تەنها چەن رۆژێک هەموو ئەو کەل و پەلەی کە پێویست بوو بۆی دابین کردین لەوانەش دەرزی کیتامین کە تەنها بەو دەرزییە ئەتوانم نەشتەرگەری ئەنجام بدەم بەبێ ئەوەی ئامێری تەخدیریان هەبێت. دەستم کرد بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی قولە هەرمێ یەکەم جار دەستم کرد بە قاچ برینەوە کەتەنها بەدەرزی کیتامین ئەکرا و یەک کەسیش یارمەتی منی ئەدا لەئەنجامدانی ئەویش پ.م ناوی عەلی مینا بوو ئەو کەسە خووێنی ئەدیت نەدەبورایەوە.

چەندین سەجی شکاندنی ڕانم بە درێل ئەنجام ئەدا کە ئەو کات کاک بەیان درێلی بۆ من ئامادە ئەکرد و تەعقیمی ئەکرد و منیش بە درێلی ئاسایی کارەکەم بەچاکی ئەنجام ئەدا.

چەندین جیست پێوم ئەنجام ئەدا بەشێوەیەکی باش کە بە صمامێکی تایبەتم ئەنجام دەدا کە خۆم داهێنانم بۆ کرد کەبە دانانی جەست تیوب تەنها بەصمامەکە خوێنم سەحب دەکرد لەناو سنگ و هەروەها بەو صمامەش خوێنم ئەبردە دەرەوە.

ئەو دەنگ و باسانە بڵاو بویەوە کە لە قولە هەرمێ نەشتەرگەری دەکرێت.

بەرێزان مام جەلال و کاک نەوشیروان ملازم عومەر هەوالەکانیان پێ زانی و زۆر پاڵپشتی منیان کرد بە ئەنجامدان و پەرە پێدانی کاری پزیشکی لە ناو ی.ن.ک. مەڵبەندەکان دانران و تیپەکان دابەش کران بەرێز دکتۆر فائق بوو بە مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵو و دکتۆر شالاو بۆ دۆڵی سەرکەپکان و دکتۆر زریان بۆ مەڵبەندی سێ منمامەوە لەسەرکردایەتی و لەوێ کاریزیشکیم بەرێوە دەبرد.

بەرێز مام جەلال مقەری خۆی لەپلگان دامەزراند ئێمەش لای دێی سەرکەپکان.

مام جەلال منی ڕاسپارد بۆ ئەوەی نەخۆشخانەیەک دروست بکەم لەو دۆڵەو منیش جێگایەکم هەڵبژارد لەسەر ڕوبار و لەناو دۆڵێک و دەستمان کرد بەدروست کردنی و زۆر پێوەی ماندو بووین بەلام پێش ئەوەی لەنەخۆشخانە دەوام بکەین مفاوضات دەستی پێ کرد و کاک نەوشیروان ووتی وەرە برۆ بۆ سورداش ئەو نەخۆشخانەیە بەجێ بهێڵە من زۆرم پێ ناخۆش بوو بەلام ووتی دەبێت بەجێی بهێڵیت و برۆی بۆ سورداش.

مام جەلال پێی زانی کەمن مفاوضاتم پێ خۆش نەبوو بۆیە رۆژێک بانگی کردم و لە ئاوزی بە تەنیا پیاسەمان دەکرد لەسەریان پێی ووتم بیستومە کە مفاوضت پێ خۆش نیە ووتم بەڵێ و ئەو وەلامی داوە و ووتی من زانیومە تۆ

پیاوێکــی ڕیاضیــت و هیوایەتــی ڕیاضـــەت هەیـە گوتـم بەڵــێ ووتــی ئەگــەر یەکێکــی ڕیاضــی ماندوبێت پێویستــی بـە چــی هەیە وتـم ئیســراحەت و ئەویــش وەڵامــی دامــەوە ووتــی ئێمـــەش هــەر وائەکەیــن و ئەگـــەر کارەکەمـــان بـــەدڵ نەبـــوو واز دەهێنیــــن وەهەروەهــا وتــی ئــەی تــۆ بەمنــت نــەدەوت کــە ئێمــە پێویســتمان بــە ئەجهیـــزەی تەخدیــر و عەمەلیـــات هەیــە بــۆ ئــەوەی کارەکانمـــان بــە چاکــی ئەنجـــام بدەیــن بۆیــە ئەمـــەش دەرفەتێکــە بۆئــەوەی ئــەم کارانــەش ئەنجـام بدەیـن و بزانـە چـی کـەم و کـــوڕی هەیــە پــڕی بکـــەرەوە و ســـود لــەم دەرفەتــە وەر بگـــرە.

بۆیــە مــن تەرکیــزم لەســەر ئەمــە کــرد کــە تەنهــا ســود لــەم دەرفەتــە وەربگـــرم.

کــە چـــووم بــۆ ســـورداش لەنەخۆشـــخانە دکتـــۆر شـــالاوی لــێ بـــوو نەخۆشـــخانەیەکی زۆر بـــاش بـــوو بـــە زۆری نەشـــتەرگەری و تاقیگــە و تیشــک وەهەروەهــا زۆری دکتـــۆری دان کــە بــە فەرمانــی تایبــەت دروســت کــرا لــە مجلــس قیـــادة الثـــورە.

هەروەکو پێشـــان باســـم کـــرد پەیوەندییەکــی باشـــم هەبـــوو لەگـــەڵ دکتـــۆرەکانـــی ســـلێمانی ســـتافی پزیشـــکی و هەمـــوو هەفتەیـەک دکتـــۆری پسـپۆڕ لەسـلێمانیەوە دەهاتنـــە ســـورداش بۆبینینـــی نەخـــۆش.

دکتـــۆر نـــەوزاد عطاریـــش ڕۆژێـــک هاتـــە ســـورداش و چـــاوی بەمـــن کـــەوت ووتـــی تـــۆ وەرە بـــۆ ســـلێمانی لـــەزۆری عەمەلیـــات دەوام بکـــە و دەورەی جراحـــە لەســـلێمانی ببینـــە و ئێمـــەش یارمەتـــی ئەدەیـــن.

بۆیـــە مـــن و کاک خالـــد و کاک ئەنـــوەر و کاک نـــەوزاد چـووین بـــۆ ســـلێمانی بـــۆ دەورەی عەمەلیـــات و تەخدیـــر و ژوری عەمەلیـــات.

ســـودی زۆرمـــان وەرگـــرت لـــەو دەورەیـــە بەهەمووومانـــەوە. لەمفاوضـــات ی.ن.ک ئیـــدارەی گشـــتی هەبـــوو دکتـۆر خەســـرەوخاڵ لێپرســـراوی ئیـــدارەی گشـــتی بـــوو وەک ئەندامـــی م.س.

ڕۆژێـــک دکتـــۆر خەســـرەوخاڵ بانگـــی کـــردم لـــە ســـیروان وتـــی ئێمـــە ئیـــدارەی گشـــتیمان دانـــاوە لەنـــاو ی.ن.ک و مـــن ســـەرپەرشـــتی ئیدارەکـــە دەکـــەم و بەشـــی تەندروســـتی بەشـــێکە لـــەو ئیدارەیـــە و ئێمـــەش بڕیارمـــان داوە کـــە تـــۆ ببیـــت بـــە مەســـؤلی بەشـــی ترندروســـتی لـــە ئیدارەکـــەدا و منیـــش بـــە خۆشـــحاڵیەوە وەرمگـــرت.

هەوڵـــم دا بەشـــی تەندروســـتی لەنـــاو ی.ن.ک ڕێـــک بخـــەم و نـــاوم لـــێ نـــا دەزگـــای تەندروســـتی کوردســـتان (KHF).

مفاوضـــات کۆتایـــی هـــات و نەخۆشـــخانەی ســـورداش هەمـــوو ئامێرێکـــی پزیشـــکی تێـــدا بـــوو بۆیـــە هەوڵـــم دا نەخۆشـــخانەکە بگوێزمـــەوە بـــۆ مەرگـــە ســـیروان ئـــاگاداری بەڕێـــز مـــام جەلالـــم کـــرد و ئـــەو هەمـــوو کـــار ئاســـانیەکی بۆکـــردم و لەگـــەڵ پێشـــمەرگەکانی خـــۆی و ئۆتۆمبێلەکانـــی خـــۆی زۆریـــەی ئامێـــر و دەرمـــان و کەلوپەلـــی پێویســـت گواســـتمانەوە بـــۆ ســـیروان لـــە

ناوچەی مەرگە لە جهازی تەخدیر و ئەدەوات عەمەلیات و ئەدەوات مختەبەر و ئەشیعە و هەموو ئەدەواتی زەروری و دوای ئەوە گواستمانەوە بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵو کە بینایەکی باش لەوێ دروست کرابوو.لەدووای تەواوبوونی مفاوەزات شەڕی زۆرچاک کراو چالاکی (ی.ن.ک.)زۆر فراوان بوو ژوری عملیاتی تەواو لە بەرگەڵو دانرا وەک ئەوەی لە سلێمانی وهەرئەوجهازی ئەشیعەو مختەبەرو ژووری دکتۆری ددان و ژورەکە کە بوناوەندێکی گرنگ و ناسراو لە ناوچەکە هەوڵمدا هەموو مەڵبەندێک پزیشکێکی لێبێت و لە هەموو جێیەک کادری پزیشکی لێ بێت لە معاون طبی.

ناوی هەموودکتۆرەکان وکادری پزیشکی لای خۆم تۆمار کرد کە ئەوکات نزیکەی ٢٠ دکتۆری پزیشکی لە گەڵ ١٠٠ کادری پزیشکی لە معاون طبی و مختەبەر هەبوو .هەموومانگ معاشمان بۆ ئەوانە دابین ئەکرد بەجۆرەی ئمکان بات کە ڕێکخستن دەورێکی زۆر باڵای هەبوو. کارەکانمان زۆر گەورەبوو کاری گرنگمان ئەنجام دەدا وخزمەتی پزیشکی پێشکەش بە (پ.م)و هاووڵاتیانی ناوچەکان دەکرد بە بێ جیاوازی .

بەڕێزدکتۆر کەمال فوئاد ئاگاداری کاری ئێمە بوو و ڕۆژێک لەگەڵ خۆی داینشاندین و هەندێک کاری پزیشکی بۆمانی باس کرد لە منظماتی غێر حکومی کە لە خارج ئەنجام ئەدرێت و هەیە و ئەوپێشنیاری

کرد کە ئێمە ئەو هەموو دکتۆرو کادری پزیشکی و کاری پزیشکی ئەکەین لە گوندەکان ئەمە کاری منظمەماتی غێر حکومیە بۆیە پێشنیاری کرد کە ڕێکخراوی ناحکومی دروست بکەین هەرلەو کادرانە کە کاری پزیشکی ئەکەن لە گوندولادێ ناوی هەموودکتۆرەکان وکادری پزیشکی وئەنجومەنی گوندەکان و ئەوەی پێویست بووتۆمار کرا بۆئەوەی ڕێکخراوێکی ناحکومی دروست بکەین و ناومان لێ نا (Kurdistan Relief Association "KRA") بەکوردی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان لە ڕێگەی دکتۆر کەمال فوئادەوە ئەوەمان بڵاو کردەوە و پەیوەندی لە گەڵ خارج مان کرد لەگەڵ صلیب ئەحمری ئەڵمانی و سوری و ولاتانی ئەوروپی و هەروەها لە گەڵ منظماتی غێر حکومی ئەوروپی و لەوانەش (Medico International) کە

دەورێکی باڵای هەیە لە یارمەتی دانی ئێمە لە هاوکاری پزیشکی ومرۆی دەنگ وباسی ئێمە بڵاوبویەوە کە ئێمە تەنها ڕێکخراوین کە ناحکومین لە کوردستان کاردەکەین و لەوڕێگایەوە یارمەتی پزیشکی و مرۆی بە شێوەیەک بە ئێمە ئە گەیشت ڕێکخراوەکان هەوڵیان دەدا پەیوەندی لەگەڵ ئێمە ببەستن بۆ هاوکاری کردنی خەڵکی کوردستان لێ قەوماوان لە ۆردوگاو سەرسنورو گوندەکان هاوکاری پزیشکی زۆرو هەروەها هاوکاری مرۆی لە ڕێکخراوەکان بەدەست ئێمە گەیشت چالاکیەکانی (ی.ن.ک) زۆر پەرەی سەندو گەیشتە ئەوەی چەند داستان تۆمار بکرێت لەوانە داستانی دابان و گرتنی ناحیەو کۆنترۆڵکردنی چەند ناوچەی گەورە وناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی (ی.ن.ک)زۆر فراوان بووحکومەتی بعث ئاگاداری کاری پزیشکی ئێمەبوو لە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو بەردەوام قەسفی ئەکردین بەتۆپو تەیارەو گەیشتە ئەوای ڕۆژێک قەسفی کیمیاوی کرد بەتایبەتی

نەخۆشخانەی بەرگەڵوو.

کاری پزیشکی زۆر پەرەی سەند گەیشتە ئەوەی لە مەڵبەند نەک یەک دکتۆر بەڵکو زیاتر لە دکتۆرێکی لێبێت و وەرەی (پ.م)زۆرباش بە بونی کادری پزیشکی لەگەڵ چالاکی زۆر باش و جەرگ بڕ لە نظامی بعث درا حکومەتی بعث هەوڵی دا بەهەموو جۆرێک و هەمووچەکێک لەبەردەست دژی (ی.ن.ک)وئەوەبوو هە ندێک (پ.م)شەهید بوون بە ژەهری زرنیخ لە گەرمیان و گەیشتە ئەوەی لای ئێمە لە منظەمەی سیروان ڕۆژی ١٩٨٧/١١/٢٤من و چەند پ.م لەماڵی :ا: مصطفی چاوڕەش لە گوندی سیروان ژەهر خوارد کراین بە ژەهری ثالیوم کە نظامی بعث زۆر جار بەکاری هێنابو بۆلەناوبردنی نەیارەکانی و ئەوەبو لەوڕۆژەدایکی کاک مصطفی چاوڕەش و کچێکی مەلای مەرگە و پ.م (ی.ن.ک)کاک بێستون شەهید بوون بە ژەهری ثالیوم من وکاک مصطفی وکا: عدنان مفتی و دکتۆر عثمان محمود وچەندین پ.م دیکە ژەهر خوارد کرابوین ئەوکارەش بڵاوبویەوە امنیستی انتر ناسیۆناڵ تداخلی کردو هەندێک لەبرادەران بران بۆ خارج بۆ علاج و منیش چوم بۆ پاریس دوای ئەوەی ئەنفال دەستی پێکرد زۆربەی مقەرات چۆڵ کران وچوینە سەر سنوور لەگەڵ ئێران و زۆر خەڵکی گوندەکان بران بۆ ۆردوگاکان لە نزیک سەردەشت ڕێکخراوەکانی ناحکومی

جیهـان دەسـتیان کـرد بـە هـاوکاری کـردن لەڕێـگای (KRA) وە بـە هەمـوو جۆرێـک لـە هـاوکاری پزیشـکـی و خـواردن و هـاوکاری تـر لـە ئێـران ڕێکخـراوی (KRA)لەسـەر بریـاری بەریـز مـام جـەلال کرابـە جەبهەیـو هەمـوو حزبەکانـی کوردسـتان کـران بـە ئەنـدام لـەو ڕکخـراوە ومـن لێـی رازی نەبـوم ئەوەبـو دکتـۆر هەڵـۆ کـرا بـە مەسـئولی (KRA) مـن هـەرکاری خـۆم دەکـرد تەنها بـۆ(ی.ن.ک) بەنـاوی دەزگـای تەندروسـی کوردسـتان لەنـاو (ی.ن.ک.)دوای ئـەوەی چوویـن بـۆ سەرسـنور لـە ئێـران بەڕێـز مـام جـەلال منـی راسـپارد بـۆ ئـەوەی نەخۆشـخانەیەک لـە سەرسـنور دروسـت بکـەم لـە منتیقـەی قاسـمە ڕەش و نـۆکان ئەوەبـو مـن لـە نـۆکان جێگایـەک هەڵبـژارد لەسـەر سـنوری عێـراق ئێـران لەنزیـک رووباردەسـتمان بـەکار کـردەوە لـە نەخۆشـخانەی نـۆکان و ڕێکخـراوەکان زۆر هـاوکاری پزیشـکـی و مرۆییـان گەیاندە ئێمە لـە سەرسـنور (ی.ن.ک)خـۆی ڕێکخسـتەوە هەندێـک مەڵبەنـد دادەنرانـەوە هەنێـک پ.م ئامادەکـران وبـۆ ئـەوەی بچنـە خـوارەوە وەک پ .م پارتیـزان وئێمـە بـۆ هەموویـان دەورەی پزیشـکیمان کـردەوە ئامادەکـران بۆئـەوەی بـە هەندێـک کاری هەسـتن ئەگـەر پێویسـت بـوو

دەنگـۆی آنتیفاضـە هاتـە کایـەوە (ی.ن.ک) خـۆی ئامادەکـرد بـۆ ئەنجامدانـی و ئـەوە بـووکاک نەوشـیروان ئـاگاداری کـردم کـە خۆمـان ئامادەبکەیـن وەک بەشـی تەندروسـتی و ئامادەکـردی دەرمـان و کـەل وپەلـی پێوەسـت بـۆ کادری پزیشـکی .هەمـووکادرەکان دابـەش کـران و خـۆم لەگـەڵ بەرێـز نەوشـیروان ئامادەکـرد تاکـو آنتیفضـە دەسـت پـێ بـکات و ئێمـە هاتینـە خـوارەوە لـە گـەڵ کاک نەوشـیروان لـە ڕێـگای قاسـمە ڕەش نـۆکان و یەکـەم شـار کـە چاومـان پـێ کـەوت شـاری قەڵادزێـو دوای ئـەو ڕانیـە تاکـو کەرکـوک ڕزگار کـرا پێکـەوە بویـن و کـە تـەواو بـوو بـۆ ئیسـراحەت چویـن بـۆ شـاری سـلێمانی ناوی پزیشـکەکانی ناو (ی.ن.ک)

١-د. شـوان
٢-د.خدر
٣-د.سەردار
٤-د.شالاو
٥-د.زریان
٦-د.فائق
٧-د.هەڵۆ
٨-د.هەفاڵ
٩-د.حسن
١٠-د.دڵشاد
١١-د.جبار
١٢-د.محمد آمین
١٣-د.ئازاد
١٤-د.حسێن
١٥-د.جلال
١٦-د.ناصح
١٧-د.هێرش

ئا/ئاودێر بەرزان حاجی ئیبراهیم

بەهێزترین دەزگای هەواڵگری موساد

بەتارمایی جیهان باوکی دەزگا هەواڵگرییەکان ناوی دەنێن بەهێزترین کاری گەورەترین دەزگای هەواڵگری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دووەم گەورەترین دەزگای هەواڵگری جیهانە لەدوای (**CIA**) ئەمەریکی وە کەمترین زانیاری لەسەری هەیەو چەندین کاری شاراوەی کردوە و ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە ئاسایشی وڵاتی خۆی و بەشێکی وڵاتانی ئەم ناوچەیە ئەویش دەزگای هەواڵگری موسادە.

لەساڵی **2021** (داڤیو بەنیاع) سەرۆکی دەزگای هەواڵگری مۆسادە و ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل فەرمان وەر دەگرێ سەرۆکەکەشی دیاری دەکرێت بووجەی ساڵانەش لە نێوان **2**بۆ**3** ملیار دۆلار دایە گرنگترین دیارترین ئەرکەکانی چاودێری ڕێکەوتنەکانی وڵاتەکەیەتی لەگەڵ وڵاتانی دی

کەو ئەرکی لە پێشینەی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی جوولەکەیە لەسەرتاسەری جیهان کاری سیغوری بەسەر زۆرینەی وڵاتانی جیهانەوە دەکات و ئەگەر ئەو وڵاتانە دۆست یانەیاری ئیسرائیل بن ئەرکەکانی دیکەشی بەستنی پەیوەندی یە لەگەڵ سەرکردەو کەسایەتیە دیارەکانی جیهان و هاوکات هەوڵ ئەدات بۆ تێک شکاندنی ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر وڵاتەکەیوو ئامانجیشی لاوازکردنی ئەو وڵاتانەیە کە ئیسرائیل بەنەیاری سەرسەختی خۆیان دەزانن.کارێکی تری دەزگای مۆساد: کۆکردنەوەو زانیاری هەواڵی تەواوی ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە بەتایبەتی ئەوانەی کەپیوەستن بەجوولەکەوە.ئەنجام دانی سەرجەم چالاکیەکانی ئیسرائیلی لە دەرەوەی وڵات کاری مۆسادە. هاوکات بەدوای کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ئەم دەزگایە هەولی داوە بەتۆڵە

بەشی زانیاریەکان: کاری ئەم بەشە کۆکردنەوەی زانیاری داتای وردە لەسەر ئەوکەسایەتی و شوێنانەی کە مۆساد دەیەوێ بە ئامانجیان بگەیەنێت پێش ئەنجام دانی هەر چالاکیەک بەشی زانیاریەکان شی کاری و لێکۆڵینەوەی زۆر ئەنجام دەدات و زانیاری تەواو بەدەست دەهێنێت

سەندنەوە لەسەرجەم ئەو ئەفسەرو بەرپرسە بالآیانەی کەدەستیان هەبووە لە کوشتنی جولەکەکاندا پێک هاتەی دەزگای مۆسادبەم شێوازەیەو بەگشتی 8بەشی هەیە .بەشی زانیاریەکان: کاری ئەم بەشە کۆکردنەوەی زانیاری داتای وردە لەسەر ئەوکەسایەتی و شوێنانەی کە مۆساد دەیەوێ بە ئامانجیان بگەیەنێت پێش ئەنجامدانی هەر چالاکیەک بەشی زانیاریەکان شی کاری و لێکۆڵینەوەی زۆر ئەنجام دەدات و زانیاری تەواو بەدەست دەهێنێت و بەشی چالاکیەکان: کاری ئەم بەشە دانانی پلان و دەزگیرکردن و بەئامانج کردنی ئەو کەسایەتیانەیە کە دەبنە هۆی زیان گەیاندن بەبەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل.

جەنگی دەرونی: ئامانجی ئەم بەشە بلاو بوونەوەی پروپاگەندەو هێرشی دەرونی یە بۆ سەر نەیارەکانی ئیسرائیل کە ئەوەش دەبێتە بلاوبوونەوەی ترس و دڵەراوکێ یەکی زۆرو هەندێ جار بەبێ هیچ چالاکیەکی چەکداری و تەنها لەرێگەی جەنگی دەرونی یەوە ئامانجەکەی دەپێکێت.

بەشی ئۆپراسۆنە تایبەتەکانی کەبەبێ سادە ناسراوە.

بەشی توێژینەوە: بەرپرسیارە لە راپۆرتی بارودۆخی رۆژانە پوختەی هەفتانە راپۆرتی وردی مانگانە.

بەشـــی تەکنەلۆژیـــا: بەرپرســـیارە لــە پــەرە پێدانــی تەکنــە لــۆ ژیــا پێشــکەوتوەکان.

جگــە لــەم بەشــانە چەندیــن بەشــی تایبــەت بەپــەروەردەو پێگەیانــدن ئەتوانــم لەنــاو دەزگای مۆســادا کەبەشــێکیان بــۆ کاری دوور مــەوداو ئــەم دەزگایــە نزیکــەی 7هــەزار کــەس کاری تێــدا ئەنجــام دەدەن و چەندیــن دەســتە واژە بــەکار دەهێنــن بــۆ ئەوانــەی کاری تێدادەکــەن دیــار نیــن.

ماموون: بەڕێوبەری مۆساد.

کاســتا: کارمەنــدی مەیدانــی مۆســاد.

کیرۆن: کارمەندی کاری زۆر شاراوە.

خالاش:کارمەندی دەزگای لەلوبنان.

ســیانیم: بەوجولەکانــە دەوترێــت لــەدەرەوەی أیســرائیل دەژیــن.

ماکــوا: هەواڵگــری یەکــی مۆســادە کــە جولەکەنەبێــت.

دەزگا.

ئــەم گروپــە هەمــوو کارێــک دەکــەن لــە پێنــاو وڵاتەکەیانــدا نــەک لەپێنــاو هیــچ کــەس و لایەنێــک دا بۆیــە بەرژەوەندیەکانــی وڵاتەکەیــان لــە هەمووشــتێک لا گرنگتــرە.

ڕەنگــە چەندیــن شــاراوای ئــەم دەزگایــە هەبووبێــت بــە نهێنــی مابێتــەوە.

مێدیتەیشنەکانی دیکارت

هەڵهێنجانی چەمکی مەعریفەی خودا و خود ناسی

گۆران زیاد شێخانی
مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن / پەیمانگا

بەشی یەکەم

وەک سەرەتایەک دەمەوێت کورتەیەک لەسەر چەمکی فەلسەفە بنووسم هەرچەندە زۆرێک ئاشنایەتیان هەیە لەگەڵی بەڵام خوودی فەلسەفەناسی وا دەکات نووسەر جۆراو جۆر و پڕ مانا لەچەمکی فەلسەفە وردبێتەوە وەک چەمک وشەی فەلسەفە لە وشەکانی (فیلۆ ،سۆفۆس)ی یۆنانی وەرگیراوە، ئەگەر بەکوردی بکەین هاومانابیەکی هەیە لەگەڵ (حیکمەت ناسی و خۆشەویستی بۆزانین و ورد بوونەوە لەراستی) دیوێکی تری باسەکە ئەوە کە کێن ئەوانەی کە دەکرێت وشەی فەیلەسووفیان بدەینەپاڵ گومان لەوەدانیە کە سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ و کانت و فارابی و ئیبن سینا و ئیبن ماجە و غەزالی و مەلا سەدرا و بۆڵ ریکۆر و ستانلی کافیل و پیتاگۆرس و دێکارت و جاک دریدا و مێشێل فۆکۆ جیۆرج گەدامیر لودڤیگ ڤتگنشتاین نیچە و شۆپنهاوەر و چەندانی تر فەیلەسووفی راستەقینەی سەردەمانی خۆیان بوون و هیچ دەمەتەقێ و قسەوباسێک هەڵناگرێت ، بەڵام ئاساییە هەندێک لە بیریارانی تر کە تەواوی تواناکانیان لە چوارچێوەی زانستێکی دیاریکراوی سیاسی یان ئابووری یان سروشتی قەتیس بووە بە فەیلەسووف ناوزەند دەکرێن وەک هانا ئارەندت کە تیۆریارێکی سیاسی زیاتر نیە یاخوود یۆرگان هابرماس کە زیاتر تیۆریارێکی دەروونناسیە و بەڵام بە فەیلەسووف ناوزەند دەکرێن هەرچەندە خۆیان مەرج نیە ویستیان لەسەر ئەم پێشگرە هەبێت.

لێرەدا ناوەرۆکی تەوەرکە سەرنج دان و وردبوونەوەیەکی زانستیە لە دید و ژیانی دیکارت کە فەیلەسووفی بەناوبانگی فەرەنسی دیکارت لەساڵانی 1596 لە وڵاتی فەرەنسا لەدایک بووە و لە ساڵی 1650 کۆچی دوایی کردوە بیرکارو شارەزای فیزیک و نووسەری فەرەنسایی بە باوکی فەلسەفەی نوێگەر ناوزەند دەکرێت زۆرێک لە بابەتەکانی دیکارت فەلسەفەیەکی ئارەزوومەندانەی فیزیکی فەلسەفین کە تەواوی بیرمەندانی لەسەر ئەوە کۆکردۆتەوە کە دیکارت بەوپەری لەخۆرادیتی خوێندنەوەی بۆشتەکان کردوە و کرۆکی هۆشیاریەکەشی وەک بەشێک لە کاریگەریەکانی فەیلەسووفی یۆنانی ئەرەستۆ دەبیندرێت هەروەها وەک بەشێک لە زیندوو کەرەوەی ستۆیسیزمی سەدەی شازدەیە کە بریتین لە (رەوتێکی زیندووی خاوەن تایبەتمەندی دیاریکراون کە بۆماوەی پێنج سەدە بەردەوام بوون کرۆکی بیرمەندانی ئەم رەوتە پێیان وایە کە جگە لە عەقڵ هیچ دەسەڵاتێکی بەرزتر نیە لەمەوە دەگەینەوە ئەو راستیەی کە جیهان ئەوەیە کە عەقڵ بۆمان دەردەخات) ئەمە وای لێکردوە کە تێروانینە ئاینیەکانیدا سوور بێت لەسەر تاک بوونی دەسەڵاتی خودا بۆ کردەوەی خولقاندن .

دیکارت شەش خولیای بنەرەتی جیاکردۆتەوە کە بریتین لە سەرسوڕمان خۆشەویستی ڕق ئارەزوو خۆشی و دڵتەنگی کە پێی وایە هەموو ئەو خولیایانە دەتوانن ببن بە نموونەی پێکهاتەی ڕۆحێکی جیاواز و ڕەسەن هەروەها دەرخەری پەیوەندی نێوان خولیا و هەڵسوکەوت هەیە خولیا زۆر بەئاسانی دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان بکات

دیکارت بەوە ناسراوە کە هەمیشە وتوویەتی : من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم ، دەربارەی گرنگی دەرکەوتن و زۆر باووبوونی ئەم وتەیە نوسەر و لۆژیکزانی بەناوبانگی بەریتانی بێرتراند ڕەسڵ پێی وایە سەرەتای گۆرانکاری فەلسەفی لەبیرکردنەوەی دەستەییەوە بۆتاکگەرایی لەم وتەیەی دیکارتدا دەردەکەوێت پاشخانی ئەم گۆرانکاریەش لەدەستەی فەیلەسووفانی تاکگەرایی یان مرۆڤپەرستی سەرچاوەی گرتووە، ڕەسڵ ئەم چەمکە دەگەڕێنێتەوە بۆرێبازی تاکگەرایی کە (هەڵوێستێکی فەلسەفی سیاسی لۆژیکیە کە پێداگرە لەسەر ڕەوشتی تاکە کەس و پشتگیری ئامانج و ویستی کەسەکان دەکات لەپشت بەستن بەخۆیان هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت بەرژەوەندیە کەسیەکان لەسەر و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت بن) کە پێیان وایە (شورا هەڵەن و تاک ڕاست بن) .

هەرچەندە لەبەرامبەر پرەنسیبی دەستەگەرایی هەیە کەلایەنی کەم لای بێرتراند لەفەلسەفەی یۆنانەوە هەر لە فەلسەفەی ئاینگەرایی و کۆمەڵگەرایی و پاشایەتی تا دەرکەوتنی پرۆتێستانیزم کە (بریتین لە کۆمەڵەی مارتن لۆتەر کە لەدەر ئەنجامی چەوساندنەوەی زۆری کڵێسا تووشی خەڵک ببوو دروست بوون) تاکوو

ئێستاش بەشێک لەبیرمەندانی تازە پێیان وایە کە فەلسەفەی تاکگەرایی و خوود جێگای ئاینەکانیان گرتۆتەوە . دێکارت لە گوتاری میتۆدا هەوڵ دەدات بگاتەکۆمەڵێک بنەمای بنەڕەتی کە مرۆڤەکان دەتوانن بەبێ هیچ گومانێک وەک راستی بزانێت بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش میتۆدێک بەکاردەهێنێت کە پێی دەوترێت گومانی هیپەربۆلیک یاخوود میتافیزیک کە هەندێک جار گومانی میتۆلۆژیا یان گومانی کارتێز ناودەبرێت هەر بیرۆکەیەک دەتوانێت گومانیان لەسەر بکرێت رەتدەکرێتەوە و دواتر دووبارە دایدەمەزرێننەوە بۆئەوەی ببێتە بناغەیەکی بەهێز بۆ پتەوکردنی زانیاری راستەقینە ، دیکارت بیرۆکەکانی لەسفرەوە بنات ناوە کە لە کتێبی (مێدێتەیشنەکان لەسەر فەلسەفەی یەکەم) ئەمە بەتەلارسازی دەبەستێتەوە خاکی سەرەوە دەردێنێت بۆدروستکردنی بینا یان پێکهاتەی نوێ هەر ئەمەشە کە دیکارت لەو روەوە پێی وایە بناغەخوازی ئەرستۆ ناتەواوە و شێوازی گومانەکەی بناغەخوازی بەرز دەکاتەوە دواتر دیکارت بەو ئەنجامە دەگات کە دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی کەبوونی هەیە چونکە بیردەکاتەوە بەڵام بە چ فۆرمێک ؟ لەرێگەی بەکارهێنانی هەستەکانەوە هەست بەجەستەی خۆی دەکات ،بەڵام پێشتر ئەمانە جێی متمانە بوون بۆیە دیکارت دیاری دەکات کە تاکە زانینی گومانلێکراو ئەوەیە کە ئەو شتێکی بیرکەرەوەیە بیرکردنەوە ئەوەیە کە دەیکات و دەبێت دەسەڵاتی لەجەوهەرەکەیەوە هەبێت کە بیرکردنەوە بەم شێوەیە پێناسە دەکات : ئەوەی لەمندا روودەدات بەجۆرێک کە من بەکسەر ئاگاداری بم تائەو رادەیەی کە ئاگاداری بم ، دیکارت لە کتێبی سۆزەکانی رۆح کەلەساڵی 1649 بڵاوکراوەتەوە باسی ئەوە دەکات کە جەستەی مرۆڤ رۆحێکی ئاژەڵی تێدایە کە بەردەوام بەدەوری مێشک و ماسوولکەکاندا دەسورێتەوە کاریگەری هەیە لەسەر خولیای مرۆڤەکان لەبەر ئەوەیە دیکارت شەش خولیای بنەرەتی جیاکردۆتەوە کە بریتین لە سەرسوڕمان خۆشەویستی رق ئارەزوو خۆشی و دڵتەنگی کەپێی وایە هەموو ئەو خولیایانە دەتوانن ببن بە نموونەی پێکهاتەی رۆحێکی جیاواز و رەسەن هەروەها دەرخەری پەیوەندی نێوان خولیا و هەڵسووکەوت هەیە خولیا زۆر بەئاسانی دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەڵسووکەوتی مرۆڤەکان بکات ئەوەش بە دەرکردنی رژێنێک لە مێشکەوە کە سەرچاوەکەی خولیایەک بێت ناوی ئەو رژێنەشی نا رژێنی پینێڵی .

هەروەهـا دیـکارت تیۆرێکـی لەسـەر کاردانـەوەی ئۆتۆماتیکـی جەسـتەیی بەرامبـەر بـە ڕووداوە دەرەکیـەکان پێشخسـت کـە کاریگـەری لەسـەر تیـۆری ڕەفلەکسـی سـەدەی نۆزدەهـەم هەبـووە کەپێـی وابـووە جوڵـە دەرەکیـەکان وەک دەسـت لێدان و دەنـگ دەگەنـە کۆتاییەکانی دەمـارەکان و کاریگـەری لەسـەر ڕۆح هەیـە کـە نموونـەی نزیـک بوونـەوەی دەسـت لەئاگـر وەک سـامپڵێکی زینـدوو و خێـرا بـاس دەکات ، لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەشـدا پێـی وابـووە کـە دەبێـت ڕۆح بخرێتـە ژێـر لێکۆڵینـەوەی زانسـتی ئـەو تەحـەدای بۆچوونـی هاوچەرخەکانـی کـرد کـە ڕۆح خودایـە هەرچەنـدە نەیتوانیـوە لـەو ڕوانگەیـەوە هەسـت بـە جیاوازیەکانـی نێـوان ڕۆح و خـودا بـکات وەک زۆرێـک لـە بریـارە فەلسـەفیەکانی ئاینناسـی وەڵامیـان هەبـووە بـۆ ئـەم دەسـتەواژەیەی دیـکارت چونکـە ئـەو وەک لایەنـی تـەواوکاری خـوودی ڕۆح لـە خـودای ڕوانیـوە گومانیـش لەوەدانیە کـە خالـق مەبەسـت لـێ خودایـە دەبێـت ڕاسـتەوانە پەیوەندیەکـی هەبێـت لەگـەڵ ڕۆح چونکـە ڕۆح کەمتریـن کـەس ئەوانـەن کـە توانیویانـە دەربـارەی بدوێـن هـەم لـە ڕووی تیۆریـەوە وەک تیـۆری و دوان لێـی هـەم وەک بـە پراکتیزەکـردن و تاقیکردنـەوەی ڕۆح لەبـەر ئـەوەی دیـکارت پـێ وابـووە کـە ڕۆح دەتوانێـت بـاش بێـت ئەگـەر خـۆی بیەوێـت بەپێچەوانـەوە هـەر ڕاسـتە بەومەرجـەی کاریگەریـە سروشـتی و میتافیزیکیـەکان فەرامـۆش نەکرێـن بەنموونـە مرۆڤـەکان ئەگـەر ویسـتی شـەرانگێزیان هەبێـت سروشـت و ئاژەڵەکانـن پاڵنـەری خراپـەکان ، کەچـی زیـاد لـەوە لـە تیـۆری ئیبـن غـەزەل و ئیبـن سـینا و فارابـی ڕۆح تاکـوو ئێسـتا بـە پاکـی ماوەتـەوە لەبـەر ئـەوەی خوداوەنـد ڕۆحـی مرۆڤەکانـی سەرپشـک کـردوە کـە بـاش بـن یاخـوود خـراپ لەگـەڵ ناردنـی ڕێنامـەی ژیـان و ژیـری کـە لەلایـەن پیاوانـی ئاینـی بـەردەوام پەسـەند دەکرێـت .

ئەخـلاق یاخوود ئاکار لای دیکارت زانسـتێکی هـەرە بـالا بـووە کامـڵ و پـڕ بـە پێـز وەک باقـی زانسـتەکانی تـر ڕەگ و ڕیشـەی لـە بازنـەی میتافیزیکـدا هەیـە هەمیشـە لـە شـوێنی سروشـت و مرۆڤەکانـی کۆڵیوەتـەوە بەرگـری لە ئیرادەی ئـازاد دەکات بۆنموونـە دەڵێـت : عەقـڵ بەسـە بۆئـەوەی ببێـت بەڕێنمایـی کاری کردەوەکانمـان چونکـە عەقڵێکـی بـاش و ئـاگادار توانـای هەڵبژاردنـی بـاش و زیاتـری هەیـە هەروەهـا عەقڵـی بـاش پەیوەسـتە بەبـاری دەروونـی مرۆڤـەکان هەرلەبـەر ئەوەشـە کـە پێـی وایـە فەلسـەفەی ئەخلاقـی تـەواو دەبێـت لێکۆڵینـەوەی تـەواوی کردبێـت لـە جەسـتە و هەڵسـوکەوتەکانی ئـەو سیفەتەشـی

لــە کاتــی نووســینی نامــەکان بــۆ شــازادە ئەلیزابێســی بەروونــی هەســت پێدەکرێــت و دواتــر هەمــوو ئــەو نامانــە بــوون بــە لێکۆڵینەوەیــەک لەپرۆســە و کاردانــەوە دەروونیــە جەســتەیەکان لــە مرۆڤــدا .

خۆشــبەختانە دیــکارت لــە میدیتەیشــنی ســێهەم و پێنجەمــدا بەڵگەیەکــی دیــار دەخاتــە روو کــە بریتیەلــە هەبوونــی خودایەکــی میهرەبــان کــە ئــەو بــە خــودای خێرخــواز نــاوی دەبــات و دەڵێــت : لەبــەر ئــەوەی خودایەکــی خێرخــواز بوونــی هەیــە و عەقــڵ و سیســتمێکی هەســتیاری کارکــەری بــۆ دابیــن کــردووە و ئــارەزووی فریودانــی نیــە کەواتــە بــاوەڕی بــەو حســابە هەیــە کەواقعیــە و هەســتەکانی بــۆی دابین دەکــەن بەهەمــان شــێوە دیــکارت بانگــەوازی بنەمــای گونجــاوی هۆکارەکانــی خــۆی دەکات بۆپشــتگیری کــردن لــە ئارگیومێنتــی نیشــانە بازرگانیــەکان بــۆ هەبوونــی خــودا لەبەرگریکردنــدا لوکریتیــۆس دەهێنێتــەوە کــە بەمانــای (هیــچ شــتێک لــە هیچــەوە نایــەت) کــە گوزارشــتە لــە بیرۆکــەی ئێمــە لــە کامڵبــوون پەیوەنــدی بەســەرچاوە تەواوەکەیــەوە هەیــە کــە بوونــی (خودا)یــە لەکۆتایــی مێدیتەیشــنی پێنجەمــدا دووبــارە بــە ئارگۆمێنتــی ئەنتۆلــۆژی دەیســەلمێنێت کــە بوونەوەرێــک کەتــەواو و بێکۆتایــی باڵایە دامــەزراوە و پێشــنیاری ئــەوە دەکات کــە لــە

هەمــوو ئــەو بیرۆکانــەی کــە لەمنــدا هەیــە بریتیەلــەوەی کــە خــودا راســترینە هەروەهــا روونترینــە و هەروەهــا جیاوازتریــن ، بەڵگــەڵ بۆئــەوە ئەوەیــە کــە دیکارت هەمیشــە خۆی بــە کاســۆلیکێکی دڵســۆز زانیــوە و یەکێــک لــە ئامانجەکانــی مێدیتەیشــنەکانی بریتــی بــوون لــە بەرگریکــردن لــە ئایــن هەوڵــدان بــۆ زەمینەســازی بــۆ پەیرەوانــی ئاینــی ئاســمانی هــەر چەنــدە رەخنــەی جــدی لێدەگیرێــت دەربــارەی ئــەوەی ویســتوویەتی هاوپیشــەکانی دووربخاتــەوە لــە خــودا چونکــە ئەوەتــا باســکاڵ دەربــارەی دەڵێــت : دیــکارت عەقڵانیەکــی میکانیســتە و ناتوانــم لــە دیــکارت خــۆش ببــم بەهەمــوو فەلســەفەکەیەوە دیــکار هەمــوو هەوڵێکــی دەدا تاوەکــوو لــە خــودا دوورم بخاتــەوە، بــەڵام دیــکارت نەیتوانــی خــۆی لەپاڵنانــی خــودا بپارێزێــت و ببێــت بــە خــودا نەنــاس بۆئــەوەی جیهــان بخاتــە جووڵەیەکــەوە کــە جیهــان سروشــتێکی دوور لەخودایــەو هێــزی خــودا دوورە لــە گۆڕانکاریــە خودایبــەکان .

بەشی پانزەیەم

سەربەست باڵخی

سەربازەونەکان

لەدەیەی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕەوشی سیاسی عێراق و کوردستان وای کرد هەزارەها گەنج وتازە پێگەیشتووی وڵات لەڕێڕەوی ئاسایی ژیان لایاندا و پەرتەوازەی ژیانی ناهەمواری بوون، منیش ئەوکاتەو لەتەمەنێکی کەمەوە بووم بە پێشمەرگە و تێکەڵی شۆڕشی چەکداری بووم لەریزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا،بەبێ ئەوەی بەدەست خۆم بێت بووم بەکارەکتەر و بەشداربووی دەیان شەڕی سەخت و خوێناوی، دەیان کارەسات و چرکەساتی مەترسیدارم بینی،ئەوەی کەمنی پێشمەرگەیەکی سادەی کەم تەمەن بینیومە و تیایدا ژیاوم ڕەنگە لەناو کتێب و بیرەوەریەکانی لێپرسراوانی ئەوێ ڕۆژێ باس نەکرابێت و چوبێتە خانەی فەرامۆشیەوە . بۆیە بڕیارمدا ئەورۆژگارە سەخت و ڕۆژە خوێناویانە بهێنمەوە یادی خۆم و بەبێ زیادکردن و وەك خۆی بیاننوسم.کەئەوەش بەشێکە لەمێژووی ئەم گەلە.

ئەرکمان لە شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی سێ لەسەر شاخەکانی گەرووی مەنجەڵ و کاروخ درێژەی کێشا. ویڕای ئەوە ڕۆژانە دووربەدوور یەکترمان ئاگرباران دەکرد و چەندان جار هەوڵیاندا شاخەکان بگرن. بەڵام بۆیان نەکرا و پاش هەندێک شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە ئەکشانەوە و ئەوکەوتینە دوورەتەقە و بۆمباران. هێزەکانی دووژمن بەبازنەیەکی فراوان چواردەورەی شەڕگەکانی ئەو سنورەیان گرتبوو. گەمارۆیەکی توندیان خستبووە سەر سنورەکە. ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ پێداویستییەکانمان لە کەمی دەدا. فەوجەکانی جاش ئەوانەی لە هاتنماندا هاوکارمان بوون. وا لێرەش هاوکارمانن بە تەقەمەنی و ئازوقە. ئەوان بەڕۆژ لەگەڵ سوپاکەی دووژمندابوون و بە شەویش کاروانی هاوکارییەکانیان بۆ ئێمە ڕەوانە دەکرد.

هەروەها زانیارییان لەبارەی جموجۆڵەکانی دووژمن ئەدا بەسەرکردایەتی و خەمیان ئەخواردین. بەڵام لەبەر ئەوەی هێزەکەی ئێمە زۆر و بەرەکانی شەڕ فراوان بوون. تواناکانی ئەوانیش سنورداربوون و فریاری هەموو شتێک نەدەکەوتن. ئازوقە تەنیا نان و شەکر و چاو و تەمامە و خەیاریان ئەنارد. بۆیە ئێمە ماوەیەک بە زۆری نان و چای شیرین یان تەماتە ژەمی خواردنەکانمان بوو. خواردنی گەرم زۆر کەم بوو. سەرچاوەی ئاومان کانییەک بوو لە باکووری خۆرئاوای گەرووی مەنجەڵ. لە دۆڵێکدا بوو. هەندێک دوور و لەبەر لولەی دەبابەکاندا بوو. وابزانم دەبابەیەکیان تایبەت دانابوو بۆ ئەو کانییە. لە تاریکی شەودا نەبوایە نەماندەتوانی لێی نزیک ببینەوە. شەوان یان بەیانیان پێش داهاتنی روناکی ئەچوین مەتارە و زەمزەمەکانمان ئەکردە گوێنییەوە و پڕمان ئەکرد و ئەگەڕاینەوە. دەبوو بەشی هەتا شەو بکاتەوە کە تەنیا بۆ خواردن و چالێنان بوو (تایبەت بەو کانییە لە گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە ژمارە ٨ ساڵی ٢٠٠٨ بەشێک لە بیرەوەرییەکانم بڵاوکردەوە کە ئێستا نامەوێت بچمەوە سەری) دەم و چاوشتن بە ڕێکەوت بوو سابونمان هەر نەبوو. هیچ دارێکی لێنەبوو بەبەتانی سێبەرمان دروستکردبوو ئەوە شوێنی پشوومان بوو. ئێوارەیەک دوو هاوڕێ کە نۆرەی ئاوهێنانیان بوو مەتارە و زەمزەمەکانیان کۆئەکردەوە بچن بۆ ئاو. منیش بەدوای زەمزەمەیەکدا ئەگەڕام هەندێک ئاوی تیابێ و کەمێک ئاو بکەم بە دەم و چاومدا. بینیم زەمزەمەیەک لە پەنایەکدا دانراوە. دەستمدایە نیوە بوو

هەر خێرا سەرەکەیم کردەوە و دەستم پێشت و ویستم مشتێ ئاو بکەم بە دەم و چاومدا بۆنی ئارەق بڵاوبۆوە. منیش بەسەرسوڕمانەوە گوتم ئەرێ ئەو بۆنە چییە..؟.

لەپڕ هاورێ سۆرانم لێپەیدا بوو هاواری کرد ماڵت بەقوڕگیرێ ئەوە چیت کرد ئاخر بۆ دەستت دایە ئەو زەمزەمەیە دەست نەسرەوت. بە ڕووگیرییەوە گوتم ئێ ئاخر من چۆن بزانم لەم شاخە ئەم زەمزەمەیە ئارەقی تیایە لە جیاتی ئاو. ئارەقەکەت هاورێ سۆران ئاشکرا بوو.

هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین.

نزیکترین گوند و ئاوایی گوندی گولان بوو لێمان. لەسەر ڕێگەی هاتن و ڕۆیشتنمان بوو. خەڵکەکەی هاوکار و هاوسۆزی شۆڕش و پێشمەرگە بوون. هەمیشە بەدەنگمانەوە بوون. پاش ماوەیەک ئاشنایەتیمان لەگەڵ پەیداکردن و بۆ پێداویستییەکان هاتووچۆمان ئەکردن. کاتێک بۆ پشوودان لەسەر شاخ ئاهاتینەخوارەوە. ئەچوینە هەر ماڵێک ئەبوو بە خانەخوێ و خزمەتی زۆریان ئەکردین. نزیکەی دوو ساڵ دەبو کەسمان هەواڵمان لە کەسوکارمان نەبوو. لەوێ وردە وردە بەڕێککەوتن لەگەڵ ماڵی خانەخوێ کەسێک ئەچوو بەدوای ماڵی کەسوکاری پێشمەرگەدا و بە نهێنی ئەیانهێنان و لێرە بە یەک شاد ئەبوین. من و هاوڕێیەکم کە ئێستا نازانم کێ بوو بوینە میوانی ماڵێک. پیاوی ماڵ جلێکی کوردی ڕێکوپێک و جامانەیەکی جوانی لەسەردابوو. باسەکانمان کردەوە و بە خۆشحاڵییەوە گوتی ئای بەسەرچاو بێ خەمبن. حەمە ئەنێرم کەسوکارتان بهێنێ بۆ ئێرە. پاش دوودڵی و ترس و ڕاڕاییەکی زۆر بڕیارماندا ناونیشان بدەینە کاکە حەمە و بچێ بۆ ماڵمان. من لەگەڵ ماڵی خۆمان نهێنییەکم هەبوو کە ئەویش یەک دێڕ نوسین بوو. ئەگەر ئەو دێڕەیان ببینیایە دەیانزانی ئەو کەسە جێگای متمانەیە. لەگەڵ ناونیشان ئەو دێڕەشم دایە و کاکە حەمە ڕۆیشت. بەڵام زۆر لە ترس و دڵەڕاوکێدا بووم تووشی شتێکی خراپ نەبم کە لەم سەردەمی ئەنفالەدا ڕژێم وەک هار بەدوای ماڵ و کەسوکاری پێشمەرگەدا ئەگەڕا. چاریش نەبوو ئەمە دوا دەرفەت بوو. ڕەنگە ئیتر دەرفەتێکی تر ڕێنەکەوێتەوە. هەر واش بوو دوای ئەوە تا ڕاپەڕین کەس هەواڵی لە کەسوکاری نەما. هەر ئەو ڕۆژە کە ئێمە چاوەڕوانیمان دەستپێکرد. کۆمەڵێک لە دایک و باوک و خوشک و برای پێشمەرگەمان بینی کە ئەهاتن

بـۆ گونـد و باوەشـیان ئەکـرد بـە کـوڕ و براکانیانـدا و بەحەسـرەتەوە یەکتریـان مـاچ ئەکـرد. ئـەم گونـدە جگـە لـەوەی بووە جێگـەی حەوانـەوە و پشـوودانی ڕێگـەی دوورمـان. بـووە جێگـەی بەیـەک گەیشـتن و بینینـەوەی پێشـمەرگە و کەسـوکاریان. لـە زۆر شـوێن گوێمـان لـە دەنگـی گریـان و پێکەنیـن و خۆشـحاڵی ئەبـوو. پێشـمەرگە بـە حەسـرەتەوە هەواڵـی کەسـوکار و خۆشەویسـتانیان ئەپرسـی. ئـەو کاتـە هەواڵـی گرتـن و ئیعـدام و ڕووخانـی ماڵـە پێشـمەرگە یـان خۆشـاردنەوە و ئـەم مـاڵ و ئـەو ماڵکردنـی کەسـوکاریان لەدەسـت ڕژێـم هەبـوو. بـەڵام لـەو کاتـەدا بینینـی یـەک کـەس لـە خێـزان خۆشـحاڵییەکی گـەورە بـوو. ئاهێکـی بـاش بـوو کـە بـە دڵـی هەمـوو پێشـمەرگەدا ئەهاتـەوە. بەیانـی لەگـەڵ هاوڕێکـەم لـەو شـوێنەی ئۆتۆمبێلەکانـی لێدەوەسـتا لـە چاوەڕوانیـدا ڕاوەسـتابوین. دوو سـاڵ زیاتـرە نـە کەسـمان بینیـوە نـە هەواڵمـان لەکـەس هەیـە. دوای نیـوەڕۆ جێبێـک کـە لـە شـارەوە هاتبـوو لـە نزیکمـان وەسـتا. هەمـوو هەسـت و سـەرنجمان چـووە سـەر جێبەکـە پـاش کەمێک کاکـە حەمـە دابـەزی بـەدوای ئەودا دایکـی هەردووکمـان دابەزین. بەکری براشـم دەرکـەوت. ئـەو برایـەم دوو سـاڵ لەخـۆم منداڵتـرە. لـەو کاتـەدا ئـەو خوێنـدکار بـوو. ئێمـە بەخێرایـی جوڵایـن ئـەو دوو دایکـەش کـە چاویـان پێمـان کـەوت هەرچییەکیـان بەدەسـتەوە بـوو دایـان بەزەویـدا. بەحەسـرەتەوە باوەشـیان پیاکردیـن. باوەشـێک دوو سـاڵ زیاتـر بـوو چاوەڕێمـان بـوو. نەمئەزانـی دایکـم پێئەکەنـی یـان ئەگـری. بـەڵام بەدڵـی خـۆی ماچـی کـردم. بەکـری براشـم لەبـاوەش گـرت ئـەوم سـێ سـاڵ زیاتـر بـوو نەدیبـوو زۆر خۆشـحاڵ بـووم. بـەرەو ماڵـی کاک خـدر ڕۆیشـتین کـە پێشـتر چوبوینـە ماڵەکـەی و یەکترمـان ناسـیبوو. لەبـەر قەرەباڵغـی نەچوینـەوە

ماڵەکەی دوێنێ. کاک بەکر و خێزانەکەی زۆر بەڕێز بوون. زۆر بەسۆز و میهرەبان بوون. وەک دایک و باوک خەمیان لێئەخواردین. ئەو شەوە لەم ماڵەماینەوە. تا درەنگانی شەو قسەمان ئەکرد و هەواڵی ئەندامانی خێزان و کەسوکارم پرسی. باوکم کە ئەویش سەربازی هەڵاتوو بوو. ئەیانگوت کۆڵانە و کۆڵان هاتووچۆ ئەکات و بە نهێنی کرێکاری ئەکات. هیچ شەوێک لەخۆمان دڵنیانین هەر جارێک لەدەرگا بدرێ هەموو دڵمان دائەچڵەکێ وائەزانین بەعسییەکان هاتوونەتە سەرمان چەند جارێک ڕایانکردووە و لە ماڵە خزمان خۆیان شاردۆتەوە. دابینکردنی بژێوی ژیانیان ئەو ڕۆژ ڕۆژ کرێکارییەیە کە باوکم بە فیراری ئەیکات. ئەوەش ژیانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بوو. ئەگەر جاشایەتی و پیاوخراپیت بۆ دووژمن نەکردایە.

کە شەو داهات جێگایان بەڕیزەوە بۆداخستین دوای ساڵانێکی دابڕان وا جارێکی تر لە نزیک دایکم و بەکری برام ئەخەوم. هەستم بە ئاسودەیی کرد و تێر لە ئەستێرەکانم ڕوانی. بەیانی کاتژمێر ١٠ بەهەمان جێب ئەوان گەڕانەوە و جارێکی تر جیابوینەوە. ئیتر تا ڕابەڕین لێیان بێ ئاگامامەوە. پاش کەمێک من و هاوڕێکەم بەرەو ماڵ بەڕێکەوتین و گەڕاینەوە بۆ شوێنی پشووەکەمان لەسەر حەوز و ئاوەکە.

لەم ماوەیەدا لە کۆبوونەوە و هەڵپەڕینی شەوانمان لای حەوز و ئاوەکە هەستم بە شتێکی تازە ئەکرد. هەڵپەڕینەکە گەرمتر و ڕیزەکان درێژتر و زیاتربوون. سەرنجی هاوڕێ سۆرانم دا جیاواز بوو لە شەوان سەرم لێی دەرنەئەکرد بۆ ئاوا بە گەرمی هەڵئەپەڕی. هەتا هاتە نزیکم و پیاڵەیەکی بۆڕاگرتم ئاوێکی سپی تیابوو. بەسەرسوڕمانەوە گوتم ئەوە چییە. هاوڕێ سۆران گوتی خێرا هەڵیدە ئارەقە حەیاتەکەیە. گوتم لە کوێت بوو دیسان گوتی تۆ هەڵیدە هەقت نەبێ هەر خێرا لێم وەرگرت و هەڵم قوڕاند. پاش کەمێک چوومە ڕیزی هەڵپەڕینەکەوە و لێی گەرم بووم. ئەوەندەی پێنەچوو هاتەوە نزیکم و گوتی ئەم پیاڵەیەشت بەرئەکەوێ بەیەکسانی بەشم کردووە. لێم وەرگرت فریانەکەوتم بیخۆمەوە لێم کەوت. نیوەی ڕژا زۆرم پێناخۆش بوو ئاخر شتیوا ڕێکەوت بوو. ئەو شەوە تا درەنگانێکی شەو زرمەمان هات لە هەموو شەوێک زیاتر هەڵپەڕین. بۆ بەیانی گەڕاینەوە سەر شاخ و سەنگەرەکانمان وەرگرتەوە. ئەمجارە جموجۆڵەکانی دووژمن زیاتر بوون. هەوڵەکانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی

شاخەکان چڕتببۆوە. شەوێک لە قۆڵی لای ئێمە تەواو نزیک ببوونەوە. هەموومان ئامادە و دەست لەسەر پەلەپیتکەبوین بە چرپە قسەمان دەکرد. لە ئان و ساتی دەستپێکردنی شەڕ بوین. فەرمانەدەی دەستە کاک هەژار گۆملەیی هاتەلام و گوتی. (بی کەی سی)یەکەم بدەرێ و تۆ بە تفەنگەکەی من شەڕ بکە. ئەو وایدانابوو شەڕەکە قورسە و خۆی شارەزایی زیاتری لێی هەیە. واشبوو ئەو لە منم کۆنتر و بە ئەزموونتر بوو. بەڵام من عەدەد (بی کەی سی) کەرتەکەم تەواو خۆم ئامادە و سەغڵەت کردبوو. قسەیەکی ناخۆش بوو تەواو نیگەران بووم. بەڵام فەرمانەکەیم جێبەجێ کرد. چوومە لای هاوڕێ سۆران گوتم. ئەوە چییە هاوڕێ سۆران بۆ من چیمە کاک هەژار ئاوا ئەکات؟. ئەو سەرێکی بادا و پێی ناخۆش بوو. بەڵام قەناعەتی پێکردم ئەمجارە قسە نەکەم. لەو شەوەوە لێک حاڵی نەبویین و ململانێ لە بەینی من و کاک هەژاردا دروستبوو. زۆر نەئەچوومە ژێر باری قسەکانی. (بی کەی سی) یەکەم نەئەدایە. بەڵام هەر هاوڕێ بوین و قسەی ناخۆش و بێ ڕێزی دروستنەبوو لە بەینماندا. لە ناخی خۆمدا منیش خۆم بە کەمتر نەئەزانی لە ئەو. ئەمویست ببم بە فەرمانەدەی دەستە و ڕۆڵی خۆم لە کەرتەکەدا ببینم. بەڵام لەم کاتەدا ئەم کەرتە تەنیا جێگەی یەک فەرماندە دەستەی تیابوو.

هاوڕێ سۆرانیش سەربەرشتیاری کەرتەکە

بوو. بەڵام هەستم ئەکرد هاوڕێ سۆران هەم پشتیوانم بوو هەم لە کاتە سەختەکاندا پشتی پێئەبەستم.
هەتا لەسەر شاخ و سەنگەرەکاندا بووین هەموو بیرکردنەوە و قسەکردنمان تەنیا هاتن و دەرکەوتنی دووژمن و تەقەکردن و قایمکردنی سەنگەرەکان و چۆنیەتی شەڕکردن بوو. کاتێکیش بۆ پشوودان ئەچووینەوە لای حەوز و ئاوەکە ئەمانەمان هەمووی لەبیرئەکرد. تەنیا بەزمی شیلان و شەریفی قورئانی و هەڵپەڕین بەچواردەورەی ئاگرەکەدا و نوکتە و پێکەنین بوو. ئیتر ئاگامان لە هیچ گۆڕانکاریی و پێشهاتێکی سیاسی و سەربازی نەبوو. وامان دانابوو ئەوە ئیشی ئێمە نییە. ئیشی سەرکردایەتی و جەنابی مام جەلالە بیر لەو شتانە بکەنەوە و ئێمە تەنیا بڕیارەکانی ئەوان جێبەجێ دەکەین. لەم کاتەدا دەنگۆی گفتووگۆ و مفاوەزات بڵاوبووەوە. گوایە ڕژێم ئەیەوێت شەڕ ڕابگرێ و بە گفتووگۆ کێشەکان چارەسەربکات. لە هەمان کاتدا بە نهێنی هێزی زیاتری لە بازنەی گەمارۆکەدا کۆئەکردەوە و جێگیری ئەکرد. شەڕیش هەر بەردەوام بوو. ڕژێم ئەیویست بە دەنگۆی گفتووگۆ هێزەکانی پێشمەرگە بخاتە چاوەڕوانی و ساردییان بکاتەوە. پاشان لەهەرچوارلاوە هێرشی فراوان بکات و زەبری گەورە لە هێزی پێشمەرگە بدات. سەرکردایەتی شۆڕش کە لەو کاتەدا زۆربەیان لەوێ بوون. لەناوییان ببات. یان دەستگیرییان بکات. بەڵام ئەم نیازەی دووژمن هەر زوو ئاشکرا بوو. سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری پاشەکشەی سەرتاسەری لە ناوچەکەدا. بە کتوپڕی لە ماوەیەکی کەمدا پێش جێبەجێکردنی پیلانەکەی دووژمن هەموو هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کرد. ئەو ڕۆژە دوای نیوەڕۆ بوو ئێمە بێئاگا لە هەموو ڕووداوەکان وەکو ڕۆژانی تر بەئامادەیی و لەناو سەنگەرەکاندا بە قەرەوڵی (بی کەی سی) و قەناسەکان بەدوای سەرباز و پلەدارەکانی دووژمندا ئەگەڕاین بیانپێکین. هاتن بەدوامانـدا و وتیان هەموو کەلوپەلەکانتان کۆبکەنەوە و وەرنەخوارەوە. پێمان سەیر بوو خۆ هێشتا چەند ڕۆژێکمان ماوە بۆ کاتی خۆمان. ئیتر فەرمانە و ئەبێ جێبەجێی بکەین. هاتینەخوارەوە و لە نزیک ڕێگای حەوز و ئاوەکە بەدەستە ڕاستدا بەرپرسێکمان ڕاوەستابوو و گوتی. لامەدەن بەرەو گوڵان بڕۆن کەس نەوەستێت. ئینجا زانیمان پاشەکشەیە. یەکڕاست ڕۆیشتین بەرەو گوڵان. لەوێ بۆ نانی

ئێوارە لە ماڵەکان دامەزراین. من لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم چوین بۆ ماڵی کاک خدر. لەوێ دایکی پێشمەرگەیەک ئەو ڕۆژە هاتبوو سەموونی زۆری هێنابوو. هەر بەخێرایی نانمان خوارد و خۆمان ئامادەکرد بۆ ڕۆیشتین. من (بی کەی سی)یەکەم و تاقمەکەی و هەندێک کەلوپەلی ترم پێبوو. بارەکەم زۆر قورس بوو. بەڵام گەنجێتیم بەلایەوە گرنگ نەبوو. کاتێک ویستم هەستەمە سەرێ بەگران هەستام. کاک خدر بەخەمخۆرییەوە هەستایە سەرێ و گوتی. بەم بارە گرانەوە چۆن دەتوانی ئەم ڕێگا دوورە ببڕی. گوتم خەمت نەبێ لە ڕێگا هاوکاریم ئەکەن. ڕێنمایی زۆری کرد و یەک عەلاگەی سەمونی بۆپێچامەوە و گوتی ئەمە بۆ ڕێگات زۆر پێویستە. گوتم نامەوێ گوتی. نابێ ئەها کە ئۆتۆمبێل بەنزینی تیانامێنێ ئەوەستێ مرۆڤیش ئاوایە کە وزەی نەما ئەوەستێ. گوتم دەباشە بە شوێنێکدا هەڵیواسە. ئیتر بەلای چەپدا لە قایشێکی قایم کرد. هەرواش بوو لە ڕێگا دوای ڕۆیشتنێکی زۆر و ماندووبونێکی زۆر فریای من و زۆرێک لە هاوڕێیان کەوت. هەریەکە لەتێکمان لێخوارد.

دوامالئاواییم لە لە کاک خدر و خێزانەکەی کرد. سەرنجی دایکی پێشمەرگەکەم دا. ئەو بە خەمێکەوە سەرنجی لەسەرمان بوو ماڵئاوایم لەویش کرد. هاتینەدەرەوە و ڕۆیشتین. کاک خدر وەک مامێکی دڵسۆز زۆر خەمی ئێمەی بوو. هەتا ڕەت بوین هەر ئەیگوت خواتان لەگەڵ بێت ئاگاتان لەخۆتان بێت.

ئیتر بەرێکەوتین و گوڵان و سەر حەوز و ئاوەکە و بەزمی شەوان و گەرووی مەنجەڵ و کاروخ و هەموو یادگارییەکانی ئەو ناوەمان بەجێهێشت. لەسەر جادە سەرەکییەکە ماڵئاواییمان لە چەکدارەکانی فەوجەکان کرد کە لەم سەریشەوە ئەم سەراوسەری جادەکەیان گرتبوو. تادیسان بەسەلامەتی لێی دەربچین.

ئازاد ئیبراهیم ئەحمەد

لەبارەی میدیای کوردییەوە
پەیامی نەتەوەیی و میدیای کوردی

پرسیارێکی جەوهەری کە ڕەنگە هەموو ڕۆژنامەنووسێک ئەو پرسیارەی لە خۆی کردبێت ئەوەیە: دوورکەوتنەوەی وەرگری کورد لە میدیای کوردی، پەیوەستە بە ئەو هۆیەوە کە میدیای کوردی لاوازە و ویستی وەرگر پڕ ناکاتەوە. یان لەم سەردەمی پێشکەوتن و زۆربوونەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیادا، ناتوانێت ململانێ و کێبڕکێی زوو گەیشتنی زانیارییەکان بکات؟

دوور و نزیک ئەو بڕوایە بە هۆکاری سەرەکی نازانم کە باس لە زۆربوونی هۆیەکانی گەیاندن و کاریگەری سۆشیال میدیا دەکات لەسەر میدیای کوردی. ئەگەر ئەم بیرکردنەوە و بڕوایە بۆ میدیای کوردی ڕاست بێت ئەوا چەندانجار بۆ میدیای ئەوروپی و ئەمریکی و جیهانیش ڕاست دەبوو. لە کاتێکدا میدیای ئەوروپی زووتر

کەوتنە پێشبڕکێ و ناکۆکییەوە لەگەڵ سۆشیال میدیا و زووتر لەلای ئەوان دەرکەوت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا میدیای ئەمریکی و ئەوروپی خاوەن بینەر و وەرگری خۆیانن و میدیای ئەوان دەتوانێت گۆڕان لە ئاراستەی بیرکردنەوە و وشیاری تاکدا دروست بکات. تەنانەت میدیای ئەمریکی زۆرجار بەناوی جیهانیشەوە قسە دەکات. لە ڕاستیدا تۆرانی وەرگر و تاکی کورد لە میدیای کوردی، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە میدیای کوردی ناتوانێت لە هەموو ڕوویەکەوە پێویستییە نەتەوەیی و نیشتمانیی و زمانەوانی و زانستی و ڕۆحی و .... هتد بۆ تاکی کورد. بۆ بینەر و وەرگری کورد پڕ بکاتەوە و ئەوەی ئەوان دەیانەوێت ئەم میدیایانە پێیاننابەخشن. بەمانایەکی دیکە، وەرگری کورد بە دوای شتێکدا دەگەڕێت و پێویستی بە شتێکە. بەڵام میدیای کوردی لە شوێنێکی دیکەیە و شتێکی دیکە بۆ بینەر و وەرگری کورد دەنێرێت کە پێویست نییە و وەرگری کورد

> «وێنەی میدیای کوردی لە بیر و هزری وەرگری کورددا ئەوەندەی وێنەیەکی تەواو لێوان لێوکراوە بە پرسی حزب و وتار و بەرگریی لە حزب، ئەوەندە وێنەیەکی نەتەوەیی تێدا نابینرێت کە وەرگری کورد شانازی پێوە بکات و پێویستی بە میدیای بیانی نەبێت.»

نایەوێت یان ڕقیشی لێی دەبێتەوە. ئەو وێنە سیاسییە پڕ کێشە و پێکدادانەی لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا خرایەسەر شاشەی ڕاگەیاندنە بینراوەکانی باشووری کوردستان، ئەوەندە وەرگری کوردی بێزار و تووڕە کرد، ئیدی میدیای کوردی کرد بە جێگەیەک بۆ پرسە حزبییەکان و بەرکەوتنی کادیر و لایەنگری حزبەکان نەک جێگەیەک بۆ پرسە نەتەوەییەکان و دارشتنی ستراتیژ و پەیامی نەتەوەیی کورد. واتە: وێنەی میدیای کوردی لە بیر و هزری وەرگری کورددا ئەوەندەی وێنەیەکی تەواو لێوان لێوکراوە بە پرسی حزب و وتار و بەرگریی لە حزب، ئەوەندە وێنەیەکی نەتەوەیی تێدا نابینرێت کە وەرگری کورد شانازی پێوە بکات و پێویستی بە میدیای بیانی نەبێت.

لەنێوان هەردوو وشەی «تێربوون» و «تۆران»ی وەرگری کورددا لە میدیا، ئێستا وەرگری کورد «تۆراو»ە لە میدیا. وەرگری کورد نەک پێویستییەکانی تێر نەبووە لە ڕێگەی میدیاوە، بەڵکو وەرگری کورد هەڵدێت لە دەست میدیای کوردی، هەڵدێت لە دەست لاوازی زمانی کوردی میدیاکان و بەرنامە و چۆنیەتی خەمی نەتەوەیی کورد لەم مۆدێلە کارکردنەدا کە ئێستا میدیای کوردی هەیەتی. میدیای کوردی شتێکی نەماوە بە ناوی بەرپرسیارێتی زانستی و ڕۆشنبیری

بــۆ وەرگــر. ئــەم میدیایانــە ئامــادەن ناکۆکــی و پێکهەڵپژانــی دوو شــاری کوردســتان بگوێزنــەوە. قســەی کەســێکی ئاســایی بکــەن بــە جێگــەی بایەخ و ئیشــی لەســەربکەن و ئامــادەن ئیــش لەســەر هەمــوو جۆرەکانــی پێکدادانــی ناوخۆیــی بکــەن و بەلاشــیانەوە ئاســاییە و بــە کەموکورتــی نەتەوەیــی نابینــن. بــەڵام هەرگیــز ئامادەنیــن ئیش لەســەر ئەوە بکــەن چــۆن شــەڕی ڕۆشــنبیرکردن و کرانــەوە و تێپەڕاندنــی ئــەم مۆدێلــەی کارکردنــی میدیــا بکــەن و بازدانێــک بەســەر مێــژووی خۆیانــدا بکــەن.

لــە ڕاســتییەک گومانــم نیــە کــە وەرگــری کــورد. وەک هــەر وەرگرێکــی دیکــەی جیهانــی خەونی ئــەوەی هەیە کــە کوردیــش میدیــای نیشــتمانیی و نەتەوەیــی تایبــەت بەخــۆی هەبوایــە و شــەڕی هەمــوو دەســتکەوت و مافەکانــی خۆیــی پــێ بکردایــە. بــەڵام کاتێــک ئــەو خەونــەی بــۆ نایەتــەدی لەنــاو میدیــای کوردیــدا و لــە بــری میدیایەکــی نەتەوەیــی و نیشــتمانیی. میدیایەکــی دوور لــە هــەر ئەجێنــدا و سیاســەتێکی کوردیانــە دەبینێــت. ئــەوا جگــە لــە تــۆران و هەڵهاتــن لــە دەســت ئــەو میدیایــە. هیچــی دیکــەی لــە دەســت نایــەت. لــە بارێکــی دیکــەدا هەڵهاتنــی وەرگــری کــورد لــە میدیــای کــوردی بــە مانــای ئــەوە نییــە ئــەم وەرگــرە تــەواوی بوونێــک بەنــاوی نەتــەوەی کــورد ڕەت دەکاتــەوە. بــە پێچەوانــەوە کاتێــک وەرگــر خەونێتــی. یــان داوای میدیایــەک دەکات بچێتــە خزمــەت دۆزی ڕەوای کــوردەوە. مانــای وایــە تاکــی کــورد هێشــتا دڵســۆز و خەمخــۆری پرســە نەتەوەیــی و نیشــتمانییەکەیەتی و شــەڕی شــکۆ و ناســنامەی کوردییانــەی خۆی دەکات. ئــەوەی لێــرەدا ناومــان لــێ نــاوە هەڵهاتــن لــە میدیــای کــوردی. شــتێکی ســەرپێیی و کاتــی نییــە. بەڵکــو تۆرانێکــی گــەورەی وەرگــری کــوردە کــە پەیوەســتە بــە پرۆســەیەکی هەســتیار و پیــرۆزی وەک نەتــەوە و نیشــتمان لەلایــەک و پەیوەســتە بــە چەنــدان بابەتــی دیکــەی وەک ئیتیــک و لاوازی کارکــردن و بــە حزبیبــوون و بــە کەســیبوونی میدیــای کــوردی لەلایەکــی دیکــەوە. ئــەم میدیــا کوردییانــە چەنــد

بابەتێکـــی پێکەنینـــاوی و چەنـــد درامایەکـــی ناکـــوردی وەرگێـــڕدراو و چەنـــد هەواڵێکـــی سیاســـی و وەرزشـــی ناوخۆییـــان لێوەرگـــرەوە. ئیـــدی شـــتێکیان نییـــە بـــۆ وتـــن و کار لەســـەرکردن. بۆیـــە تاکـــو ئـــەم شـــێوازی کارکردنـــە بـــەردەوام بێـــت ئـــەوا زیاتـــر وەرگـــری کـــورد پشـــت دەکاتـــە میدیـــای کـــوردی. تۆرانـــی وەرگـــر لەگـــەڵ میدیـــای کـــوردی بـــەو ئاســـتە گەشـــتووە هەرکاتێـــک لـــە میدیایەکـــی ناکوردییـــەوە شـــتێک لەســـەر کـــورد دەوترێـــت. وەرگـــری کورد بـــە گرنـــگ و پـــڕ بایـــەخ دەیبینێـــت و بەلایـــەوە ســـەیر و نامۆیـــە.

هەڵهاتنـــی وەرگـــری کـــورد لـــە میدیـــای کـــوردی. لـــە ســـادەترین مانایـــدا واتـــە وەرگـــری کـــورد ئـــەو شـــێوازە کارکردنەی ناوێـــت کـــە میدیـــای کـــوردی ئەمـــڕۆ کاری پێـــدەکات. بـــە هیـــچ پێوەرێکـــی میدیایـــی و زانســـتی و تەنانـــەت نەتەوەییـــش ئـــەم میدیـــا کوردییانـــە کار و وەشـــانی خۆیـــان نەخســـتۆتە خزمەتـــی کـــوردەوە. وەرگـــری کـــورد ئێســـتا ئەوەنـــدە وشـــیار و بـــە ئاگایـــە کـــە کاتێـــک بـــەراوردی میدیـــای کـــوردی بـــە میدیـــای هـــەر نەتەوەیەکـــی دیکـــە دەکـــات. بـــۆی دەردەکـــەوێـــت کـــە میدیـــای کـــوردی چەنـــدە لـــە پاشـــە و چەنـــدە بێدەربەســـت و بێهەڵوێســـتە لـــە هـــەر هێـــرش و زیانێـــک کـــە بـــەر کـــورد و پیرۆزییەکانـــی دەکـــەوێـــت. ئـــەو وەرگـــرەی میدیـــای کـــوردی ڕەت دەکاتـــەوە هەڵنەهاتـــووە لـــە خـــودی نەتـــەوە و نیشـــتمان و هەمـــوو ئـــەو بەهایانـــەی کـــە موڵکـــی نەتەوەکەیەتـــی. بەڵکـــو بـــە پێچەوانـــەوە ڕەخنـــەی وەرگـــری کـــورد لـــە شـــێوازی کارکردنـــی میدیـــای کـــوردی واتـــە بوونـــی ویســـتێکی گـــەورە بـــۆ نزیکـــی لـــە نەتـــەوە و جۆشـــدانەوەی ڕۆحـــی نەتـــەوە و پیرۆزکردنـــی بەهاکانـــی نەتـــەوە لـــە ڕێگـــەی میدیـــاوە و پیشـــاندانی بـــە دەرەوەی ئـــەم بوونـــە کوردییـــە. ئـــەم وەرگـــرە نایەوێـــت پرســـی کـــورد تەنهـــا بـــە گوێـــی کـــورددا بدرێـــت و لـــە جوگرافیایەکـــی بچوکـــی وەک کوردســـتاندا بوونـــی هەبێـــت. بەڵکـــو پێویســـتە ببرێتـــە دەرەوە و ڕووبـــەری کارکردنـــی میدیـــا گـــەورەتـــر و فراوانتـــر بکرێـــت.

تـــوڕەیـــی وەرگـــری کـــورد ئـــەوە

دەرئەنجامەکەیەتی کە. بە هەموو جۆرێک ئەم میدیا کوردییەی بایکۆت کردووە. بەلای ئەم وەرگرەوە بە هەفتە و مانگ لە میدیای کوردی نەڕوانێت و تیڤییەکەی نەکات بەسەر هیچ کەناڵێکی کوردی. شتێکی گەورە لە دنیای ئەودا ناگۆڕێت و بە زیان بۆسەر هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی و خەرمانی زانیاری و ڕۆشنبیری ئەو ناشکێتەوە. بەمانایەکی دیکە ئێستا میدیای کوردی چەندە بێباکە لە وەرگری کورد و تاکی کورد. بە هەمان شێوە وەرگری کوردیش بە هەمان بڕی دووری نێوانیان و بگرە زیاتریش. تووڕەیە لە میدیای کوردی. مایەی نیگەرانی و هەڵوێستی جدییە ئەم میدیا کوردییانە کارێکی ئەوتۆیان لەگەڵ بینەر و بیسەر و خوێنەری کورد کردووە. لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ئەوەندەی دوورکەوتوونەتەوە لە یەکدی. هێندە هەردوولایان نزیک و کۆک نەبوون لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد

وودی ئالن

مادام ئازاری کەس نادەم ئیدی لام گرنگ نییە خۆشتان دەوێم
یان نا من نەهاتوومەتە سەر ئەم زەوییە بۆ ڕازیکردنی هەمووتان

سوقرات

کە لە ژیان گەیشتیتە لوتکە، ئینجا دەوروبەرەکەت ئەزانن کێ بووی
بەڵام کاتێك کە ئەکەوی، ئەو کات تۆ ئەزانی دەوروبەرەکەت
چ کەسانێك بوون

ئەلبێرت کامۆ

بۆ کەسێك کە لە ژیاندا، تامی بەدبەختی زۆر کردووە
مردن بۆ ئەو ڕووداوێکی، کتوپڕ نییە لە ژیاندا..

وتەی بەنرخ

ئەو دەستەی لەکاتی کەوتندا بەرزت ئەکاتەوە
زۆر لەو دەستانە باشترە کە دوای هەستانەوە تەوقەت لەگەڵ ئەکەن

مەحوی

لە دەستی «دۆستی» دوو ڕوو
عەجەب دڵم تەنگە.
فیدای ئەو «دوژمنە»بم
کە یەک ڕەنگە

پیرەمێرد

ناڕازی نەبیت قەت بەم ژیانە
خۆشی و ناخۆشی بەشی یەزدانە
ئاخ هەڵمەکێشە بۆ خۆت بەرزتر
بڕوانە خەڵکی بێ خانە و لانە

پۆلێك له پێشمەرگەکانی
یەکێتی نیستیمانی کوردستان
لەسەر گۆڕی پێشمەرگەیەکی هاوڕێیان

ڕێبەر